# کینە و پیلانگێڕیی

# لە سیاسەتدا



نەوشیروان مستەفا وەک نموونە

# کینه و پیلانگێڕیی
# له سیاسه‌تدا

نه‌وشیروان مسته‌فا وه‌ک نموونه

# پێشەکی

ئەم نامیلکەی بەردەستتان بریتیە لە کاکڵەی تیروانینی نەوشیروان مستەفا لەسەر بەڕیز جەلال تاڵەبانی. بۆیە بە پێویستمانزانی لە کاتی خوێندنەوەیدا تەوەرە سەرەکییەکانی روانگای نەوشیروان مستەفاتان لەپێش چاو بێت کە وەک خۆی دەڵێت چل ساڵ هاوڕێ و هاوخەباتی مام جەلال بووە کەچی زۆر بە ئاسانی ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستێت و پەلاماری کەساتی دەدات، هەروەک چۆن بە ئاسانی پەلاماری هەر کەسێکی تری جیا لە خۆی دەدات.
ئەوەی سەرنجراکێشە، نەوشیروان مستەفا لەم وەلامەیدا لاوازی و دامانێکی ئاشکرای پێوە دیارە، لە بەرامبەر مام جەلال کە لە پلۆنۆمی حزبەکەی خۆیدا، هەوڵیداوە کێشە سەرەکییەکانی نەوشیروان باس بکات، بەلام نەوشیروان نەیتوانیوە هیچکام لە تۆمەتەکانی مام جەلال ساغ بکاتەوە و بە بەلگە خۆی بێتاوان بکات.
مام جەلال کێشە سیاسی و عەسکەرییە سەرەکییەکانی مێژووی یەکێتی نیشتمانی دەداتە پاڵ کاری تاکرەوی و توندرەویی نەوشیروان مستەفا و دەیکاتە هۆکاری ئەو نشستانەی تووشی حزبەکەی بوون، لەوە زیاتریش تووشی هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوون. لەوانە کردەوەی تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسی و نیشتمانییەکانی کورد لە ساڵی ١٩٨١. ئەوکاتەی نەوشیروان مستەفا فەرمان بە هەندێک لە رێکخستنەکانی دەدات تا ئەو کەسایەتییانەی ئەو پێیاندەناسینی بکوژرێن.
ئەو هاونیشتمانیانەی بوونە قوربانی لە لایەنگرانی هەموو حزبەکان و خودی یەکێتیشی تێدا بوون. ئەو کارەساتە بەشێکە لە مێژووی پڕ لە گرفتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. وەک دیارە نەوشیروان بە رستەیەکی مەنتقیش نەیتوانیوە خۆی لەو تاوانانە بێبەری بکات. تەنیا بە لاتاودان لە شەخسی مام جەلال، بەسەر رووداوەکەدا تێدەپەڕێ.
لە کارەساتی بۆردمانی هەڵەبجەدا، لەو شوێنەی مام جەلال ئۆباڵی پاساودان بە بەعس دەخاتە ملی پەیوەندی ژێر بە ژێری نەوشیروان مستەفا لەگەڵ ئێران، لە وەلامی ئەو رووداوە پڕ کارەساتەدا، نەوشیروان مستەفا وەلامی ئەوەیە: چونکە رێککەوتن لەگەڵ ئێران هەبووە، ئیدی بۆ دەبێ لە نەخشەی هێرشکردن بۆ سەر هەڵەبجە بە هاوکاری ئێران مام جەلال و مەکتەبی سیاسی لێ ئاگادار بکات! لە راستیدا نەیتوانیوە تاکرەوی و وابەستەیی خۆی بە ئێران بشارێتەوە. ئەوە فایلێکە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بە کراوەیی دەمێنێتەوە.
لە بەرامبەر ئەو بیرۆکە ترسناکەی دەیەوێ کەرکوک لە کوردستان دابڕێ و بیکاتە یەک هەرێم، مام جەلال بە ئاشکرا نەوشیروان مستەفا تۆمەتبار دەکات. ئەوەی سەیرە وەلامی نەوشیروان ئەوەیە کە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بکەین بە هەرێم تا هاوشانی کەرکوک بن. با واز لە بێمەنتقی قسەکانی نەوشیروان بێنین بەلام پیلانی دابەشکردنی کوردستان بۆ چەند پارچەیەک، لەم نووسینەی ناوبراودا

نەشاردراوەتەوە. ئەوەی کە ئێستاش بەرامبەر چارەنووسی سلێمانی، جار جار دەبڵێتەوە.

پێکهاتەی پڕ لە رق و کینەی کەسایەتی نەوشیروان لە کاردانەوەی بەرامبەر تۆمەتە مێژووییەکانی مام جەلال دەردەکەوێت. وەک مام جەلال دەڵێ ئەو کەسە هیچ کاتێک هەنگاوی خۆی لە توندوتیژیی جیانەکردۆتەوە، بۆیە بە مەلا کرێکاری دەشوبهێنێت. نەوشیروان مستەفا بەرامبەر بە مام جەلال کە هاوڕێی تەمەن و هاوخەبات و مامۆستای خۆیەتی، بە دەستەواژەی توند و ناتۆرەی سوک دێتە مەیدان، لە بابەتی ناڕاستگۆ،زاکیرە لاواز، خۆدزەرەرە، گەندەڵ و خەلەفان.

وەک دیارە دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆران، ئەو شێوازە توندەی نەوشیروان مستەفا گوازرایەوە ناو ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بە جۆرێک فەزای کۆمەڵایەتی ئالودە کردووە کە بووەتە مایەی بێ متمانیی و توند ڕەفتارکردنی هاولاتییان بەرامبەر بە یەکدی. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای قسەکانی خۆیدا نەوشیروان مستەفا دەڵێ هیچ کاتێک تۆمەتی خائینم نەداوەتە پاڵ هیچ کەسێک. کاتێک بەراوردی ئەو قسە ناکۆکانەی لە یەک نووسیندا دەکری، شەخسییەتی ئاڵۆز و توند و ناهەمسەنگی ناوبراو زۆر ڕوون خۆی دەنوێنێ.

لەلای نەوشیروان مستەفا، هاو خەباتی، تێکۆشان، ماف، ڕاستگۆیی نرخێکی بۆ داناندرێت و لە هەر جیاوازییەکدا ئامادەی پەلاماردانە جا جەستەیی بێت وەک تیرۆرەکانی ١٩٨١ و کوشتاری شیوعیەکان لە ١٩٨٢، یان داشۆرین بێت وەک ئەوەی بەرامبەر بە مام جەلال کردی یان شێواندنی ڕای گشتی بێت کە لە ڕاگەیاندنەوە پەیرەوی دەکات. پێویستە ئەم ڕاستییانە لە کارنامەی سیاسەتمەدارێکی توندڕۆ و دەسترەش لەبەرچاو بگرین تا بزانین بۆچی باری سیاسی ناو پارێزگای سلێمانی و خودی یەکێتی نیشتمانی و گۆران هێندە ئاڵۆز و بێبنەمایە.

# لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین

نەوشیروان مستەفا

لە رۆژانی ۲۹-۳۱/۱۰/۲۰۰۹ دا یەکێتیی نیشتمانی لە هۆڵی تەلاری هونەری شاری سلێمانی بە ئامادەبونی ۱٦۰۰ کەس چوارەمین پلینۆمی بەست. هەندێ کەس، چاوەڕێی ئەوە بون لەم پلینۆمەدا پلانی چاککردنەوەی پەیوەندی حیزبەکەیان لە گەڵ خەلک دابنێن، بەلام دەرکەوت پلینۆمەکە بۆ مەبەستێکی تر ڕێک خرا بو.

پێشتر قسەکانی «فەخامەتی سەرۆکی کۆماری عیراق و بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» تالەبانی، کە لە پلینۆم دا دژی من و هاوڕێکانم لە بزوتنەوەی گۆڕان دا کردبوی، بەشێوەی جیاواز بە من گەیشتبو. هەندێک لەو قسانە لە رۆژنامەکاندا بلاوبونەوە و بەر گوێی زۆر کەس کەوت. بەلام تا ئەوکاتەی قسەکان بەشێوەیەکی فەرمی بلاونەکرانەوە، منیش وەک شتێکی نەبو حسابم بۆ کردن و بە تورەبون و هەلچونێکی کاتیم لە قەلەم دان کە پێویست نەکات وەلام بدرێنەوە. بەلام ئێستا کە کۆی ئەو قسانە لە هەمو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتیدا بلاوکرانەوە ناچارم و بە پێویستی ئەزانم وەلامی زۆری ئەو تومەتانە بدەمەوە کە تالەبانی بۆ خودی خۆم و هاوڕێکانم لە بزوتنەوەی گۆڕان ریزی کردوە.

لێرەدا بە ڕاشکاوی ئەلێم: پێم ناخۆشە ئاستی پەیوەندی من لەگەل تالەبانیدا گەیشتوتە ئەم ئاستەی وتوێژ کە هەر هەموی تومەتبارکردن و «تەخوین» ە. پێم ناخۆشە پاش ٤۰ سال لە تەمەنی هاوڕێیەتی و هاوخەباتی، تەنها لەبەرئەوەی چیتر لە ژێر چەتری یەک ڕێکخراودا پێکەوە کار ناکەین، بە «زمانی تەخوین» قسە لەگەل یەک بکەین. من نە تالەبانی و نە هیچ سەرکردە و نە هیچ سیاسیەکی کوردم بە خائین و دژی کوردستان و بە «کلکگریدان لەگەل جاش و بەعسیەکاندا» تاوانبار نەکردوە وەک ئێستا تالەبانی من و هاوڕێکانمی پێ تاوانبار ئەکات. ئەوەی ئێمە هەمانە ئەوەیە سیاسەتی تالەبانیمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب و بۆ بەڕێوەبردنی ولات پێ ڕاست نەبوە و پێ دروست نیە. بڕوامان وایە ئەم سیاسەتە نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئەو دروشمە سەرەکیانەی هەزاران رۆلەی کورد خۆیان لەپێناویدا کردە قوربانی کە ئەویش: «دروستبونی ولاتێکی دیموکرات و دادپەروەر و ئازاد کە کەرامەتی هەمو هاولاتیانی تیا پارێزراو بێت.»

ئێمە سیاسەتی تالەبانیمان پێ ڕاست نیە و چەوتە. بەلام نە بە خائین و نە بە دوژمنی خۆمان و نە بە بەکرێگیراو و نە بە دەستی دەرەکی ئەزانین. کەچی ئەو تەنها لەبەرئەوەی چەند کورسیەکی پەرلەمانی بە ئێمە دۆڕاندوە، پێ لە ٤۰ سال هاوخەباتی و هاوسەنگەری ئەنێت و وەک دوژمن و ناحەزی کوردستان وەسفمان ئەکات. چونکە ئەو قسانەی تالەبانی لە پلینۆم دا لەسەر بزوتنەوەی گۆڕان و خودی خۆم کردویەتی سنورەکانی رەخنەی سیاسی بەزاندوە و سەرئەکێشێ بۆ تومەتبارکردنێکی سەرتاسەری کە ئەگەر تەنها یەکێکیشیان ڕاست بێ، هەلسوڕاوانی

بزوتنەوەکە و لایەنگرانی پەلکێشی دادگا ئەکات و رەنگە روبەڕوی حوکمی لە سێدارەدانیشیان بکاتەوە. لەبەرئەوەش کە تاڵەبانی کەسێکی ئاسایی نیە و ناکرێت قسەکانی بێ وەڵامدانەوە برۆن، ناچارم لێرەدا وەڵامی هێڵە گشتیەکانی ئەو تۆمەتانە بدەمەوە کە لە راپۆرتەکەی پلینۆم دا بۆ خۆم و هاوڕێکانمی هۆنیوەتەوە.
ئەگەرچی تاڵەبانی لە راپورتەکەی دا رووداوەکانی زیاتر لە ٣٠ ساڵی بە تێکەڵوپێکەڵی گێڕاوەتەوە کە وەڵامدانەوەی لێدوانی زۆر زیاتری هەڵئەگرت، بەڵام بۆ ئەوەی لەمە درێژتر نەبێ هەڵم گرت بۆ کاتی خۆی.

## ئەشی کوژێ و بۆیشی ئەگری

تاڵەبانی لەراپورتەکەی دا ئەڵێ:
«لەناو خۆشماندا، بێ ئاگاداری سکرتێری گشتی و نیوەی (م.س)و ناوەندی کومەڵەش، بڕیاری کوشتنی خەڵکی لەشارو لەلادێ دەردەکرد. ئەمەش بوو بەهۆیەکی گەورەی ناکۆکی ئێمەمانان لەگەڵ هێڵی نەوشیروان لەساڵی (١٩٨١)ەوەلەناو کومەڵەدا. تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی هەرەشەمان کرد بەبەجێهێشتنی ولات ئەگەر کوشتار لەشارو لەلادێ رانەوەستێت، هەرچەندە، سەرەتا ئەنجامدانی ئەو تاوانانەو گەلێ بڕیاری ترمان لێ دەشاردرایەوە، بەڵام سەرەنجام، دوای ماوەیەکی کەم، لەرێگەی بەرپرسانی گەورەی ناو شارەوە، راستیەکانمان هەموو زانی و چیکەفروفێل دادی نەدەدا. ئەم راستیانەش وای لێکردین بتوانین دوا سنوور بۆ پاکتاوی جەستەیی نارەوا دابنێین! ئەمە یەکەمین ناکۆکی و دووبەرەکی ناراستەوخۆی گرنگی نێومان بوو، لەگەڵ پەیرەوانی توندوتیژی.»

### لە سەرەتاوە ئەڵێم: من وەکو هەندێ کەس نامەوێ پاکانەی درۆ بکەم!

لەساڵی ١٩٧٥ەوە کە، لەگەڵ تاڵەبانی و ئەندامانی تری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانی، دەستمان کرد بەدانانی رێوشوێنی خەباتی سیاسی - چەکدار و، لەئەنجامی ئەوەش دا هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی کورد، من وەکو یەکێ لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو جوڵانەوەیە، لەساڵی ١٩٧٥ەوە تا ساڵی ١٩٩١ کە بە راپەڕین کۆتایی هاتوە، بەئەندازەی مەسئولیەتی خۆم لەجوڵانەوەکەدا، ئۆباڵی ئەدەبی و ئەخلاقی و سیاسی هەمو رووداوەکانی شۆڕشەکە و، هەمو ئەوانەی کە لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا کوژراون یا زەرەرمەند بون، لە هەر لایەک بوبن، لە ریزەکانی یەکێتی دا بوبن، یان لە ریزەکانی لایەنەکانی تری شۆڕشی کوردا بوبن، یان هاوڵاتی ئاسایی بوبن، یان لە ریزەکانی حکومەتی عیراق دا بوبن، هەڵئەگرم و، لەبەردەم کەسوکاری ئەوانەدا و، لەبەردەم دادگای مێژوی نەتەوەکەم دا و، لەبەردەم دادگای خوای گەورەدا ئامادەی وەڵامدانەوەم.

## ئەبو هەر کەسێ ئەو قسەیەی بکردایە تاڵەبانی قسەی وای نەکردایە!

ئەگەر تاڵەبانی من و چەند کەسێکی کە تاوانبار بکات بە کوشتنی چەند کەسی لە شار و لە لادێکانی کوردستان دا، ئەی کێ بەرپرسە لە کوشتنی سەدان هەزار کورد کە بە درێژایی ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٥ و ١٩٧٥ – ١٩٩١ و ١٩٩١- ٢٠٠١ کوژراون؟

## کارەساتی هەڵەبجە: کێ بەرپرسە من یا سەدام؟

تاڵەبانی لە راپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

«لەناو ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فکرییەدا، سەرەرای ئەوەی تاقیکردنەوەی زۆرمان لەگەڵ سەدامییەکاندا هەبوو، بە تایبەتی سیاسەتی سەدام لە جەنگی عێراق- ئێراندا، سروشتی فاشیانەی رژێم ئاشکرا دەرکەوتبوو، دەریش کەوتبوو کە ئەم فاشیستانە لە هیچ تاوانێک نەدەسلەمینەوە، مفاوەزاتەکەشمان لەگەڵ رژێم سالیک بوو بەهۆی شوڤینیەتی بەعسی سەدامی و تەکنەلۆژیای جەنگی و فشارە ئیقلیمیەکە، شکستی خواردبوو، ئەو هەموو راستیانەمان دەزانی، بۆیە دەبوو ژیرانەتر هەڵیسورێین و کەمترین پاساو بدەینە دەست فاشیەکان، کەچی لەو کاتەدا، نەک نەمانتوانی جیاوازیەکان و هەڵەکان سەبارەت بە سکرتێری کۆمەڵە کەمبکرینەوە، بەڵکو ناوبراو ناکۆکیەکانی لە مەیدانی سیاسەتو فکرەوە، گەیاندە ئاستێکی ترسناک، ئەویش بواری عەسکەرییە، بریاری هەرەمەترسیداریش لەو کاتەدا، ئەوە بوو بەبێ رەزامەندی سکرتێری گشتی، کە فەرماندەی گشتی هێزی (پ.م)ش بوو، بەڵکو بەبێ رەزامەندی زۆربەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیش، فەرمانی عەسکەری دابوو بە فەرماندەو هەڤالانی دەڤەری هەڵەبجە، کە وەکو بەشێک لە هاوکێشە عەسکەرییەکانی جەنگی عێراق – ئێران هەوڵی رزگارکردنی هەڵەبجە بدەن. گوایە بۆ کەمکردنەوەی گوشار بوو بۆ سەر سەرکردایەتی کە رژێم پەلاماری دەدا. ئەم بریارەش بەو شێوەیە، بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرجی جەنگەکەو سروشتی فاشیانەی سەدامیەکان لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، پاساوی دایە دەست سەدام کە سروشتە فاشیەکەی بەرۆژی روناک، بەبێ دوودڵیی لە شاری هەڵەبجەدا جێبەجێ بکات. کە ئەگەر هاتباو ئەم نەخشەیە لە مەکتەبی سیاسی و لەگەڵ سکرتێرو فەرماندەی گشتی (پ.م)دا، باسکراباو تاوتوێ بکرایە، بێگومان رێگە نەدەدرا رێگەی وا بگیرێتە بەر. بەڵکو هەوڵ دەدرا نەخشەو تاکتیکی عەسکەری گونجاوتر لەو هەلومەرجەدا بگیرێتە بەر. بە تایبەتی حکومەت پێشتر هەرەشەی بۆ ناردبوین کە هەر پەلامارێک لەگەڵ پاسداران بۆ سەر هەر شوێنێک، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی جوابی دەبێت، تەنانەت گەر شاری سلێمانیش بێت. سەرەرای هەموو ئەم راستیانەش، ئۆباڵی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو سەرانسەری کوردستان، لە ئەستۆی بەعسی سەدامدایە.

کە کارەساتەکە روویداو حوکمی دیکتاتۆری هەڵەبجەی دایە بەر چەکی کیمیاوی، نارەزایی لەسەر سەپاندنی بریارەکە، کە بەبێ رەزامەندی مەکتەبی سیاسی دەرکرابوو، لەلایەن چەندین هەڤاڵەوە بەرزبووە. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو.»

## لەمێژە وتویانە سەرکەوتن هەزار باوکی هەیە بەڵام شکان هەتیوە.

تاڵەبانی لەمێژ بو گەیشتبوە ئەو باوەڕەی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئەوەندە بەهێز بوە کە موعارەزەی عیراقی، بە کورد و بەئەویشەوە، لە توانایدا نیە بیروخێنێ. باوەڕی وابو روخانی ڕژێمی سەدام بە «عامیلی خاریجی» و بە «هێزی دەرەکی» ئەکرێت. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی ئەدا بە سوریاو لیبیا بە هیوای سازدانی ئینقیلابی عەسکەری. کە لەوان بێ ئومێد بو پەنای بردە بەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەو کاتە لەگەڵ جەیشی عێراق، لە جەنگێکی خویناویەوە گلا بو، بەشکو بە هاوکاری جەنگی و سیاسی ئێران، عێراق بروخێ.

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیجیەدا هێشتا مفاوەزاتی یەکێتی بە تەواوی لەگەڵ عێراق کۆتایی نەهاتبو، لە هەوڵی دامەزراندنی پێوەندی دا بو لەگەڵ ئێران.

دوای چەندین هاتوچوی نوێنەرانی هەردولا و، دوای چەندین هەڵکشان و داکشان لە دانوستانەکانی نوێنەرانی هەردولادا زەمینەی پێکهاتن ساز بو. تاڵەبانی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کە پێک هات بو لە فەرەیدون عەبدولقادر، دکتور کەمال خۆشناو، محەمەد تۆفیق رەحیم، شێردڵ حەویزی... چوە تاران.

لەمانگی ١٠ ی ١٩٨٦ دا لەتاران، بە نوێنەرایەتی یەکێتی لە لایەن تاڵەبانی و بە نوێنەرایەتی ئێران لە لایەن محەمەد باقیر زولقەدر (فەرماندەی ئەوسای قەرارگای رەمەزان) ڕێککەوتنێکی جەنگی و سیاسی و لۆجستی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی هێزەکانی هەردولا دژی جەیشی عێراق لە هەمو بوارەکان دا ئیمزا کرا.

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە ئەبو هێزەکانی یەکێتی لە هەمو بوارێکی جەنگی دا، هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئێران بکا و، تا روخانی سەدام درێژە بە شەڕ بدا و بێ ئاگادرای ئێران و رەزامەندی ئەو هیچ مفاوەزەو ئاشتیەک لەگەڵ عێراق نەکا.

دوای ئەم ڕێککەوتنە زنجیرەیەک عەمەلیاتی عەسکەری هاوبەشی پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکانی تر لەگەڵ سپای پاسداران بە ئاشکرا لە ژێر ناوەکانی «فەتح» و «نەصر» و «فەجر» ... دەستی پێ کردو بەدوی ئەویش دا دەیان عەمەلیاتی تر ئەنجام درا، کەیەکێکیان «داستانی رزگاری» بو لە ناوچەی چوارتا نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، کە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی خودی تاڵەبانی دا بو، بە هاوکاری و هاوئاهەنگی راستەوخۆ لە گەڵ محەمەد باقیر زولقەدر، دواتر سەرۆکی ستادی سپای پاسداران، و عەلی شەمەخانی، دواتر فەرماندەی نیروی دەریایی ئینجا وەزیری دیفاع.

هەر هاوکاری‌و هاوئاهەنگیەک لە نێوان من یان هەر سەرکردە یان فەرماندە یا پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەگەڵ هێزەکانی ئێران کرابێ، بە پێی ئەم ڕێکەوتنە بوە، کە ئاغای تاڵەبانی ئیمزای کرد بو. پاکانە بە بیانوی بێئاگاییەوە لەم عەمەلیاتە، لە لێپرسراویتی سیاسی و قانونی ئەو کەم ناکاتەوە، هێشتا سەدان کەس لە ئاگادارەکانی ئەو پەیوەندی و هاوکاری‌یانە شایەتی زیندون و، پاکانەش بۆ سەدام و ڕژێمی بەعس، بە بیانوی ئەوەی هەرەشەی پێشەکی‌یان لێ کردوە، هیچ لە لێپرسراوێتی سەدام و هاوڕێکانی کەم ناکاتەوە، ئەوە دادگای تاوانەکان لە بەغداد خەریکی لێپرسینەوەیە.

پێش هەڵەبجە لە چەندین مەیدانی جەنگیدا لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر،

دیالە... کاری هاوبەش لەگەڵ ئێران کرابو،ئازادکردنی هەڵەبجە کە بە وێرانکردنی هەڵەبجە و قڕکردنی خەڵکەکەی تەواو بو بەشێک بو لە نەخشەیەکی جەنگیی فراوان بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی هەڵەبجە، قەڵادزە، ڕانیە، دوکان‌و چوارتا... کاتێک کە ئازادکردنی هەڵەبجە لە ئەنجامی کیمیاباران دا بو بە کارەسات، واز لە جێبەجێکردنی تەواوی نەخشەکە هێنرا.

پێش هەڵەبجە حکومەتی بەعس کەم جێگەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە هەبو کیمیابارانی نەکردبێ، چەندین ناوچەی لە خۆشناوەتی، بیتوێن، پشدەر، بەری مەرگە، دۆڵی جافەتی، بەری قەرەداغ، بادینان، دەشتی کۆیە، دەشتی کەرکوک... کیمیاباران کردبو. حکومەتی بەعس تەنیا بە تەسلیمبون و کۆتاییهێنان بە شۆڕش دەستی لە کیمیاباران هەڵئەگرت، بە تایبەتی لە سایەی بێدەنگی ئەمەریکاو زلهێزەکانی دنیادا.

ئەو هەڕەشەیەی تاڵەبانی باسی ئەکات ئەگەر بەو گەیشتبێت، بە من نەگەیشتوە، چونکە ئەو زەمانە بەعس هیچ ڕێگە پەیوەندیەکی لەگەڵ من نەبو تا ئەو هەواڵەم پێ بگەیەنێ، ئاغای تاڵەبانیش شتی وای بە ئێمە نەوتبو. ئوباڵی گوێنەدان بەم هەڕەشەیە، ئەگەر ڕاست بێ، لە ئەستۆی ئەودایە.

پێویست ناکات لە سەر کارەساتی هەڵەبجە درێژەی پێ بدەم، چونکە خوالێخۆشبو شەوکەتی حاجی موشیر کتێبێکی لە ژێر سەرناوی «کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە - بەهاری ١٩٨٨» لە سەر نوسیوە و ساڵی ١٩٩٨ لەسەر ئەرکی تاڵەبانی لە سلێمانی چاپی کردوە.

هەرکەس ئەو کتێبە بخوێنێتەوە ئەزانی کە:

فەرماندەی عەسکەری عەمەلیاتەکە شەوکەتی حاجی مشیر بوە و،

لێپرسراوی سیاسی عەمەلیاتەکە دکتور فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر بون و، لێپرسراوی لۆجستی عەمەلیاتەکە ساڵح محەمەد ئەمین بوە.

یەکێ لەو بەڵگانەی لەم کتێبەدا بلاو کراوەتەوە وێنەی نامەیەکی فوئاد مەعسومە بۆ شەوکەت کە تیا نوسیوە: «هومێدی سەرکەوتنت بۆ دەکەم لە کارە پیرۆزەکە» دا کە ناڕاستیی هەمو قسەکانی تاڵەبانی ئەسەلمێنێ.

ئەو زەمانە مەکتەبی سیاسی پێکهاتبو لە ٥ ئەندام: سکرتێری گشتی، دو نوێنەری شۆڕشگێران - کە فوئاد مەعسوم و نازم عومەر بون و، دو نوێنەری کۆمەڵە - کە یەکێکیان من‌و ئەویتریان فەرەیدون بو.

عەمەلیاتی وا گەورە کە سەدان فەرماندە و بەرپرس‌و چەندین لایەنی سیاسی کوردستانی‌و عێراقی (پارتی، سوشیالیست، بزوتنەوەی ئیسلامی، فەیلەقی بەدر) ی تیدا بەشدار بێت، بارەگای چەندین لایەنی سیاسی ئێرانی (لەوانە دیموکرات‌و کۆمەڵە) بکەوێتە بەر مەترسی، نەئەکرا بێ ئاگاداری‌و ڕەزامەندی سەرکردایەتی یەکێتی‌و بە تایبەتی شەخسی تاڵەبانی ئەنجام بدرێت. خۆ بێئاگاکردنی ئاغای تاڵەبانی لەو مەسەلەیە چەواشەکاریەکی ئاشکرایە لەبەردەم تەوژمی ڕوداوەکاندا خۆی ناگرێت.

لەو سەردەمەدا کە ئێمە بە دڵی شکاو و دەرونی بریندارەوە باسی ئەوەمان ئەکرد چۆن هەوڵی »ئازادکردنی هەڵەبجە« بو بە «کارەساتێکی ئینسانی»، ئاغای تاڵەبانی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئەیوت: «کیمیابارانی هەڵەبجە مەسەلەی کوردی بردە ناو مەیدانی ناودەوڵەتیەوە... ئاخ بۆ دووسێ هەڵەبجەی تر».

## بوشی باوک: ڕزگاری بۆ کوەیت و فیدرالی بۆ کوردستان!

تاڵەبانی لە ڕاپۆرتەکەی دا ئەڵێ:
«ئەمریکیەکان بە سکرتێری گشتی ی.ن.ک یان ڕاگەیاند، کە ئەگەر بێت و هاوکاری هێزی هاوپەیمانان بۆ ڕزگارکردنی کوێت بکەن، ئەوا هەم یارمەتییەکی باشی چەک و ماددی دەدەن بەکوردو هەم پاشان فیدرالیەتیشی لە عیراقدا بۆ دەسەلمێنن و دەسەپێنن. سکرتێری گشتیش، داوای لە نەوشیروان کرد، کە لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتی و پارتیش دراسەی بکەن و وەڵامی بدەنەوە. ئەویش وا وەڵامی سکرتێری گشتی دایەوە: کە ئەوە پەسەند نییە، چونکە سەدام هەر بە خۆشی لە کوێت دەکشێتەوەو شەرەکەش تووشی ئیمە دەبێت. بەم هەڵوێستە هەڵەیە هەلێکی مێژوویی لە کیس کورد دا. ئەگینا دوای ڕزگاری کوێت، بەتایبەتی کەزۆربەی زۆری کوردستانمان ڕزگارکردبوو، فیدراڵمان بۆ دەچەسپا.»
تاڵەبانی لەپێش دەست پێکردنی عەمەلیاتی ئەنفالەوە بە ٣ مانگ سەفەری دەرەوەی کردبو، لە کاتی ڕاوەستانی شەڕی عیراق و ئیراندا ئەو چەند مانگ بو خوی لەدەرەوە ئەگنخاند، هەمیشە بیانوی ناراستی دائەتاشی بۆ مانەوەی هەرچی درێژتری لەدەرەوەی کوردستان.
تاڵەبانی لە کاتی هێرشی جەیشی عیراق دا بۆ سەر کوەیت لە دەرەوەی کوردستان بو. لەدوای داگیرکردنی کوەیت سەفەری ئەمەریکای کرد. بە بروسکە ڕەئی منیشی پرسی، کە لەوێ داوای چی بکا. من سەفەرەکەیم پێ باش بو. پێشنیارم بو کرد هەرچیەکی پێ ئەکرێت بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس و بۆ ڕوخاندنی بیکات، بەڵام لە بەر ئەوەی زوری میللەتەکەمان لە ئوردوگاکان دا وەکو دیلی جەنگ کۆکراونەتەوە و چەندین هاوڕێمان لە زیندانەکانی بەعس دان، خوی لە «تەسریحاتی ڕۆژنامەوانیی ئیستیفزازی» بپارێزێ. هەرچیش بە ئیمە ئەکرێت بیکەین. لەو کاتەدا ئیمە، لە قاسمەرەش، بەوپەڕی جدیەتەوە، خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین بۆ ڕاپەڕین. وردەکاری نەخشەی کارەکانی خۆمان بۆ سازدانی پێشمەرگە و ڕاپەراندنی خەڵک لە شارەکان، بە نوسین و بەدرێژی، بە دەستی، بە دانای ئەحمەد مەجیدا، کە ئەوسا نوێنەری یەکێتی بو لە کرماشان، بۆ ناردبو بۆ دیمەشق، ئەویش سوریەکانی لێ ئاگادار کرد بو.
ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکی بوشی باوک، لەو هەلومەرجەدا، ئامادە نەبو نە تاڵەبانی و نە هیچ کەسێکی تری موعارەزەی عیراقی ببینی، چونکە ئامانجی ئەمەریکا لەو شەرەدا تەنیا دەرکردنی جەیشی عیراقی بو لە کوەیتو ڕزگارکردنی کوەیت بو لە داگیرکردنی عیراق. ڕوخانی ڕژێمی بەعسو لابردنی سەدام لەبەرنامەی ئەمەریکادا نەبو، چونکە ئەمە هاوسەنگی هێزەکانی نێوان ئێران- عیراق و ئێران- خلیجی تێک ئەدا.

وتارەکانی بوشی باوک و وتەبێژەکانی کۆشکی سپی و پینتاگون و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژانی کورەودا، کە ڕای گشتی جیهانی ووڕۆژا بو داوای دەستێوەردانی جیهانی‌یان ئەکرد، ئەم ڕاستیە دەرئەخەن. ئەوان بە ئاشکرا ئامانجی خۆیان ڕونکردەوە. هەرکەس بیەوێ لەراستی ئەمە بکۆڵێتەوە ئەتوانی بگەڕێتەوە بۆ

ئارشیفی قسەکانی ئەوکاتەی سەرۆک بوش کە وتی: «من ئامادە نیم یەک سەربازی ئەمەریکی بنێرم بۆ ناو زەلکاوی عیراق».
تاڵەبانی لەسەفەرەکەی ئەمەریکادا ئەگەرچی هەوڵی زۆری دابو کاربەدەستانی ئەمەریکی ببینێ، تەنانەت بۆ خۆنزیککردنەوە لە کاربەدەستانی ئەمەریکی، بەرتیلێکی سیاسی خۆڕایی دابونێ. تەسریحێکی ئاگرینی دا کە لە «واشنتۆن پۆست» دا بڵاوکرابوەوە وتبوی: «ئەگەر سەرۆک بوش ڕازی بێ ١٠ هەزارکەس لە پیاوەکانم ئەنێرم بۆ کوەیت شان بە شانی سپای ئەمەریکی شەڕی جەیشی عیراق بکەن...»
تاڵەبانی بە هوی چەند ڕۆژنامەنوسێکی ناسراوەوە وەک جوناسان ڕاندال کارمەندێکی بچوکی وەزارەتی دەرەوەی لەچاپخانەیەک دا بینی بو، ئەویش بە ئاشکرا و، بی هیچ پێچوپەنایەک، پێی وتبو: «ئەمەریکا لەو کاتەدا ئامادە نیە لەگەڵ موعارزەی عیراق پەیوەندی دروست بکا». مەسەلەی ئەم بەڵێنەی کە بەو دراوە حیکایەتێکە خوی دروستی کردوە، بەمە گەرەکێتی سۆزی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ سودی خوی و سەلماندنی گرنگیی سەفەرە بێهودەکانی بە کار بهێنێ، وا لە خەڵک بگەیەنێت کە دەوڵەتی ئەمەریکاش - وەک ئیدارەی سیاسی سەردەمی سەرۆکایەتیەکی خوی - بی سەروبەرەو ئەویش بی ڕەزامەندی دەزگا پیوەندیدارەکانی کونگریس و سینات و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزارەتەکانی بەرگری‌و دەرەوە، ئەتوانی بەڵێنی درۆ بەم و ئەو بدات.
نە ئەو سەردەمە، سەرۆک بوشی باوک و، نە دوای ئەویش سەرۆک کلینتۆن و، نەدوای ئەوانیش سەرۆک بوشی کوڕ و، نە ئیستاش سەرۆک ئوباما، هیچکامیان بەڵێنی لەو بابەتەیان بە تاڵەبانی و بە هیچ کوردێکی تر نەداوە. سەرۆک بوشی باوک و کاربەدەستە باڵاکانی سەردەمی ئەو هەمویان زیندون. ئەگەر بشمرن ئارشیفی بەڵگەکانیان لەدەزگا پەیوەندیدارەکان دا ئەمێنێ. لیکۆڵەرەوەیەکی سیاسی تەنانەت ڕۆژنامەوانێکی وریا ئەتوانی بچێتە بنجوبناوانی ئەم قسەیەی تاڵەبانی و دەرئەکەوێ کە شوبهاندنی ئیدارەی ئەمەریکی لە بەخشینی بەڵێن‌و پارەو چەک و پشتیوانی، کە لە ئەمەریکا، بە پرۆسەیەکی قانونی درێژدا تێ ئەپەڕێ و، شوبهاندنی بە ئیدارەی کوردی کە بە ئارەزوی خوی ئەتوانی ئەو شتانە بی پرۆسەی قانونی و پەرلەمانی تێپەڕێنێ، درۆیەکی چەند زلە بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی کوردی.
خۆ ئەگەر بەڕاستی بەڵێنی وەهای پێ درا بو ئەبو ئاگاداری سەرکردایەتی «بەرەی کوردستان» ی بکردایە و، بە پێشنیارێکی فەرمی ڕەوانەی سەرکردیاتی بەرەی کوردستانی بکرایە، بۆ ئەوەی تاوتویی بکات و بڕیاری لێ بدات. چونکە سەرکردایەتی بەرە پێکهاتبون لە سەر ئەوەی هیچ لایەک بە تەنیا بڕیاری کاری چارەنوسساز نەدا، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا مەسعود بارزانی بەرپرسی یەکەمی کاروباری بەرە بو لە کوردستان و تاڵەبانی بەرپرسی کاروباری هەندەران بو. من بەشبەحاڵی خۆم لەم ڕاپۆرتەدا ئەو حیکایەتەم خوێندوتەوە. بۆ خۆشبەختی سەرانی بەرەی کوردستانی هەمویان زیندون ئەتوانن ڕاستی و ناڕاستی ئەم حیکایەتە ساخ بکەنەوە.

## پاشهاتەکانی ئەنفال: گلان و هەڵسانەوە

تاڵەبانی لە ڕاپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

«ناکۆکیەکی تری سەرەکی لەنێوانماندا، لەسەروبەری ڕاوەستانی شەڕی ئێران-عیراق بوو، لەوساتەدا سکرتێری کۆمەڵە باوەڕی بەشۆڕش نەمابوو، لەدوای شەڕی سەرکردایەتی وردەی بەردابوو، بەپەلەپروزە ناوچەکەی بەجێهێشت بەسەر هەڤالانی سەرکردایەتیدا بێ ئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ بکات. بەتایبەتی لەدوای ئەنفالەکان. کە سەدان خێزان و هەزاران کەس لەگەل یەکێتی لەپاشەکشەدا کەوتبوون و پێویستیان بەهاوکاریو ڕێنوێنی هەبوو، بەلام سکرتێری کۆمەڵە بەئارەزووی خۆی بڕیاری دەداو سەرەنجام سەربەخۆ کەوتە بلاوەپێکردنی شۆڕشو دەستی کرد بەناردنە دەرەوەی کادیرەکانی نزیک لەخۆی و ماندانی پێشمەرگەش بۆ چونە ماڵی خۆیان یان بۆ ئێران. بەکەڵکوەرگرتن لەدەسەلاتی جێگری سکرتێری گشتی لەغیابی سکرتێری گشتیدا، خەریک بوو شۆڕشەکە بلاوە پێ بکات. ئەگەر بەرهەڵستی هەڤالان کاک کۆسرەتو هەڤال جەبار فەرمان و چەند هەڤالێکی شۆڕشگێڕیان نەبا، بەرەسمی بڕیاری بلاوەپێکردنی شۆڕشی دەدا. سەرەنجامی ئەم سیاسەتەو ئەم باوەڕەی کەوتە هەڵگرتنی دروشمی گفتوگۆ لەگەل سەدام و پروپاگەندە بۆ نەمانی توانای درێژەدان بە شۆڕش. بۆ ڕازیکردنی سکرتێری گشتیش، کە لەسوریە بوو، هەڤال عومەر عەبدوللا یان ناردە لای. بەلام سکرتێری گشتی ئەو سیاسەتەی پەسەند نەکردو بەقسە بەناوبانگەکەی وەلامی دانەوە، کە خەبات درێژە پێدەدەین تا سەدام هەر دەروخێنین.

لێرەوە ناکۆکی نێوان سکرتێری گشتی و جێگرەکەی زۆر توندو قول بوو. هەر بەوە خاوکرایەوە کە پاشان (م.س) بڕیاری دا شۆڕش بەشێوەی شەڕی پارتیزانی درێژەی هەبێت و خەبات شان بەشانی موعارەزەی عیراقیش دژی دیکتاتوریەت درێژەی هەبێت، خۆشمان دەست بکەین بە دروستکردنی دەستەی چەکدار لەشارەکان و ئۆردوگاکان بۆ ڕۆژی خۆی. چونکە ئێمە پێمان وابوو، کە سەدام کەتنێک لەگەل کوێت، هەر دەکات، ئەمریکاو ئەوروپاش هەر لێی دەدەن. لەسەر ئەوەش لەگەل نەوشیروان ناکۆک بووین، چونکە ئەو پێی وابوو کە لەسەدام نادرێت، تەنانەت دوای پەلاماردانی کوێتیش پێی وابو سەدام دەکشێتەوە، بۆیە داوای گفتوگۆی لەگەل سەدام دەکرد. ئەوەبوو، بێ پرسی هەڤالانیش، بەتایبەتی سکرتێری گشتی، کەوتە نامەناردن بۆ سەدام و هەوڵدانی لاواز بۆ ڕێکەوتنێکی لاواز بەهیوای ئەوەی سیاسەتی خۆی بباتەسەر. کەچی نەک سەدام ئامادەنەبوو چارەسەرێکی لاوازیش بۆ کێشەکە بسەلمێنێ، بەلکو شەخسی خۆی ئامادە نەبوو وەلامی یەک نامەی جێگری سکرتێری یەکێتیی بداتەوە، تەنیا داوای زارەکی ئەوەبوو کە (یاخیبووەکان بگەڕێنەوە ڕیزی نیشتمانی) ئەمەش هەر بیروبۆچونەکانی هێلی ڕوخاندنی سەدامی سەلماندەوە، کە ڕژێم شۆڤێنی و فاشییەو مافی دیموکراتی هەرگیز نادات.»

هەرکەس باسی ئەنفال و پاشهاتەکانی ئەنفالی بکردایە، ئەبو تاڵەبانی خۆی لە قەرەی ئەو باسە نەدایە. چونکە ئەو ئەیزانی گەورەترین هێرشی ئەو جەیشە زەبەلاحەی سەدام

بۆ شەڕی ئێرانی دروست کردبو، بەڕێوەیە بۆ سەر کوردستان. کەچی بۆ ئەوەی خۆی لەو ئاگرە سورە دور رابگرێت، سەفەرێکی بۆ ئێران رێکخستو لەوێوە فڕی بۆ دەرەوە و تا سەرکەوتنی کورد لە راپەڕیندا و تا ئازادکردنی هەمو کوردستانی عێراق نەگەڕایەوە بۆ کوردستان. لە گەڕانەوەشی دا کە توشی شکانو کوڕەو بوین، لەباتی بەرگریکردن و کەلک وەرگرتن لەو هەلەی کوڕەو لە ئاستی ناودەوڵەتی دا بۆ کوردی رەخساند، بە هەڵەداوان چوە بەغدا و بە جۆرێکی شەرمهێنەری ئەوتۆ ئەملاوئەولای سەدامی ماچ کرد، بوە هەواڵی یەکەمی دەزگاکانی راگەیاندن لە سەرانسەری دنیادا.
تاڵەبانی و هەندێ لە هاوبیرەکانی پێیان وا بو: لە دوای ئەنفال ئیتر ئێشمان بە پێشمەرگە نەماوە، بۆیە ئەو دیسان سوریای کردەوە بە بارەگای سەرەکی خۆی و، بونەوەی باری سوک بێ و ئیلتزاماتی مادی کەم بێ، ئەیویست جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتیو ژمارەیەکی کەمی کادری سیاسی و ئیعلامی و پێشمەرگەیی، ئەوەی تری «رەشایی لەشکر» بە هەر جۆری بێ لە کۆلی بێتەوە.
لە سوریا بایەخی زۆری بەکاری راگەیاندنو چاوپێکەوتنی رۆژنامەیی ئەدا، بۆیە کە بەرەی کوردستانی دامەزرا ئەو خۆی ئەوەی هەڵبژارد کە بەرپرسی چالاکیەکانی بەرەی کوردستانی بێ لە هەندەران. بەلام کە سەدام گەوجێتیە گەورەکەی کرد و کوەیتی داگیر کرد، ئینجا کەوتەوە جۆش و خرۆش بۆ سازدانو کۆکردنەوەی پێشمەرگە.
ئەگەرچی هەمیشە باوەڕم بەوە هەبوە کە شان بە شانی کاری چەکدار و ململانێی توندوتیژ ئەشی گفتوگۆی ژیرانە و دانوسەندنی سیاسی رێگەیەکی تر بێ بۆ بە لادا خستنی کێشەی سیاسی و دواخستنی ململانێی خوێناوی، بەلام بە درێژایی ژیانم، نە ئەو کاتەو نە پێش ئەوکاتەو نە دوای ئەو کاتە، هەرگیز نامەم بۆ سەدام حسێن و بۆ هیچ کام لە کاربەدەستانی بەعس نەنوسیوە. لە کاتێکدا رەنگە ئاغای تاڵەبانی دەیان نامەی بە خەتی خۆی و بە ئیمزای خۆی بو سەدام حسێنو بەرزانی برایو سەبعاوی برای و بۆ عیزەت دوری و کاربەدەستانی تری بەعس نوسی بێ و، دوای روخانی بەعس و بە تالان چونی بەلگەکانی عێراق، وێنەی هەندێکیان کەوتوتە دەس دەزگا و دەوڵەتی جیاواز و، رۆژی دێ روناکی ببینن.
لەدوای ئەنفال زیاتر لە بیست مانگ من لە سەر سنور لە قاسمەڕەش، نۆکان و شێنێ، بوم. ئەمتوانی منیش وەکو ئاغای تاڵەبانی بچم لە یەکێ لە پایتەختە خۆشەکانی وڵاتانی ئەوروپا پاڵی لێ بدەمەوە لەوێوە قسەی زلی بێ گومرگ بکەم و قارەمانێتی بە هاورێکانم بفرۆشمەوە، بەلام من ئەوەم نەکرد، لە گەل هاوڕێکانم و لە گەل هاوسەنگەرەکانم و لە گەل هاولاتیە لیقەوماوەکانم دا مامەوە. تەنیا شتێش کە ئەوەی پێ ئەکردم خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمانەکەم بو، ئەگینا هەمو شارەزایەک ئەزانێ ئەو زەمانە لەو زەمینەدا هیچ خۆشیەکی دنیایی یا هیچ دەسکەوتێکی مادی نەبو کەسی بە دیاریەوە دابنیشێ، بەلام لەوێ بە هاوکاریو بە یارمەتی هاوڕێکانم «لە غیابی سکرتێری گشتی» دا، وەک خۆی نوسیویتی، «پایەکانی ستراتیجی قۆناغی نوێی کار» مان لەسەر ٤ بناغە دانا:

١. کاری رێکخراوەیی – سیاسی
٢. کاروباری راگەیاندن

٣. کاری پێشمەرگەیی
٤. کاری دیپلۆماسی
«لە غیابی سکرتێری گشتی دا» لەو ماوەیەدا «بەرەی کوردستانی» مان پێکهێنا و، بۆ یەکەمجار لە مێژوی شۆرشەکانی کوردا بناغەی دۆستایەتیەکی بەهێزمان لەگەل پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لایەنە کوردستانیەکان دامەزراند، کە دواتر لە راپەرین و کۆرەو و مفاوەزات و دامەزراندنی یەکەمین تەجروبەی حوکمرانی کوردا رەنگی دایەوە.
»لە غیابی سکرتێری گشتی دا» لایەنی کەمی ژیانی پێشمەرگەمان، بێ ئەوەی ئەو بتوانێ هیچ سەرچاوەیەکی دارایی‌مان بۆ پەیدا بکا، دابین کرد. نەمانهێشت جیاوازی چینایەتی لە ژیانی کادرو تێکۆشەرو پێشمەرگەکانی یەکێتی دا دروست ببێ.
«لە غیابی سکرتێری گشتی دا» نەمانهێشت دەزگای راگەیاندن لە کار بکەوێت، رادیوی دەنگی گەلی کوردستان بوە سەرچاوەی گەیاندنی راستیو هەوالو سازدانو رێکخستنی کۆمەلانی خەلک و شەرارەی عەرەبی و ریبازی نوێی کوردی مانگانە بلاو ئەکرانەوە.
«لە غیابی سکرتێری گشتی دا» هێزە چەکدارەکانمان رێکخستەوە:
١٢ بەتالیۆنی نیمچە نیزامی لە سەر سنورەکان
٥٢٠ پارتیزان لەسەرانسەری کوردستان
١٢٠ کادری سرک لەناو شارو ئۆردوگاکان دا
٧٠٠٠ کەس لە ریزی شانە چەکدارەکانی شالاو و بروسک دا
چەند هەزار کەس هێزی پشتگیری لەناو ئاوارەکانی ئێران دا
لەهەر چوار مەیدانەکەدا بە سەرکەوتویی ئەرکەکانی «ستراتیجی قوناغی نوێی کار» مان بەجێ هێنا، لە رۆژانی جەنگی دوهەمی کەنداودا، «شکستی ئەنفال» مان گۆری بە «سەرکەوتنی راپەرین».
ئێمە «لە غیابی سکرتێری گشتی دا» ئەمانەمان کردوە، ئەو چی کردوە؟

## کورد - عەرەب: برایەتیەکی لاسەنگ یا پەیوەندیەکی هاوتا؟

تالەبانی بۆ هاندانی هێزە عەرەبیەکان لە بزوتنەوەی گۆران و خودی خۆم وای پیشان ئەدات من دژی عەرەبم و گالتەم بە برایەتی کورد و عەرەب دێت. ماوەیەکیشە سیاسەتێکی دوفاقی دزێویان دژی بزوتنەوەی گۆران گرتوتە بەر. لای هێزە عەرەبیە عێراقیەکان وەک بزوتنەوەیەکی توندرەوی کوردی وێنامان ئەکەن کە بروای بە پێکەوە ژیان نیەو کار بۆ سەربەخۆیی ئەکات ، و لای خەلکی کوردیش وەک هێزێک کە دژی کوردستان و ئازادی کوردستانە و کار بۆ پارچە پارچە بونی ئەکەن. هەندێکجار وەک ناحەزی ئەمەریکا و هەندێکجار وەک ناحەزی ئێران.. هەندێکجار وەک ناحەزی پارتی و لایەنگری شەری ناوخۆ، و لای هەندێکیش وەک بزوتنەوەیەکی فاشی دژ بە هەمو شتێکی غەیرە کوردی. لە کوێ چیان پێ کرا بێت دژی ئێمە کردویانە و لەکوێش هەستیان کردبێت تۆمەتێک هەیە وا لە لایەنێک ئەکات دژمان بۆستێتەوە وتویانە. ئەم قسانەش کە ئێستا لە پلینۆمدا دژی خۆم و بزوتنەوەی گۆران ئەیکات، هەر لەپێناو ئەم ئامانجەدایە.

سەبارەت بە مەسەلەی برایەتی کورد و عەرەبیش ئەبێ بڵێین هیچ کەس بەقەد ئێمە بڕوای بە هاوکاریو دۆستایەتی و پێکەوەکارکردنی نەتەوە و ئەتنیە جیاوازەکان نیە. بگرە یەکێک لە رەخنە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی گۆران و خودی خۆم لە سیاسەتی حیزبە کوردیەکان ئەوە بوە کە نەیتوانیوە بەشێویەکی دیموکراتیانە و دور لە دەمارگیری حیزبایەتی و خێلایەتی مامەلە لەگەل فرە نەتەوەیی کوردستان و عێراقدا بکات.

بەلام هاوکاریو دۆستایەتی و مامەلەی یەکسان شتێکەو خۆ بەبچوک زانی شتێکی تر. ئەوەی ئێمە ئەوساو ئێستاش دژایەتیمان کردوە هەستی خۆ بە بچوکزانی و خۆ بچوککردنەوەیە لەبەرامبەر ئەوانی تردا. زۆرێک لە سیاسیەکانی کورد لەبەر ئەوەی کورد خاوەن دەولەتی خۆی نەبوەو تەنها بزوتنەوەیەکی چەکداری هەبوە کە لە روی هێزو ژمارە و قەبارەوە لە ناحەز و نەیارەکانی لاوازتر بوە، بە گرێی هەستی خۆ بەبچوکزانی و خۆ سوککردنەوە مامەلەیان لەگەل سەرکردە سیاسیەکانی ئەو گەلانەدا کردوە کە بەهێز و قەبارەگەورەتر بون. ئەمە تا ئێستاش بەردەوامە هەرکەس چاودێری هەلسوکەوتی سەرانی کورد بکا لەگەل کار بەدەستانی عەرەب چ لە عێراقو چ لە جیهانی عەرەبدا، لەگەل کاربەدەستانی ئێرانیو تورکیدا، لەگەل کاربەدەستانی ئەمەریکیو ئینگلیزیدا بە ئاشکرا ئەم دیاردەیە ئەبینرێت و ئەم فەرهەنگە ئەخوێنێتەوە. لە قوناغێکی سیاسی کوردستانیشدا بۆ ئەوەی رەوایەتی بەم هەستی خۆ بە بچوکزانینە بدرێت، دروشمی درۆزنانەی برایەتیان هێناوەتە پێشێ. برایەتیەک کە برایەتی نەبوە، بەلکو کۆیلەیەتی و خۆ بە بچوکزانی و بەسوک تەماشاکردن بوە. سیاسیەکانی کورد لەجیاتی ئەوەی وەک نوێنەری میلەتێک و بە هێز و ورە وەرگرتن لەو نوێنەرایەتیەوە، بە هەستێکی هاوشان و چونیەکەوە بچنە وتوێژ لەگەل سەرکردە سیاسیەکانی گەلانی تردا، بە هەستی خۆ بە بچوکزانیەوە مامەلەیان کردوە و زۆرجار بەمەش گەلەکەی خۆیان شەرمەزار کردوە.

سەرۆک و سەرکردەکانی گەلانی دنیا، هێز و توانای خۆیان لە گەلەکانیانەوە وەرئەگرن، نەک لەهێزی سەربازی و قەبارەی سیاسی بچوکی دەسەلاتیانەوە وەک هەندێک لە سەرکردەکانی کورد ئەیکەن.

گەلان هیچیان خۆیان لەوانی تر بە کەمترو بچوکتر نازانن. هیچ گەلێک ئەگەر بە ژمارەش کەم بێت خۆی لە گەلێکی تر ئەگەر تەنانەت بە ژمارە زۆریش بێ بە بچوکتر نازانێ.

بەلام زۆرێک لە سیاسیەکانی کورد کە قەت قەبارەی سەربازی هێزەکانیان لەئاست قەبارەی سەربازی دراوسێکانیاندا نەبوە، بە رۆحێکی خۆ بە بچوک زانی و برا بچوکیەوە تەماشای گەلەکانی تریان کردوە.

بروای پتەوی ئێمەش ئەوساو ئێستاش ئەوەیە کورد برابچوکی هیچ گەلێک نیەو هیچ شتێکی لە هیچ نەتەوەیەکی تر کەمتر نیە. هەر جۆرە برایەتی و هاوکاریەکیش باسی برا گەورەیی و بچوکی تیا کرا، برایەتی نیەو کۆیلەیەتی و سوکایەتی پێکردنە. لەنێوان گەلانی دنیادا گەورەو بچوکی نیە، بەلکو یەکسانی و هاوشانی و رێزگرتنی بەرامبەر و بەرژەوەندی هاوبەش هەیە. مرۆڤ ئاژەل نیە و بە لۆژیکی دارستان ناژی کە تیای دا ئەوەی گەورە و بەهێز بێت، مافی زیاتر و گەورەتری هەبێت. گەلان هەمو ئەبێت

لەپێگەیەکی یەکسانو چونیەک و ڕێزی هاوبەشەوە، مامەڵە لەگەڵ یەک بکەن، نەک بە پێی گەورەی و بچوکی.
ئەوەی ئێمە ئەوسا و ئێستاش دژایەتی ئەکەین ئەوەیە سیاسی و سەرکردەکانی کورد بە گرێی خۆ بەبچووکزانیەوە مامەڵە نەکەنو ڕێز و حورمەت و کەرامەتی ئەو نەتەوەیە بگرن کە نوێنەرایەتی ئەکەن. نەتەوەکەیان لەبەر خۆ خۆشەویستکردن لای بێگانە بچوک نەکەنەوە و بە برا بچوکی لە قەڵەم نەدەن.. خەڵکی ئێمە بەوە پەروەردە نەکەن برابچوکی هیچ گەلێکی تر بێت و هیچ کەس لە خۆی بە گەورەتر نەزانێت. ئەوسا و ئێستاش بڕوامان وابوە ئەبێت گەلەکەی خۆمان فێری هاوکاری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکسانی بکەین، نەک کۆیلەیەتی و خۆ بە بچوک زانی.
بێگومان برا گەورەیەتی و برا بچوکی وەکو بەشێک لە نەریتی کۆمەڵایەتی ناو خێزانو بنەماڵە و تیرە و هۆز و خێڵ شتێکی ئاساییەو ئەبێ پەیڕەوەی بکرێت، بەڵام براگەورەو برا بچوک لە پەیوەندی سیاسی ناو دەوڵەتان و ناو گەلانو ناو نەتەوەکانی جیهاندا نیە، بەڵکو پەیوەندی یەکسان لەسەر بنچینەی قازانجی هاوبەش و ڕێزگرتنی یەکتری هەیە.
جگە لەو فەرهەنگە چەوتەی ماوەیەکی درێژە هەندێک لەسەرانی کورد و سیاسیەکانی، لاوەکانی کوردیان پێ ڕائەهێنا: کە «کورد لە عێراق دا برا بچوکی عەرەبە»و «عەرەب لە عێراق دا برا گەورەی کوردە».
لەساڵی ١٩٧٥ەوە خۆم و زۆرێک لە هاوڕێکانم ویستومانە ئەم فەرهەنگە لە بناغەوە هەڵتەکێنینو بیگۆڕین بەوەی تاکی کورد بەتایبەتی ئەندامانی کۆمەڵە و یەکێتی پەروەردە بکەین بەوەی کوردیش وەکو هەمو نەتەوەکانی جیهان مافی چارەنوسی هەیە، مافی دەوڵەتی هەیە، برا بچوکی هیچ نەتەوەیەکی تر نیە، پەیوەندی کورد لەگەڵ گەلانی دراوسێ دا لەسەر بنچینەی هاوتاییو یەکسانیو قازانجی هاوبەش دابمەزرێنینو، گرێی خۆبەکەمزانیو خۆ بە بچوکزانی بگۆڕی بەخۆ نازین و کورد لە ئاستی هیچ بێگانەیەک دا خۆی بە کەمتر و بچوکتر نەزانێت.
ئەگەر کەسانێک هەبن ئەمە بە نوقسانی بۆ من لە قەڵەم بدەن، من بە شانازی ئەزانم بۆ خۆم.

## کێ فیدرالیزمی پارێزگاکانی داهێنا؟

تاڵەبانی لەقسەکانیدا بزوتنەوەی گۆڕانو هەڵسوڕاوەکانی بە دژی فیدرالیزم و هەرێمی کوردستان تاوانبار ئەکات و ئێمە بە لایەنگری فیدراڵی پارێزگاکان ناو ئەهێنی، گویا ئێمە دژی هاتنەوەی کەرکوکین بۆ سەر هەرێمی کوردستان. پێ ئەچێت تاڵەبانی وەک چۆن زاکیرەی خۆی لاواز بوە لە گێڕانەوەی ڕوداوەکان دا، وابزانێت هەمو خەڵکی کوردستانیش زاکیرەیان لاوازە و ئەوەیان لە بیر چۆتەوە. خەڵکی کوردستان هەمو لە بیریانە:
یەکەم، ئەوەی یەکەم کەس کە بە شێوەیەکی فەرمی پرسی فیدراڵی پارێزگاکانی سەلماند و بەم سەلماندنەش هەمو کوردی لەبەردەم هێزە عێراقیەکانو ئەمەریکادا ئیحراج کرد خودی تاڵەبانی بو.

لەو ڕێکەوتنەدا کە تاڵەبانی بەناوی سەرۆکی مەجلیسی حوکم و بریمەر بەناوی حاکمی مەدەنی عیراقەوە ئیمزایان کردوەخاڵێکی سەرەکی ڕێکەوتنەکەیان ئەوە بو کە عیراق ببێتە ١٨ پارێزگای فیدراڵی، ئەمەشی بۆ هەمو عیراق قەبوڵ کردبو، لەوانە هەرێمی کوردستان. دوای ئەوەی سیاسیەکانی عەرەبو لە کوردستانیش هەندێک لایەن لێیان کرد بەهەرا، ئینجا لێی بێدەنگ بو.
دوەم، ئەوەی کێشەی بۆ مادەی ١٤٠ دروستکرد و بو بە هۆی هێنانە ئارای پرۆژەیەکی قانونی جیاواز لە مادەی ١٤٠ لە کاتی دانانی قانونی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دا، خودی تاڵەبانی بو.
تاڵەبانی لە سەردانەکەی دا بۆ کەرکوک و لە کۆبونەوەی دا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوای لێ کردن «دەسەڵات و بەڕێوبەرایەتی کەرکوک بە ڕێژەی ٣٢٪ لە نێوان تورکمانو عەرەبو کوردا دابەش بکرێت و کەرکوک ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی جیاواز لە هەرێمی کوردستان.» ئەم قسەیەی لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ تورکمانو عەرەب دوپات کردۆتەوە.
ئەم کەتنە بوە هۆی هاندانی عەرەب و تورکمان بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە ببەنە پەرلەمانی عیراق و بیکەن بە یاساو لە دەنگدانی ڕۆژی ٢٢ تەموزدا بیسەپێنن و کێشەیەکی سیاسی و یاسایی دژواری ئەوتۆی خوڵقاند کە بە بایکۆتی ئەندامانی کوردی پەرلەمانی عیراق ولە ئەنجامی ئەم بایکۆتەدا و لە ژێر فشاری ڕای گشتی دا دەستەی سەرۆکایەتی ناچار بە ڤیتۆ کرا، بەڵام وەکو کێشەیەکی هەڵواسراو مایەوە دوا خرا بۆ کاتێکی دیارینەکراو.
سێیەم، لە کاتی خۆی دا کە ئێمە بەم کەتنەمان زانی بۆ هەڕەشە و ناچارکردنی بە پاشگەزبونەوە لەو بیرە، بە تاڵەبانیمان وت: «ئەگەر ئەو باوەڕی وایە عەرەبو تورکمانو کورد لە پارێزگای کەرکوک بین بە هەرێمێکی جیاواز، ئەوا باشتر وایە سلیمانیو هەولێر و دهۆکیش هەریەکەیان ببن بە هەرێمێکی فیدراڵی، ئەوسا هەر ٤ هەرێمی فیدراڵی پێکەوە ئەتوانن دەزگایەکی هاوبەشی کوردستانی پێک بهێنن. ئەوسا کەرکوکیش نابێتە حاڵەتێکی جیاواز لە پارێزگاکانی تری کوردستان.»
لە گۆڕانێکی وەهادا تاڵەبانی خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نەئەما، نە لە کوردستان و نە لە پارێزگای سلیمانی، بۆیە لە بەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی دا پەشیمان بوەوە، وتی: «من سوێندم خواردوە پارێزگاری دەستور بکەم، مادەی ١٤٠ یش مادەیەکی دەستوریە».
تاڵەبانی هەتا ئێستاش لە سەر کەرکوک بە دو جۆر ئەدوێ:
لەکۆبونەوە تایبەتیەکانی دا لەگەڵ تورکمانی کەرکوکو لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی تورک پشتگیری لەوە ئەکات کەرکوک ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی. لە کۆبونە گشتیەکانی کوردستانیش دا باسی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی کەرکوک ئەکا بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
لە ناو تورکمان و کورد و عەرەب دا هەن کە فیدراڵیەتی کەرکوک بە چارەسەرێکی گونجاو ئەزانن بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی کەرکوک، خۆ ئەگەر تاڵەبانی لەم بڕوایەدایە پێویست بەوە ناکات نیازی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوەو بەو دو جۆرە جیاوازە بدوێت.

ئێمە بیروبۆچونی خۆمان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکان بە گشتی و لە سەر جۆری چارەسەرکردنی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان دا، بە ئاشکرا لە دەیان وتار و گفتوگۆی رۆژنامەوانی و رادیۆیی و تەلەفزیۆنی دا بڵاو کردۆتەوە. لەم بارەیەوە هەر قسەیەک بکەن ئەچێتە خانەی موزایەدەی سیاسی بێ بایەخەوە. رەنگە هەبن لە دۆڕاندنی هەندێ ناوچەی کوردستان دا قازانجی سیاسی بکەن، بەڵام ئێمە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی یا مادی لە دۆڕاندنی مەترێکی سەرزەمینی کوردستان دا بە دەس ناهێنین.

چوارەم، ئێمە پێمان وایە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێم لە گەڵ پێویستیەکانیپێشکەوتنی گەلی کوردستاندا ناسازە:

حیزب و حکومەت تێکەڵاوە.

حیزب دەس وەر ئەداتە دەسەڵاتەکانی تەنفیزی، تەشریعی، قەزائی.

حیزب دەس وەر ئەداتە زانکۆ، پەیمانگا، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی.

حیزب دەس وەر ئەداتە بازاڕ و بازرگانی.

ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە بێلایەن نین.

بودجە رون نیە و، بە جۆرێکی ناعادلانە سەرف ئەکرێ.

گەندەڵی بە هەمو شێوەکانی کارگێڕی، دارایی، سیاسی، لە داوودەزگاکان دا رەنگی داوەتەوە.

ئەمانە بیروبۆچونەکانی ئێمەن، ئەمان شاردۆتەوە. بە ئاشکرا لە وتار و پەیام و گفتوگۆی رۆژنامەوانی دا دوبارەمان کردۆتەوە و، ئالتەرنەتیڤمان پێشنیار کردوە.

پێنجەم، لە شێوەی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ دا لە دنیای ئەم سەردەمەدا نەناوەندیێتی کارگێڕی بۆتە بنەمایەکی باوی کاری حکومەت و فەرمانگەکانی، کەچی ئەوە بە دژایەتی فیدرالیزم دائەنێ، لە کاتێک دا ئەمە بەشێکە لە چاکسازی کارگێڕی هەرێمی فیدرالی کوردستان. ئێمە پێمان وایە پێویستە چاکسازی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان دا بکرێ. پێویستە:

دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە خۆی ئەنوێنێت لە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە و ئاسایشو پۆلیس، پێویستە یەکگرتو بن لە دەسەڵاتی هەرێم دا. دەسەڵاتی تەشریعی کە بریتیە لە پەرلەمانی کوردستان پێویستە یەکگرتو بێو قانون بۆ هەمو هەرێم دابنێ. دەسەڵاتی قەزائی کە بریتیە لە ئەنجومەنی قەزاو دەزگاکانی سیستەمی قەزائی پێویستە یەک دەسەڵاتی قەزائی لە هەمو هەرێم دا حوکمڕان بێ و بە قانونەکانی پەرلەمان کار بکا. بەڵام ئەبێ دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتی کارگێڕیی هەرێمو دەسەڵاتی پارێزگادا دابەش بکرێ، کە ئەویان خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەمیان خۆی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دا ئەنوێنێ، واتە پەیرەوی بنەماکانی نەناوەندیێتی بکرێت.

ئەوانەی دژی «نەناوەندیێتی» و ئەم پێشنیارانە رائەوەستن ئەوانەن کە قازانجیان هەیە لە مانەوەی بودجەی هەرێم و جۆری سەرفکردنی و، دامەزراندنی کارمەندانی پلە و پایە جیاوازەکانی پەیژەی بەڕێوەبەرایەتی، لە تاریکی دا و، ئەوانەن بە جۆرێ لە جۆرەکان سودمەندن لە شێوە جیاوازەکانی گەندەڵی. ئێمە بیروبۆچونەکانی خۆمان لە سەر ئەو بابەتە گرنگانە نەشاردۆتەوە، هەم بە نوسین و هەم لە گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

دا بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا رونمان کردۆتەوە. ئەمە نەک بە تاوان نازانین، بەڵکو بەشێکە لە پرۆژەی چاکسازی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان.

## دەستور: خەبات بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ مافی کورد؟

تاڵەبانی لە چەند جێگەیەکی راپۆرتەکەی دا شانازی ئەکا بەو دەستکەوتانەوە کە لە دەستوری عێراق دا نوسراون، کەسێ ئاگای لە پرۆسەی نوسینی نەبێ وائەزانێ ئەمە قارەمانی بەدەستهێنانی دەسکەوتە دەستوریەکان. لێرەدا پێویستە بۆ مێژو لەم بارەیەوە شایەتیی خۆم تومار بکەم. هەر کەسیش ویستی وردەکاری زیاتری ئەم پرۆسەیە بزانێ، ئەتوانێ بپرسێ. بۆ خۆشبەختی مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئازاد بەرواری و د رۆژ شاوەیس، ماون کە بەشداری راستەقینەی پرۆسەکە بون. ئەمە جگە لە دەیان کەسی تر کە بەو بۆنەیەوە لەبەغدا رۆژانە لە کۆبونەوەکان دا بەشدار ئەبون.
من ئەندامی پەرلەمانی عێراق نەبوم، لەبەرئەوە ئەندامی لیژنەی دارشتنی دەستوریش نەبوم، کاتێک کە خەریک بو دارشتنی دەستوری عێراق بگاتە دوایین قۆناغی، چەند رەشنوسێک بڵاوکرایەوە کە مافەکانی کوردی بە رونی تیا دیاری نەکرابو. مەسعود بەرزانی بۆ بەشداری لە دوادارشتنی دا چو بۆ بەغدا، لەگەڵ خۆی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستانی برد، داوای لە منیش کرد لە گەڵی بچم بۆ بەغدا.
لە ژێر گوشاری ئەمەریکی دا بۆ ئەوەی پرۆسەی نوسینی دەستور بە رێکوپێکی بروا و لەکاتی دیاریکراودا تەواو بێو رابگەیەنرێ، »مەتبەخێکی سیاسی» لە نوێنەرانی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی عێراق و کوردستان پێکهێنرا بۆ تاوتوێکردنو ئامادەکردنی مادەکانی دەستور. لەو مەتبەخەدا تاڵەبانی و من نوێنەرایەتی یەکێتی مان کرد.
ئەو رەشنوسەی کە بۆ دەستور نوسرابو دەسەڵاتی سەرکۆماری سنوردار کردبو، پایەی سەرکۆماری کرد بوە کارێکی تەشریفاتی. تاڵەبانی خۆی ئامادەکردبو ببێتە سەرکۆمار، ئەو دەسەڵاتانەی بۆ سەرکۆمار، واتە بۆ خۆی بە کەم ئەزانی. ئەیویست دەسەڵاتەکانی فراوان بکات. لایەنە عەرەبیەکان کە شارەزاتر بون لە کورد، ئەیانویست سیستەمی سیاسی عێراق پەرلەمانی بێ و بۆ ئەوەی تەجروبەی سەردەمی سەدام دوبارە نەبێتەوە، سەرۆکی کۆمار پایەیەکی «تەشریفاتی و ئیحتیفالی» هەبێ. دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبێ بتوانێ سیستەمی سیاسی- پەرلەمانی بخاتە مەترسیەوە. تاڵەبانی بەمە رازی نەبو، لە کۆبونەوە سەرەتاییەکانی رۆژی یەکەم دا لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار دوانێکی توندوتیژی دا. لەبەرئەوەی کەس نەبو بە هاودەنگی بە تورەییەوە کۆبونەوەکەی بەجێهێشتو ئیتر هیچ بەشداریەکی جدی و کاریگەری لە گفتوگۆکانی نوسینی دەستوردا نەکرد، دو جار نەبێ کە هەردوک جارەکەش بە زەرەر بۆ کورد تەواو بو:
یەکێکیان، زوربەی لایەنە عەرەبیەکان رازی کرابون بەوەی کە لە دەستوری نوێی عێراق دا ئاماژە بۆ ئەوە نەکرێت «عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب» کە ساڵەهای

ساڵ هۆی ناکۆکی کورد و حکومه‌تی ناوه‌ندی عێراق بوه. ئه‌م ماده‌یه له ده‌ستوری چه‌ند ده‌وڵه‌تێکی عه‌ره‌بی دا هه‌یه‌و له ده‌ستوری چه‌ند ده‌وڵه‌تێکی تردا نیه.
تاڵه‌بانی بۆ رازیکردنی عه‌ره‌ب پێشنیارێکی هێناو، وتی: «ئه‌مه هی عه‌مرۆ موسای ئه‌مینی عامی جامیعه‌ی عه‌ره‌بیه‌و منیش پێم باشه بیخه‌ینه ده‌ستوره‌وه». پێشنیاره‌که‌ی بریتی بو له‌وه‌ی ئه‌م رسته‌یه: «وهو عضو مؤسس وفعال فی جامعه الدول العربیه وملتزم بمیثاقها» بخرێته ماده‌ی ٣ ی ده‌ستوره‌وه. پێشنیاره‌که‌ی به خۆشیه‌وه وه‌رگیرا و خرایه ده‌ستوره‌وه، به‌وه‌ش ناوه‌رۆکی ماده‌ی ٣ که دانی نابو به‌وه‌دا: «عێراق وڵاتێکی فره‌نه‌ته‌وه و فره‌ئاین و فره‌مه‌زه‌ب» ە لاواز بو.
دوهه‌میان، دوای ئه‌وه‌ی نوسینی ده‌ستور ته‌واو بو، ئیتر ئه‌بو بلاوبکرێته‌وه‌و بخرێته به‌رده‌م ده‌نگده‌رانی عێراق بۆ قه‌بولکردن یان ره‌فزکردن، زالمای خه‌لیل زاد، سه‌فیری ئه‌مه‌ریکا، له‌سه‌ر داوای هه‌ندێ لایه‌نی عه‌ره‌بی سونی ویستی ماده‌یه‌کی تازه تێهه‌لکێشی ده‌ستوره‌که بکرێ، له ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی داهاتودا بێ ئه‌وه‌ی ٨ ساڵ چاوه‌ڕوان بکه‌ن، ماده‌کانی ده‌ستور قابیلی ده‌ستکاری بن‌و زۆری ئه‌و مادانه‌ش که ئه‌یانویست ده‌ستکاری بکرێن، ئه‌و مادانه بون که به قازانجی کوردو شیعه بون.
لایه‌نی شیعه به‌هیچ جۆرێ ئاماده نه‌بون ئه‌م ماده‌یه قه‌بول بکه‌ن. به‌ڵام له‌سه‌ر داوای خه‌لیلزاد، تاڵه‌بانی لایه‌نی کوردی «ئیحراج» کرد قه‌بوڵی بکه‌ن، هه‌ر ئه‌وان لایه‌نی شیعه‌شیان به‌م گۆڕینه رازی کرد، به تایبه‌تی سه‌ید عه‌بدولعه‌زیز حه‌کیم که سه‌رۆکی ئیئتیلافی شیعه بو. پاش دوجار سه‌ردان و پێداگریه‌کی زۆر ئینجا ئه‌ویش له‌سه‌ر داوای کورد قه‌بولی کردو بو به ماده‌ی ١٤٢.
له کاتێک دا نوێنه‌رایه‌تی کورد خۆی ده‌وری سه‌ره‌کی هه‌بوه له دانانی ماده‌ی ١٤٢ دا بۆ ته‌عدیلکردنی ده‌ستور، که‌چی ئێستا خۆی به هه‌ڕه‌شه‌ی دائه‌نێ له ده‌ستکه‌وته ده‌ستوریه‌کانی.
عه‌ره‌ب ئه‌ڵێت «شر البلیه ما یضحک»!

## جاران و ئێستا

تاڵه‌بانی له راپۆرته‌که‌ی دا ئه‌ڵێ:
«پێویسته ئه‌م راستیه بۆ خه‌ڵک روون که‌ینه‌وه که بۆچی: له سه‌رۆک جاشه بابه‌لیاب خائینه‌کانه‌وه، تا سه‌ر مه‌لا کرێکار، تا سه‌ر جاشه هاره‌کانی خۆماڵی، تا سه‌ر کۆنه جاسوس و کۆنه به‌عسی، هه‌روه‌ها باڵی تورانی جه‌بهه‌ی تورکمانی، به‌گه‌رمی ده‌نگیان بۆ دان؟ ئایا له‌دژی پارتی و ی.ن.ک و حکومه‌تی هه‌رێم و کوردایه‌تی نه‌بوو؟»
جاران یه‌کێ له هونه‌ره‌کانی تاڵه‌بانی دوان و نوسین بو. پێ ئه‌چێ له ژێر کاریگه‌ری تورەیی دوڕاندنی هه‌ڵبژاردن دا ئه‌م هونه‌ره‌شی لاواز بوبێ. نوسینه‌کانی و وتاره‌کانی پڕن له قسه‌ی ناکۆک و رسته‌ی ناهاوسه‌نگ، ئه‌وه‌ی له شوێنێک دا ئه‌یڵێ له شوێنێکی تردا پێچه‌وانه‌که‌ی ئه‌ڵێ، له یه‌ک کات دا شتێک و پێچه‌وانه‌که‌شی دوباره ئه‌کاته‌وه.
لیستی ئه‌و تۆمه‌تانه‌ی بۆ من و بزوتنه‌وه‌ی گۆڕانی ریز کردوه پڕه له‌م جۆره شتانه. له لایه‌ک پێم ئه‌ڵێ سلێمانچێتی ئه‌کا، که‌چی له شوێنێکی تردا ئه‌ڵێ ٣ هه‌زار ملیۆن دۆلاری کۆریه‌کانی له کیس سلێمانی داوه چونکه له هه‌ولێر خه‌رجیان کردوه! له

لایەک پێم ئەڵێ دژی برایەتی کورد و گەلانە، کەچی لە شوێنێکی تردا ئەڵێ هاوکار و دۆستی کۆنە بەعسی و جاش و تورانیە! لە لایەک پێم ئەڵێ پیاوێکی توندوتیژە کەس قبوڵ ناکا کەچی لە شوێنێکی تردا ئەڵێ هاوڕێی مەلا کرێکارە، بە واتەیەکی تر دۆستی ئیسلامیە توندڕەوەکانە! لیستی تۆمەتە هەڵبەستراوەکانی هەمو سنورەکانی مەنتیقی تێپەڕاندوە، لە «تەخوێن» ی ئێمەوە سەر ئەکێشی بۆ «تەخوێن» ی سەدان هەزار هاوڵاتی ئەم نیشتمانە.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا زیاتر لە ٤٤٥ هەزار کەس لە هاوڵاتیانی کوردستان دەنگیان بە لیستی گۆران داوە... تۆ بڵێی ئەو هەمو خەڵکە جاشی بابلباب و کۆنە بەعسی و خائین بوبن؟ بۆچی ئەو کاتەی ئەم خەڵکە پاکە دەنگی بۆ یەکێتی ئەدا تێکۆشەر و دڵسۆز و هاوڵاتی پاک بون و ئێستاش کە دەنگیان پێ نەداون کۆنە بەعسی و جاشی بابلبابن؟ تۆ بڵێی هەمو ئەو خەڵکە دژی حکومەتی هەرێم و کوردایەتی بن؟

لە لایەکی ترەوە هەمو کەس ئەزانێ کەرکوک بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان دا نەکرد، ئیتر ئەم باڵە تورانیەی «جەبهەی تورکمانی» لە کوێوە هاتن و چۆن دەنگیان بە ئێمە دا؟ لەمەش بترازێ هەرکەسێ باسی تورانی و جەبهەی تورکمانی بکات، هەق نیە تاڵەبانی بیکات، چونکە ئەو بو ئێکلیلی گوڵی بردە سەر گۆڕی ئەتاتورک و هەر لەوێش رایگەیاند دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە، نەک من و هەڵسوڕاوانی گۆڕان. ئایا هیچ لۆجیکێ لەم قسانەدا هەیە؟ ئەگەر ئەمانە هەر هەموی هەوڵێکی ڕێکخراو نەبێ بۆ پەلپ گرتن و بیانو هێنانەوە دژی بزوتنەوەی گۆڕان چ مەبەستێکی ترە لە دوایە؟

## کاکڵەی راپۆرتەکەی تاڵەبانی و مەبەستی پلینۆم

تاڵەبانی لە راپۆرتەکەی دا ئەڵێ:

«سیاسەتی راستەقینەی گۆڕانی گردەکە، کە دەکاتە گۆڕانی نەوشیروان، لەدەستپێکیەوە دژی ی.ن.ک کاردەکات.

بەڵام سیاسەتی شاردراوە، یان نیمچە شاردراوەیان دژی کوردایەتی، دژی فیدراڵە، دژی یەکێتی خاکی کوردستانە، دژی گەڕاندنەوەی کەرکوکە بۆ باوەشی هەرێم، دژی (هـ.پ.ک)و یەکێتیی خەڵکی کوردستانە. چۆن؟

١- دژایەتیکردنی (ی.ن.ک) بۆ هەموو خەڵک و خۆمان ئاشکراو روونە، بۆیە پێویستی بەباسکردن نییە.

٢- دژی فیدرالی کوردستانن: گەر بۆیان بکرێ سلێمانی لە هەرێم جیادەکەنەوەو هەرێم پارچە پارچە دەکەن، هەر پارێزگایەک بۆ خۆی لامەرکەزیەتیکی هەبێت.

٣- دژایەتی کوردایەتین: بەنەهێشتنی ئەو کیانە سیاسیەی کوردستان دژی هەرێمو فیدرالیەتی کوردستانن.

٤- دژی هاتنەوەی کەرکوکن بۆ سەر کوردستان: هەردەم بەگوتەیەک جارێکیان دەڵێ وا چەمچەماڵ و کفری و کەلار هاتۆتە سەر سلێمانی و زۆربەی نەوت و غاز لەوێیە: ئیتر ئێمە بۆ لەسەر کەرکوک هەرا بکەین؟ جارێکی تریان دەڵێ: با کەرکوک پارێزگایەکی سەربەخۆ بێت! لەهەردوو جاردا کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێم!

٥- لای هەندێ دەوڵەت و هەندێ لایەنی سیاسی سیاسی عیراقی دەڵێ (هـ.پ.ک) زیادەیەو پێویستمان پێی نەماوە.
٦- هەندێ جاریان نەوشیروان بەئاشکرا دەڵێ بادینی کورد نین، کەرکوکی کەس نازانێ چین؟ هەولێریش (قسەی قیزەون دەکات)، بۆیە هەر سلێمانیمان بەسە:
جا هەڤاڵینە: ئێمە پێویستە کە لەسەر گۆڕانی نەوشیروان دەنووسین، ئەم راستیانە بۆ خەڵک روون کەینەوە. نەک شتی شەخسیەکانیان. پێویستە خەتەری ئەو سیاسەت چەوتەیان ریسوا بکەین.
هەروەک پێویستە ئەم راستیەش بۆ خەڵک روون کەینەوە، کە ئەو گۆڕانە پێویستە بە نەوشیروان ناکرێت، بەڵکو بە ی.ن.ک و پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، کە ئەوان دژایەتیان دەکەن.»

## ئەمە کاکڵەی راپۆرتەکەی تاڵەبانی و مەبەستی سەرەکی پلینۆمەکەیەتی!

تاوانبارکردنی بزوتنەوەی گۆڕان بەو هەمو دوژمنایەتیە لە گەڵ کوردایەتی، فیدرالیزم، پێشمەرگە، کەرکوک.... جگە لە چەواشەکاری شتێکی تر نیە.
مەبەستی تاڵەبانی لە پلینۆمەکەی نمایشی سیاسی، عەسکەری، نەفسی‌یە... بۆ سازدانی هەمو هێز و توانای خۆی و یەکێتی و داوودەزگا حکومەتیەکان، دژی بزوتنەوەی گۆڕان. لە بەر ئەوەی خۆی سەرکۆماری عێراقە و لە هەمان کات دا سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی و فەرماندەی گشتی پێشمەرگەکانی و بەرپرسی یەکەمی دەزگاکانی زانیاری و هەوالگری و ئاسایشە، حیزبەکەشی هاوبەشی حکومەتی ناوەندیی بەغداد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەبێ راپۆرتەکەی بە هەڕەشەیەکی جدی وەربگیرێ.
مرۆڤ ئەبێ بپرسێت:
ئایا ئەو لێشاوی تیرۆر و تۆقاندن و هەڕەشانەی لەدوای پلینۆمەوە بۆ سەر لایەنگران و هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەستی پێ کردوە، پەیوەندی بەم قسە و تۆمەتانەوە نیە کە تاڵەبانی بۆ بزوتنەوەی گۆڕانی هەڵئەبەستێت؟
ئایا ئەو تۆمەتانەی تاڵەبانی بۆ بزوتنەوەی گۆڕانی ریز ئەکات، هەڵکردنی چرای سەوز نیە بۆ ئەو دەستدرێژییانەی لە دوای پلینۆمەوە کراوەتە سەر لایەنگر و هەڵسوراوانی گۆڕان؟
ناساندنی بزوتنەوەی گۆڕان و هەڵسوڕاوەکانی لە لایەن تاڵەبانیەوە، بە خەتەر بۆ سەر کوردایەتی، هەرێمی کوردستان، فیدرالیزم، دیموکراسی، پێشمەرگە، کەرکوک و دانانی بە دوژمنی یەکێتی و کورد و کوردستان خۆشکردنی زەمینەیە بۆ پاکتاوی جەستەیی بزوتنەوەکە و هەڵسوڕاوەکانی.
بۆیە لەدوای ئەم راپۆرتەوە کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن راگەیاندنی یەکێتیەوە بلاو کراوەتەوە، ئوبالی هەمو روداوێکی ناخۆش و قەوماوێکی نەویستراو ئەکەوێتە ئەستۆی تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ئەوان بەرپرسیاری سەرەکی هەمو پاشهاتەکانی ئەبن.

# پاشکۆ

بۆ یه‌کێ بیه‌وێ هه‌ندێ به‌ڵگه‌ی خۆڕێکخستنه‌وه‌ی دوای ئه‌نفال بخوێنێته‌وه ئه‌توانێ سه‌یری ئه‌م بابه‌تانه بکا:

- به یاننامه‌ی یه‌کێتی به بۆنه‌ی ئه‌نفاله‌وه
- پایه‌کانی ستراتیجی قۆناغی نوێی کار
- په‌یڕه‌وی ناوخۆی سرک
- کتێبی کاره‌ساتی کیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه به‌هاری ١٩٨٨، له‌نوسینی شه‌وکه‌تی حاجی مشیر، وێنه‌ی به‌رگی کتێب، لاپه‌ره ٨٩ و لاپه‌ره ٩٥.

---

بۆ یه‌کێ بیه‌وێ ئه‌و وتار و په‌یامانه بخوێنێته‌وه که له سه‌ر که‌رکوک و ناوچه دابراوه‌کان بڵاومان کردۆته‌وه ئه‌توانێ سه‌یری:

ڕۆژنامه‌ی ڕۆژنامه:

- ژماره٤١ ڕۆژی٢٠/٠٨/٢٠٠٧ :کێبه‌رپرسه له جێبه‌جێ نه‌بونی ماده‌ی ١٤٠؟ئه‌مریکا، عه‌ره‌ب یان کورد؟لاپه‌ڕه١٠
- ژماره٧٧ڕۆژی٠٩/١٠/٢٠٠٧ :دیسانه‌وه ماده‌ی ١٤٠: هه‌ڵسه‌نگاندنێکی جیاواز. لاپه‌ڕه١٢
- ژماره٢٧٠ ڕۆژی٢٨/٠٧/٢٠٠٨ :کورد نه‌یتوانی نمونه‌یه‌کی باش بدات به نه‌ته‌وه‌ی تورکمان و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب له که‌رکوکدا. لاپه‌ڕه٥-٤
- ژماره٣٢٩ ڕۆژی٢٢/١٠/٢٠٠٨ :پرسی که‌رکوک: کورد له‌گه‌ڵ تورکمان چی بکات؟. لاپه‌ڕه٢

سایتی سبه‌ی:

- نه‌وشیروان مسته‌فا: که‌رکوکمان نه‌دۆڕاندووه
http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=١٢٢&cat=٢&title=٢

---

بۆ یه‌کێ بیه‌وێ ئه‌و وتار و په‌یامانه بخوێنێته‌وه که له سه‌رفیدرالیزم و سیسته‌می به‌ڕێوبردن له کوردستان دا بڵاومان کردۆته‌وه ئه‌توانێ سه‌یری:

ڕۆژنامه‌ی ڕۆژنامه:

- ژماره٥١٤ ڕۆژی١٩/٠٧/٢٠٠٩ ، پاشکۆی به‌ره‌و گۆڕان ژماره١٩:ئێمه له کۆنه‌وه لایه‌نگیری ئه‌وه بووین پارێزگاکانی هه‌ولێر، دهۆک، سلێمانی، چه‌ندین ده‌سه‌ڵاتی یاسایی و ئیداریی و داراییان هه‌بێت. لاپه‌ڕه٥-٤

سایتی سبه‌ی:

- نه‌وشیروان مسته‌فا: لایه‌نگری حوکمی لامه‌رکه‌زیم له کوردستاندا

٢=cat&٣٢٥=http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id
٢=title&

• نوینەرایەتی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسی عێراق دا: چی کردوە و ئەبو چی بکردایە؟
Autho&٨٢٢=http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID
٢٦=rID

٢٠١٠ ,٠٥ Tuesday, January

# دەقی ڕاپۆرتی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی ی.ن.ک لە پلینۆمی چوارەم

٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١

PUKmedia - کوردستانی نوێ ٢٥/١٢/٢٠٠٩ ١٠:٣٠

**هەڤالان و دوستان!**
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژانی (٢٩-٣٠-٢٠٠٩/١٠/٣١) لەهۆڵی تەلاری هونەری شاری سلیمانیدا، بەئامادەبوونی زیاتر لە(١٦٠٠) هەڤال چوارەمین پلینۆمی بەست، ئەگەر:

یەکەمین پلینۆم (١٩٨٩- زەڵی)، سەرەرای یەکخستنی باڵەکانی ناو یەکێتی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆرشگێران) لەهەلومەرجی سەختی ئەنفالەکاندا، لایەنی گەش و خامۆشی هەبووبێ.

- دووەمین پلینۆم(١٩٩٢ –شەقلاوە)، لەدوای راپەڕین بۆ کردنەوەی دەرگا لەرووی رەوتە چەپ و دیموکراتەکاندا بۆ یەکگرتنەوەیان لەناو ی.ن.ک-دا، وێرای لایەنە گرنگەکانی لەو هەلومەرجەدا، بۆ بەهێزکردنی یەکێتی و پاراستنی ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان لەبەرامبەر دژە دیموکراتەکاندا، پاشماوەی کێشەو ململانێکانی ناو رەوتی چەپ و دیموکراتەکانی بۆ بونیادنانی ئەزمونێکی دیموکراتی تازە بونیاتنراوی بنەبرنەکردبێ.

-سێیەمین پلنیۆم ( ٢٠٠٧ - قەلاچوالان) بۆ دارشتنەوەی سیاسەت و چارەسەرکردنی کێشە پەنگخواردوەکانی سەردەمی شاخو شاری هەناوی یەکێتی، تارادەیەک کاریگەریی هەبووبێت، بەلام نەشی توانیبێ سەرجەم گرفتەکان، بەتایبەت لەناو پەیکەرەی ڕێکخراوەیی و سەرکردایەتیدا، چارەسەر بکات، ئەوا..

-چوارەمین پلینۆم (٢٠٠٩ – سلیمانی) بەستنی لەهەلومەرجێکی ڕێکخراوەیی دژوارتر لەهەلومەرجی هەرسی پلینۆمەکەی پێشترو تەنانەت یەکەمین کۆنگرە (١٩٩١)و دووەمین کۆنگرەش (٢٠٠١)، هەلومەرجێک، جگەلەوەی بۆ هەمووان دەرکەوت، ئەوانەی لەناو یەکێتیدا، لەدوای تێکچوونی مفاوەزاتەکەی (١٩٨٣-١٩٨٥- نەک لەسێ چوار ساڵی رابوردودا گوایە دژایەتی گەندەڵی و تاد..)دەکەن، لەهەر قۆناغێکدا بەجۆرێ خەریکی قوولکردنی گێروگرفت و ململانێ تایبەتی و گشتییەکان بوون، بۆ داپۆشینی شکستە سیاسییەکانیان و بۆ هەڵرشتنی رق و کینەی لەمێژینەیان هیچ جۆرە چارەسەرێکیشیان نەدەسەلماند، ئەمانە دەرکەوتن لەپێناوی چ جۆرە کودەتایەکی ڕێکخراوەیی خۆیان

مەلاسدابوو، ئەم ڕاستییە مێژووییانە، کەچیتر تەمومژی سیاسی، فکریو ڕێکخراوەیی ناو هەڤالان و خەلکی ڕەواندەوەو بواری پڕوپاگەندەی نابەجێی بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی نەهێشتەوە. بەلێ..

کۆی کێشە پەنگ خواردوەکانی ناو یەکێتی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە کە بەپشوویەکی بێوێنە لەمێژووی حیزبایەتیدا سیاسەتی گێرەشێوێنی و پیلانگێڕییان تەحەمول دەکرا، سەرەڕای ئەوەش گەیاندیانە دوابڕیاری جیابوونەوەو سەرەنجامی چاوەڕوان نەکراوی هەلبژاردنی پارلەمانی کوردستان، ئەمە جگە لەگیروگرفتە پاشماوەی کێشەو بێشەی هێشتا چارەسەرنەکراوی ناو یەکێتیش کە ئەمیش بەگوێرەی خۆی دابڕاو نەبوو لەو هەولانەی جیابووەکان لەناو یەکێتیدا دەیاننا، کۆی ئەم کێشەو ململانێ و ناکۆکییانە، ڕوبەڕووی سەرکردایەتی یەکێتی لەچوارەمین پلینۆمدا ببوونەوەو دەبوایە لەم بارودۆخەی جیهان، ناوچەکە، عیراق، کوردستان و یەکێتیدا، بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ پلینۆم دابڕێژرێ، بەشێکی زۆری ئەو کێشانە چارەسەر بکات، نەک بەپینەو پەڕۆی کاتیی ڕۆژانی پلینۆم بەڕێ بکرێ. ئەمەش کارێکی سەخت بوو. بەتایبەتی، لەم پلینۆمەدا، (جیابوەوەکان) سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئاشکرایان، کەنالە ژێربەژێرەکان، هەروەها، دەستکێشە پیلان گێرەکانیشیان، بەردەوام خەریکی پڕوپاگەندەی سایکۆلۆژی و دروستکردنی نائومێدی بوون، هەتا وەکو نەخشەیان بۆ کێشابوو چوارەمین پلینۆمیش، بەدەردی پلینۆمەکانی دیکە بەرن، بەلکو دەیانویست یەکێتی لەناو پلینۆمدا بگەیەننە بنبەست و نائومێدی لەناو هەڤال و ئۆرگانەکانیدا، بەیەکجارەکی تەشەنە بسێنێت.
کورتیەکەی، ڕەنگە کەم حزب لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، وەکو یەکێتی، کەوتبێتە بەر قەدەرێکی چارەنوسساز، لەم پلینۆمەدا، کەچارەیەک لەبەردەمیدا نەمابوو، تەنیا سەرخستنی پلینۆم نەبێ، ئەمەش مەحال بوو، ئەگەر بەڕێوشوێنێکی گونجاو و بەشێوەیەکی فراوان، گوێ لەئۆرگان و کادرو ئەندامانی پلینۆم نەگیرێ، ڕەخنەکانیان بەسنگێکی فراوان قبول نەکرێ و پێشنیازەکانیان نەخرێنە ناو ڕاپۆرتی هەڤال سکرتێری گشتی و کۆمیتە پێکهێنراوەکانی پلینۆم کە زیاتر لە (٥٠٠) هەڤال بەشدارییان تیا کرد.
یان بەشێوەیەکی دیکە بلێین: دەبوو پلینۆم بدرێتەوە دەست بنکەو بنەماکانی یەکێتی، هەتا بە پەرۆشیی خۆیان، ڕێوشوێنی چارەسەرکردنی گرفتەکانی دیاری بکەن و نەخشە ڕێگای دوای پلینۆمیش بنەخشێنێت.
لەم ڕێرەوەشدا، ڕاپۆرتی هەڤال سکرتێری گشتی، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی یەکێتیدا، ئەوەی لەبنی بەرەبوو، خستیەسەر بەرە، نەک ئێستا، بەلکو مێژووی یەکێتیشی لەگەلی بڕیاری نابەجێ، چەواشەکاری، دووڕویی، ڕاڕایی، تاوان و هەلپەرستی ڕزگارکردو بەرچاو ڕۆشنیەکی زۆری بەخشییە هەڤالان، بەمەش دەروازەی گفتوگۆیەکی ئازادو هەمەلایەنەی کردەوە، کە ئیتر دوودلی لەباسکردنی ڕاستییەکان و ڕاستکردنەوەی هەلەکان لەلوتکەی یەکێتییەوە بۆ دامێنی نەمێنێ. کە پێمانوایە ئەم ڕاستییەش، نەک نهێنی، بەلکو فەلسەفەی سەرکەوتنی چوارەمین پلینۆمی یەکێتی بوو. گەرچی درکاندنی ئەم ڕاستیانە دواخران و لەم دواخستنەی ڕاستیەکانیشدا، (جیابۆوەکان) سوودێکی زۆریان لەچەواشەکردنی ڕێکخستن و ئۆرگانەکان و ڕای گشتی دا وەرگرت، بەلام

لەناو پلینۆمدا هەڵدانەوەی لاپەڕەی بەشێکی بەرچاوی ڕاستییەکان، کاریگەریی فراوانی هەبوو. باس نەکردنی ڕاستیگەلێکی دیکەش، بێگومان لەناو نانێکی گەرمدا، بابمێنێ.
بۆ مێژوو دەبێ بڵێین: ئەندامانی پلینۆمیش، بەڕاستی جۆشی پەرۆشی یەکێتیان خواردبوو. بەدڵ و بەگیان، بەهەست و هەڵوێستی جوامێرانەیان، دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی هەڤاڵ سکرتێری گشتی و درکاندنی زۆربەی ڕاستییەکان، هەر وەکو مۆتەکەیەکی لەمێژینەی سەر ویژدانیان لەکۆڵ بووبێتەوە، بێ دوودڵی، یەک ئاراستەو یەک هەڵوێست، کەوتبوونە مشتومالی ناو مالی یەکێتی و بەگیانێکی یەکێتیانە، ئەو گیانەی دەمێک بوو بەپیلان، لەناو ئۆرگانەکاندا سارد دەکرایەوە. بوژایەوەو هەڤالان ئەرکەکانیان رادەپەڕاندو ڕۆژانی پلینۆم و کۆمیتەکانی پلینۆم و گفتوگۆی هەڤالانەی ناو پلینۆمەکەیان، چەشنی شانە هەنگ لێکردبوو، شێلەی دڵسۆزی هزریان، لەناو هەنگستانی پلینۆمدا، چۆر چۆر لەناو هۆڵەکەدا، داچۆڕاند، هەتا پلینۆم بەرهەمێکی ئەوتۆی هەبێ، لەئاستی لێپرسراویتی مێژوویی دا بێ، هەرواش دەرچوو.

کاتێک، ڕاپۆرتەکان دەخوێندرانەوەو پێشنیاز، ڕەخنە، بیربۆچوون و گفتوگۆکان پێشکەش دەکران، هەموو ئەندامێکی پلینۆم هەستی دەکرد، چ وزەیەکی شاردراوە لەناو هەڤالاندا تەقیوەتەوەو چ ئایندەیەکیش، پێچەوانەی پروپاگەندەی دژەکانو دوژمنان، چاوەڕێی یەکێتییە. سەرباری ئەو سەرکەوتنانە:

خوێندنەوەی ((پەیمانی ئاکار))و یەکە یەکە مۆرکردنی لەلایەن هەڤالانی مەکتەبی سیاسییەوە، فرمێسکو شادی ناو هەڤالانی، کردە تابلۆیەکی دۆخێکی ڕاچەنینی یەکێتی و یەکێتییە شۆڕشگێڕەکەی جۆشدایەوەو خستەوە سەر ڕەوتە مێژووییەکەی، بۆئەوەی قۆناغی نالەباری کێشمەکێشەکان جێ بهێڵێت و بەدڵنیاییەوە ئەرکەکانی لەمەودواش ڕاپەڕێنێ.

پەیمانی ئاکار، ڕەنگە لەڕوویەکەوە، مایەی پەسەندی گەلێ لەهەڤالان و دۆستان نەبێ، لەبەرئەوەی پێیانوایە پەیڕەوی ناوخۆ، خۆی لەخۆیدا پەیمانی حزبایەتییە، ئەمە ڕاستە. بەلام ئەم ڕاستییە، ئەو ڕاستییە ناخاتە پەراوێزەوە، کە یەکێتی لە هەلومەرجی دوای جیابۆوەکان، ئیتر دەبوو بەرەسمی پەیمانێکی نوێ رابگەیەنێ هەتا بتوانێ تەواوی ڕێکخستن بخاتەوە سەر هەستو هەڵوێستی هەڤالانەو ئاراستەی پابەندبوون بەپەیڕەوو پرۆگرام، جوانتر بەرجەستەی بکات.

پەیمانێک، ئەویش لەناو پلینۆمێکی وادا، بۆچی دەستوبرد نەخرێتە خزمەتی پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتی؟ ئەی بۆچی بروسکە ئاسا (پەیمانی ئاکار) ئەمان هێنێتەوە سەر ڕەوتی ڕاستەقینەی یەکێتی؟ ببینیشمان پەیمانەکە چ هەژانێکی خولقاند. دەمێنێتەوە چۆن جێبەجێی دەکەین.

هەڤالانو دۆستان!

واپلینۆم بەدڵی هەمووان تەواوبوو، هەمووشمان پەیمانمانداوە بڕیارە پەسەندکراوەکانی جێبەجێ بکەین، کەوابێ:

لەدوای پلینۆمەوە، سەرجەم هەڤاڵ و ئۆرگانەکانی یەکێتی ئۆباڵیان کەوتوتە ئەستۆ، پێویستە سەرکردایەتی، بنکەکانی ڕێکخستن و ئۆرگانەکانی دیکە، پێکڕا شان بدەینە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، هەتا بتوانین هەم دۆخی ڕێکخراوەیی یەکێتی چاکو چالاک بکەین. هەم زەمینەیەکی لەباریش بۆ بەستنی سێهەمین کۆنگرە برەخسێنین و یەکێتی لەهەموو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەک دەربازبکەین.

تەنیا بەمەش، گیانی شەهیدان و دەروونی کەسوکاریان ئاسوودە دەکەین، یەکێتیش لەهەموو پیلان و مەترسییەکی گەورەو گچکەی ئێستاو ئاییندە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە دیموکراسیو مەدەنی و عەلمانییەکان، هەروا بۆ جێبەجێ کردنی وردە وردەی عەدالەتی کۆمەلایەتی، ڕزگار دەکرێ.

بەهیوای سەرکەوتنی زیاترو پێشکەوتنی زۆرتر..

بۆ پێشەوە بەرەو جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی چوارەمین پلینۆم

مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک ١٥/١١/٢٠٠٩

هەڤالانی تێکۆشەر

بە سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە، بۆ کۆبوونەوەی ئەم پلینۆمەمان بەخێرهاتنتان دەکەم، هیوادارم هەموومان پێکەوە بەوردی لە هەلومەرجە بابەتیو تایبەتییەکان و دۆخی عێراق بەکوردستانیشەوە، دۆخی ی.ن.ک و حکومەتی هەرێم و هاوپەیمانیەکانمان بکۆڵینەوە، جگە لە دەرس و پەندی پێویست، ڕێبازی دروستمان و هەڵوێستە ڕاست و ڕەواکانمان دیاری بکەین و بوێرانەش چاو بە خەباتی خۆماندا بخشێنینەوەو لایەنە گەش و سەروەرییەکان و لایەنی هەڵەو خامۆشیەکانیش بەکردەوە، دوور لەلادان و بادان، دەست نیشان بکەین و ڕێگەی نوێبوونەوەو چاکسازی و گەشەپێدان لەهەموو بوارەکانی ژیانی حزبایەتی، سیاسی، حکومی، هاوپەیمانی، فیکریو.. هتد بەپێی گیانی سەردەمەکە بگرینەبەر، نە لەڕابردودا بخولێینەوەو نەبازیش بدەین بەسەر گەشەکردنی سروشتی قۆناغی گوزەراندنی دیموکراسی لە کوردستانی تازە ڕزگارو ئازادکراودا.

هەڤاڵینە:

پلینیۆمەکەمان، لەکات و ساتێکی دژوارو پڕ لە مەترسی، بەڵام لەبارو پڕ لە ئومێدی ئایندەیەکی سەرکەوتوتر دەبەستین. لەم سا ت و کاتە سامناکەدا دەبەستریت کە عێراقی پێدا دەڕوات، کەلەچەندین لاوە چاوچنۆکی ناحەزان و دوژمنانی لێ زەق بوتەوەو گەرەکیانە ئەو کورپە ساوایەی دیموکراسی و فیدراڵی و سەربەخۆیی بەجۆرەها پیلانی ئابوری، سیاسی، تیرۆریستی و تیکوپیکدانی ژێرخان، لەناوبەرن و عێراق بەرەو رۆژگاری رەشی دیکتاتوریەت بگەڕێننەوە دواوە، یان هیچ نەبێت بیخەنە ناو گێژاوی تیرۆر، پشێوی، سەرلێشێوان، تەنگو چەڵەمەی ئابووری، سیاسی و کۆمەلایەتیەوە، ئەم راستیەمان دەبێت لەبەرچاوبێت کە هەر لە ئێستاوە دوژمنان خۆیان بۆ سازدەدەن، تا بەتایبەتی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق هەلکوتنە سەر رەوتە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکەی عێراق، بەنیازی لەناوبردنی.

لەئاستی ئەم مەترسیانەدا، دەوری جولانەوەی خەڵکی کوردستان، (ی.ن.ک)، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە نیشتمان پەروەرەکانی تر، دەبێ بەچاکی و دووربینانە لەم پلینیۆمەدا دیاری بکەین. بۆیە پلینیۆمەکەمان لەم ئاستەشدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هەروەک بۆ دیاریکردنی هەلومەرجەکانی رێوشوێن دانان بۆ ئەو مەترسیانەو سەرکەوتن بەسەر پیلانی دوژمناندا، پاراستنی عێراقی دیموکرات و فیدراڵا، دەبێ ژیرانە بریاری پێویست بدەین. لە ئان و کاتی خۆیشیدا، شۆرشگێرانە بەرپەرچیان بدەینەوە.

بێگومان، گەشەپێدانی (ی.ن.ک)و خۆنوێکردنەوەو چاکسازی پێویست، لە هەموو بوارەکاندا، زۆر گرنگ و بایەخدار دەبن. بەتایبەتی چونکە (ی.ن.ک) لە هەموو بوارە گرنگەکانی خەباتی کوردایەتی، هاوپەیمانی کوردستانی، هاوپەیمانی عێراقی، دارشتنی دەستووری عێراق، چەسپاندنی دیموکراسی و فیدراڵی و گەشەپێدانی رەوتی دیموکراتی، رۆڵێکی کاریگەری دیاری بەجۆرێک هەبووە کە زۆرجار بۆتە هەوێنی ئەو هاوپەیمانیانەی لەعێراق بە کوردستانیشەوە پێویست و چارەنووساز بوون.

جا لێرەشدا بەهاو گرنگی پلینیۆمەکەمان و کاریگەری گەشەپێدانی (ی.ن.ک) بۆ دوارۆژی عێراق و کوردستان، ساغ دەبێتەوە.

بۆیە، لەراستیدا بەهێزکردنی (ی.ن.ک)و گەشەپێدانی بۆ پاراستنی رەوتی دیموکراتی عێراق و فیدراڵ، سەربەخۆیی عێراق، پاراستنی حکومەتی هەرێم و گەشەپێدانی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووریەو خوێندەواری کوردستانیش، زۆر گرنگ و پێویستە. پێچەوانەکەشی لاوازکردنی (ی.ن.ک) و چەواشەکردنی خەڵک دەربارەیو درۆو بوختان هەڵبەستن بۆی، راستەوخۆ خزمەتی دوژمنانی کوردو کوردستان، داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی دیموکراسی دەکات. راستەوخۆ خزمەتی پیلانی کۆنەپەرست، بەعسییە سەددامیەکان، شۆڤێنیەکان و تیرۆریستان دەکات. هەربۆیەش

دەبینین کە ئەوانە، بە کۆنەجاشەکانی سەر بە بێگانەو جاسووسەکانی بەعسی سەددامی هەموویان دژی (ی.ن.ک) و پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانن. ئەگینا چ شتێک لەگەلا ئەوانەی ئەم دژایەتیە دەکەن، لە بەگژداچوونی پارێزەرانی کوردایەتی و حکومەتی هەرێم و فیدرال دا گۆیان دەکاتەوە؟

ئەو بەرەیەی کۆنەپەرست، کۆنەبەعسی سەدامی، شۆڤێنیەکان، دوژمنانی دیموکراسی و فیدرال، بەهەندێ لە سەرۆک جاشە نیشتمانی فرۆشەکانی کوردیشەوە کلکیان لێک گرێداوە، دژی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان لەڕێی دوژمنایەتیکردنی ی.ن.ک و پارتی و حزبە کورد پەروەرەکانی ترەوە. ئەم سیاسەتەش، چ بە فرت و فێل و پیلانی تایبەتی راستەوخۆ بێ، چ لە ڕووی بابەتیەوە بێ، ئەم سیاسەتە هاوپیلانییەو هاوپێناوییە، وردە وردە دڵنیاین بەپێی هەلومەرج و بۆلوانیان، مەترسیەکان و نەخشەکانی زەقتر دەردەکەون.

جا ئەوانەی داوای پچڕپچڕکردنی ئیقلیمی کوردستانی رزگار دەکەن و بێباکن، بگرە ناشیانەوێت ناوچە دابڕاوەکان بە کەرکوکیشەوە بگەڕێتەوە سەر هەرێم، بە هەر ناو و بیانوویەک بێت، راستەوخۆ خزمەتی ئەو بەرەیەی دوژمنانی دیموکراسیو کوردایەتی دەکەن. لەم ڕێڕەوەشدایە لە کۆبوونەوەکانیاندا دەڵێن: بەڕێوەبەرێکی گشتی لە بەغداد قبول دەکەین، بەلام وەزارەت لەکوردستاندا وەرناگرین!!

بۆیە هەڤالینە، زۆر گرنگە ئەم پلینیۆمەمان ببێتە خاڵی وەرچەرخان و ئاراستەی نوێی وریابوونەوە لەسەر تەواوی ئاراستەو ئاستەکانو بیکەینە پلینیۆمی گەشەپێدانی (ی.ن.ک) بە چاکسازی ناو ریزەکانی خۆمان و بنبڕکردنی یەکجارەکی دەستەگەری، بەچەسپاندنی یەکێتیی ریزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر بنەمای سەرەتاکانی سیاسیو ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی دیموکراتی سەردەمانە. هەر تەنها بە راپەڕاندنی ئەم ئەرکە بابەتیو تایبەتیانەش دەتوانین یەکێتیی لەناو ئەو گێژاوە سیاسیو ڕێکخراوەییە دەرباز بکەین، کە ساڵەهایە بە نەخشەو مەرامو رقو کینە، یەکێتیی خراوەتە ناوی.

ئەرکەکانمان

## یەکەم گەشەپێدانی ی.ن.ک

ئەم گەشەپێدانەی (ی.ن.ک) تەنها بۆ خۆی، بۆ پتەوکردنی نێوانی لەگەل کۆمەلانی خەلک، هێزەکانی هاوپەیمانی کوردستانی و عێراقی پێویست و گرنگ نیە، بەڵکو ئەرکێکی نیشتمانی (عێراقی و کوردەواری)شە، لەهەمان کاتیشدا شەرتێکی گرنگیشە لە پەکخستنی ئەو هەوڵ و کۆششانەی دژی رەوتی دیموکراتی عێراق و دژی دەستورو فیدرالاو ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دەدرێن. بۆ ئەم گەشەپێدانەش، پێویستیمان بەم ئەرکانەی خوارەوە هەیە:

١- پتەوکردنی یەکێتیی ریزەکانمان بۆ بنبرکردنی دەستەگەری.

٢- پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری‌و فیکری لەناو ئەندامانو لایەنگران و کۆمەلانی خەلکیشدا: گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری و فیکری زۆر گرنگە. ئەمەش بە پاک کردنەوەی هەمەلایەنەی ئەو ژینگە سیاسی و فکرییە دێتەدی، کە سالەهایە لە کوردستاندا بە هەلە، بە تێنەگەیشتنی بابەتیانە، بە مەرامو ئەخشە، ئاوێتەی بیرو بۆچونی ناڕاستو هەلدێراوی کراوە.

٣- دیاریکردنی کەموکوڕیەکان، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانیانو ژیاندنەوەی گیانی رەخنەلەخۆگرتن لەناو ریزەکانی (ی.ن.ک)دا.

٤- ئەم پلینیومە بەردەبازی کۆنگریس بێت. لەمەودواش بەستنی پلینیۆم و کۆنگریس لەکاتی خۆیدا بآ دواخستنیان.

٥- سەرخستنی هەڤالانی ژنان و کچان و لاوانی بەتواناو لێوەشاوە بۆ هەموو دەزگاکانی سەرکردایەتی و مەکتەبە جیاجیاکان.

٦- جۆشدانەوەی گیانی پێشمەرگانەو بیروباوەڕی دیموکراتی و کوردایەتی لەناو (ی.ن.ک)و لەناو کۆمەلانی خەلکدا.

٧- هۆشیاربوونەوەمان و، هۆشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەلک لە مەترسیەکانی سەر رەوتی دیموکراتی عیراق، فیدرالا، دەستوور، سەربەخۆیی عیراق، بوژاندنەوەی گیانی هەست کردن بە بەرپرسیاریتی نیشتمانی، کوردایەتی لەناوخۆمانو خەلکدا.

٨- بژارکردنی ریزەکانمان بە لێکۆلینەوەی ورد لە هەموو ئەوانەی گەندەل بوون، ژیاندنەوەی گیانی حیزبایەتی و فیداکاری لەپێناوی خەلکدا.

٩- چونەوە ناو کۆمەلانی خەلک: رێکخستنەکان نابێ هەر خەریکی خۆیان بن، بەلکو دەبێت شانبەشانی گەشەپێدانی خۆیان، بچنە ناو خەلک، گوێیان لێرابگرن، لە رازو نیازیان بگەن و بیگەیەنن بە سەرەوە، پێویستە بەردەوام سەردانی کەسوکاری شەهیدان، لیقەوماوان بکەن، لە شینو شایی خەلکدا بەشداری بکەن.

١٠- جێبەجێکردنی پەیرەوی ناوخۆو خستنەگەڕی ئەنجوومەنی ناوەندی و رێکخستنەوەی مەکتەبەکان.

١١- زیاتر بایەخدان بە ژنان و لاوان لە هەموو باریکەوە، سیاسی و کۆمەلایەتی و هوشیاری و دانانی بەرنامەی تایبەت بۆیان. هەروا زۆرتر بایەخ بە رێکخراوە دیموکراتیەکان و باشتر گونجاندنیان بە گیان و ئەرکە دیموکراسیەکانی سەردەمەکە.

١٢-جارێکی تر دروشمی (بەرەو خانووە قوڕەکان) بەرزبکەنەوەو رووبکەنە گەڕەکە هەژارو کەمدەرامەت و دێهاتی کوردستان. هەتا وردە وردە یەکێتیی سیاسەت و بەرنامەی عەدالەتی کۆمەلایەتیش، هاوشانی ئەرکە دیموکراتیەکانی، وەکو هێزێکی سۆسیال-دیموکرات جێبەجێ بکات.

بەڵێ هەڤاڵینە گەشەپێدانی (ی.ن.ک) گرنگ و پێویستە، بەلام هەر ئەوەندە بەسو باش نییە، بەڵکو دەبێت:

## دووەم: پاراستنی هاوپەیمانی کوردستان

لەگەلا هەموو حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان دۆستایەتی و هاوخەباتی بکەین. نابێ بەکەمیان بگرین، هەرچەندە بچووکیش بن. یان هەموویان حاشایەکی ئەوان بەهیچ و بچوک و خوێڕی وسف بکەی نو پاشانیش کە ئیشمان پێیان بوو دەستو دامێنیان بین، هەروەک جیابوەوەکانی ناو خومان دەیانگوت. پاشانیش کەوتنە هەڵپە بۆ رێکەوتن لەگەڵیاندا.

لەناو ئەم هاوپەیمانیەداو بۆ بەهێزکردنی هاویەیمانیەکەش، پێویستە بەتایبەتی هاوپەیمانی پارتیو یەکێتیی زۆر بەگرنگو بایەخدار بزانین. دیارە پێویستیەکانی ئەم هاوپەیمانیە لای هەموو دلسۆزو هۆشیارێک ئاشکرایە، پێم وایە دەرسو پەندەکانی تاڵ و تفتی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، بەهەموو کوردێک و دلسۆزێکی گەلەکەمان دەسەلمێنێ بۆ هەوڵدانی بێوچان بۆ پاراستنو گەشەپێدانی ئەو هاوپەیمانیە. هەروەها بۆ بەگژداچوونی هەول و تەقەللای دوژمنانی کوردایەتی و دیموکراتی بۆ تێکدانی ئەو هاوپەیمانیە. چ هەوڵی راستەوخۆ، چ هەوڵی ناراستەوخۆش.

## سێیەم: دۆستایەتی هێزەکانی عێراق

هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دۆستەکانی عێراق، شەرتێکی گرنگی یەکخستنی هێزەکانی بەربەرەکانی دیکتاتۆریەت بوو، هەروەکو هۆیەکی گرنگی داڕشتنی دەستووری عێراق بەم شێوە دیموکراتیەی کە تێیدا مافەکانی خەلکی کوردستان تۆمارکراون بوو، بێ ئەو هاوپەیمانیە لەتوانادا نەبوو مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان لەدەستووردا بسەلمێندرێن و بچەسپێندرێن. بەردی بناغەی ئەم هاوپەیمانیەش، هاوپەیمانی هێزەکانی کوردستان بوو (بەپارتی و یەکێتیشەوە) لەگەڵ هێزەکانی شیعەی عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو (المجلس الاعلی للثورە الإسلامیە)دا بەسەرۆکایەتی خوالێخۆش بوو (آیە الله محمد باقر الحکیم) کۆببوونەوە. کە بەڕاستی ئەم زاتە، هەم شەخسیەتێکی زاناو گەورە، دووربین و نیشتمان پەروەر بوو، هەم دۆستێکی گەورەی خەلکی کوردستانیش بوو، لێرەدا پێویستە ئەو راستیە مێژووییەش بخەینەوە یاد کە باوکی (سماحە ایە الله العظمی محسن الحکیم) کە رێبەری شیعەی دونیا بوو، لەسەرەتای بەرپابوتی شۆڕشی ئەیلولدا، شەڕی دژی کوردی بەناشەرعی و گوناه دانابوو. کە

ئەمەش خۆی لەخۆیدا چاکەیەکی گەورە بوو بەسەر کوردایەتی. دیارە هاوپەیمانی لەگەڵا هێزەکانی شیعە، ڕێگری هاوپەیمانی کوردایەتی نەبوو لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی، الحرکە الإشتراکیە العربیە، حیزبی بەعسی قیادەی قطری عێراق و هێزەکانی تری علمانی عێراق، بەلام ئەو دوو هێزە سەرەکییە بەردی بناغەی هاوکاری دژی دیکتاتوریەت بوون و پاش ڕووخانی دیکتاتوریەت بوونە بەردی بناغەی هاوکاریو هەماهەنگی لەداڕشتنی دەستووری عێراق و چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان تێیدا.

لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی ئەم هاوپەیمانیە، ئێمە هەمیشە هەوڵمانداوە کە هێزە نیشتمانی و دڵسۆزەکانی عەرەبی سوننەش بهێنینە ناو کۆڕی موعارەزەوە، ئەوەبوو توانیمان لەگەڵا حیزبی ئیسلامی عێراقیش پێش و پاش ڕووخانی دیکتاتوریەت پێکبێن، لە دانانی دەستوورەوە تا ئەمڕۆ، هەموو دڵسۆزێک شایەدە کە ی.ن.ک چ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانیەو پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق. بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لە بەغداد، کە وەخت بوو برایەتی و هاوپەیمانی کوردو شیعە بە هێرشکردنە سەر (ایە الله العظمی سید سیستانی) هەڵوەشێنێتەوە. کە ئەوسا ئەو دەستوورەشمان بەم شێوەیەی ئێستا دەست نەدەکەوتو ڕەوتی ڕوداوەکانیش لە عێراق و کوردستاندا، ئاقارێکی مەترسیداریان دەگرتەبەر.

لەوماوەی چوار ساڵی ڕابردوو ی.ن.ک هەمیشە ناو بژیکەر و پێکهێنەری تەبایی و پەکخستنی هەوڵی تێکدەران بووە، مایەی شانازیمانە کە هەموو دڵسۆزان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن و ستایشی دەکەن. تەنها بێ نەمەکو بێ ئەمەکەکانی ناوخۆمان و دژو دوژمنان نەبێ!!

ئێستەش پێویستە ئەو دەورە پڕ لە سەروەریە زۆر بەکەڵکە، درێژەپێبدەین و بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵا هەموو لایەک، هەوڵی پێکهێنانی گونجاوی هێزە کاریگەرەکانی عێراق لەسەر بنەمای سیاسەتی بابەتی و ئەقلانی و تەوافقی بدەین بەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو، هەروا دوای هەڵبژاردنیش بۆ پاراستنی عێراقی دیموکراتی فیدراڵ و بۆ پەکخستنی پیلانگێڕیو دوژمنایەتی بەعسیەکانی سەددامی و تیرۆریستەکان، پێشم وایە ژیاندنەوەی ڕێککەوتننامە چوارقۆڵیەکەی مەجلس، دەعوە، پارتی، ی.ن.ک هەوڵدانیش بۆ بەشداریکردنی حیزبی ئیسلامی، ویفاقی وەتەنی و هەندێ هێزی وەک حشع، دەبێتە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی فراوان دژی پیلانگێڕیو تیرۆریزم، بەبێ وەلاوەنانی ئەو ڕێککەوتنەی لیستەکانی جیاجیا کردوویانە لەگەڵ هێزەکانی دۆستیان. واتا: ئەو ڕێککەوتنە چوارقۆڵیە ببێتە داینەمۆی هەوڵی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی.

## چوارەم: دۆستایەتی هێزە کوردستانییەکان

دۆستایەتیکردن لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و پاراستنی سەربەخۆیی هەریەکەو، پاراستن و ڕەچاوکردنی دەستکەوتی بەشە ڕزگارو دیموکراتەکەی کوردستان لەعێراقدا، هاوکات پارمەتیدانی حکومەتی هەرێم نەک گێچەڵ و تەشقەڵە بۆ دروستکردنی. شایەنی باسە کە هێزە کوردستانییە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران تاڕادەیەکی، باش بەسوپاسەوە، ئەم سەرەتایە ڕەچاودەکەن. هیوادارین کە پەکەکەو هەوادارانیشی هەمان هەڵوێستی ئەو برایانەمان وەربگرن و چیتر کۆسپ نەبن لەپێش ئاوەدانکردنەوەی دێهاتی سەر سنوورو ڕاکێشانی ئۆردووی تورک بۆ سەر کوردستانی عێراق.

ئێمە پێمان وایە کە زەمانی شەڕی چەکداری وەک ستراتیژو هۆی سەرەکی خەبات دەمێکە تێپەڕیوە. ئەم سەردەمە، سەردەمی جیهانگیری، سەردەمی خەباتی سیاسی، جەماهیری، پەرلەمانی، دیپلۆماسی و میدیاکانە. ئەوەی لەسەردەمی پێشوودا، زۆرجار بە خەباتی چەکداریش نەهاتنەدی، لەم سەردەمەدا، بەئەقڵی سیاسی کراوەو تێگەیشتنی ورد لە فەلسەفەی سیاسی و دیموکراسی جیهانگیری، بەرە بەرە دێتەدی. گۆڕانکارییەکانی ناو کۆماری تورکیا لەم ساڵانەدا، بە مافە سیاسییەکانی کوردو کرانەوەی زیاتر دیموکراسی و ئاوەدانی، باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەن سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی جیهانگیریو سەردەمەکە. بۆیە داوامان لە پەکەکە ئەوە بوو کە ئەم ڕاستیە ڕەچاو بکەن و، کەڵک لەو هەلە وەربگرن کە لە جیهان و تورکیادا هاتۆتەپێش، بۆ چارەی دیموکراتی و سیاسی کێشەی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا.

پێویستە ئەو ڕاستیەش دووپات بکەینەوە، کە ئەو سیاسەتەمان بۆ ڕاکردن نییە لە بەرپرسیاری نەتەوەیی، بەڵکو سەبارەت بە پێویستیەکانی سەردەمەکەمانە. ئەگینا کێ هەیە بتوانێت نکوڵی لەو هەموو فیداکاری و هاوکاری و یارمەتیدانەی ی.ن.ک بکات لەگەڵ هەموو هێزە زیندووەکانی سەرتاسەری کوردستاندا.

بۆ هێز هەیە ی.ن.ک یارمەتی نەدابێت؟ پارچە هەیە لە کوردستان بۆ پاراستنو گەشەپێدانی کوردایەتی و هاودەردی خەڵکی کوردستان، خوێنی پێشمەرگەی ی.ن.ک-ی لەسەر نەڕژابێت؟

## پێنجەم: هاوخەباتی لەگەڵ سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ

بۆمان هەیە شانازی بەوە بکەین کە یەکێتییەکەمان، لە ناساندنی کێشەی ڕەوای کورد بە دونیاو پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمان بۆی، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە. چ لە ئاستی حیزبەکانی دونیاو چ لەسەر ئاستی حکومەتەکانیش.

(ی.ن.ک) بوو، توانی بەهیممەت و دووربینی سەرۆکی نەمر (حافظ الاسد) بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا دەرگای سوریاو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە سوریا، بۆ کوردایەتی و ی.ن.ک و هێزەکانی تری کوردیش بکاتەوە، ی.ن.ک توانی نێوان لەگەڵا زۆربەی زۆری هێزەکانی شۆڕشی فەلەستین دروست بکات. لەسەر ئاستی ئەوروپاش ی.ن.ک توانی لەپێشەوە لەگەڵ حزبی دۆستو یاریدەدەری کورد، حزبی سۆشیالیستی فەرەنسی و ئینجا حزبی کارگەرانی بەریتانیاو ئینجا حزبی سۆشیال دیموکراتی تری ئەوروپا دۆستایەتی دروست بکات. تا وای لێهات گەیشتینە ئاستی بانگهێشتکردن و بەشداری پێکردنمان لە کۆبوونەوە

فراوانەکانی ئەو حیزبانەو سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالیش. تەنانەت گەیاندمانە رادەیەک بووین بە ئەندام لە SIو پاشان سکرتێری گشتی ی.ن.ک بە جێگریکی سەرۆک لەو رێکخراوە ئینتەرناسیۆنالیزمەدا لەکۆنگرەی (ئەسینا-٢٠٠٧) هاوشانی سەرکردە ناودارەکانی جیهانی رێکخراوەکە هەڵبژێردرا .

بەم جۆرە چیتر هەر تەنها شاخەکانی کوردستان پشتو پەنامان نەما، بەڵکو دەیان حزبو چەندین ولاتیش بوونە دۆست و پشتیوانمان. هەڵبەتە بایەخی ئەو دەورەی ی.ن.ک لەناو (SI) دا روون و ئاشکرایە، هەرچەندە دوژمنانی کوردایەتی زۆریان پێناخۆش بوو، هەرچەندە هەر لە تاقمەکەی کۆمپانیای وشەوە، تا سەر شۆڤێنیەکانی عەرەبو تورانی هەوڵدەدەن ئەو دەورە کەم بکەنەوە، بەلام بەپێچەوانەوە ی.ن.ک رۆژ بە رۆژ لەناو SI پایەو پلەی چەسپاو و رووەو بەهێزتر دەبێت، هەروەکو بایەخی (SI)ش، بەهەموو مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زۆرتر دەبێت. باشترین بەڵگەش، بڕیارەکانی دوا کۆنگرەی حزبی دەستەخوشکی سۆسیالیست دیموکراتی سویدە، کە سەبارەت بە کێشەی گەلەکەمان و مەرگەساتی ئەنفال بڕیاری زۆر گرنگیان داوە.

## شەشەم: دۆستایەتی نێونەتەوەیی و ناوچەیی

ی.ن.ک بۆی هەیە شانازی بەوەوە بکات، کە بە پاراستنی سەربەخۆیی خۆشییەوە، توانیویەتی دۆستایەتی لەگەڵ چەندین دەوڵەتی ناوچەکە: عەرەبی، ئاسیایی، ئەورووپی و ئەمریکی پێکبهێنێت، هەر لەچینی گەورەو بەهێزەوە، تا سەر ئێران، تورکیا، سوریا، ئوردن، میسر، هەموو ولاتانی عەرەبی، ی.ن.ک رێزو تەقدیرێکی زۆری هەیەو بەهۆی پەیوەندی دۆستەکانیشیەوە، توانیویەتی رووی گەشی کوردایەتی بەو ولاتانە بگەیەنێت.

هەروەها لەرۆژهەلاتیشەوە هەتا سەر یۆنان، ئیتالیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، پۆلەندا، رۆمانیا، نەمسا، ئەڵمانیا، سوید، نەرویج، بەلژیکا، دانیمارک، سویسرا، هۆلەندا، بەریتانیا، ئینجا ئەمریکاو بەرازیل، ی.ن.ک دۆستایەتی باشی هەیە لەگەڵیان. لەرێی ئەو دۆستایەتیەشەوە رووی گەشی کوردایەتیان بۆ روون بۆتەوەو پشتیوانی مافە دیموکراتییە رەواکانیشی دەکەن.

دەوری ی.ن.ک-یش لە عیراق، بەڕێوەبردنی عیراق، چارەی گیروگرفتەکان لەلایەن هەمووانەوە تەقدیر دەکرێت. تەنانەت راپۆرتی سکرتێری گشتی کۆمکاری عەرەبی بۆ ولاتانی عەرەب لەسەر عێراق دەڵێ: کورد ئێستا هۆکاری چارەسەری کێشەکانە، نەک بەشێک لەکێشەکان.

بۆیە بەهێزکردنی ئەم دۆستایەتییە ئەرکێکی گرنگمانە. چونکە دەبێتە هۆی خێرو چاکەی عیراقو ناوچەکەو کوردستانیش.

سیاسەتی راست و رەوای ئەمجارەمان لەگەل هاوپەیمانان، هۆیەکی گرنگی دەستکەوتەکانمان بوو لەعیراقدا، ئەگەر سیاسەت و هەڵوێستی ناراستو ناڕەوای ئەوشیروان مستەفا نەبا، لەکاتی جێگری سکرتێری گشتیدا، ئەو دەستکەوتانەمان لەدوای رزگاری کۆەیت زیاترو زووتریش دەست دەکەوت. وەک لەشوێنی خۆیدا روونی دەکەینەوە.

## حەوتەم: دۆستایەتی هێزەکانی جیهانی عەرەب

ی.ن.ک دۆستایەتی دێرینی لەگەلا هێزەکانی دیموکراتو پێشکەوتنخوازی دنیای عەرەب هەیە، هەر لەهێزەکانی شۆڕشی فەلەستین (منظمه التحرير الفلسطينيه)وە بگرە، تا سەر حزبی تەقەدومی سۆشیالست لە لوبنان و حزبی شیوعی لەزۆر لەولاتانی عەرەب، بەعسی سوریا، هێزە دیموکراتیەکانی میسرو یەمەن. ئەم دۆستایەتیە دێرینەش لەم دواییەدا گەشەی پێدراو چاکتر رووی گەشی ی.ن.ک و کوردایەتیان بۆ روون بۆتەوە، بۆیە زۆر پێویستە ئەو دۆستایەتییە بپارێزینو پەرەشی پێبدەین. پێویستە خۆمان نەک هەر دوور لەدروشمە شۆڤێنییەکان بگرین، بەلکو دژیشیان بوەستین. بێگومان ئەو دۆستایەتیەش لەقازانجی عیراقە بەکوردستانیشەوە. بەتایبەتی لەم هەلومەرجە جیهانی و دیموکراسیەدا، ئایندەی رووداوەکان هەتا دێت، باشترو شیاوتر دەبێ، هێندی هێندیش، کێشەو گرفتە مێژووییەکان، چارەسەر دەکرێن و تێگەیشتنی شارستانی نێوان گەلان، رووی لە پێشکەوتنە.

## گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی ی.ن.ک لەم سەردەمەدا گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. چونکە هێشتا گەلەکەمان پێویستی زۆری بەهێزی پێشمەرگە هەیە. نەک هەر بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی، بەلکو بۆ پاراستنی رەوتی دیموکراتی لە عێراق و کوردستانیشدا، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی هێشتا نەهاتونەتەدی.

جا بۆیە (هـ.پ.ک) بۆئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکانەی سەرشانی راپەڕێنێت، دەبێت لەرووی چۆنایەتی و مەشقو چەکەوە گەشەی پێبدرێت. بۆئەوەش پێویستیمان بە پلانێکی رێکوپێک هەیە، بەتایبەتی دوای یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان،

کە پێویستە بەزوویی جێبەجێ بکرێت. چونکە ئەم پەکخستنە شەرتێکی بنەڕەتی گەشەکردنیەتی.

دیارە گەشەپێدانی چۆنایەتیەکەی، ئینجا مەشقی نوێ و مۆدێرن، ئینجا پەیداکردنی چەکی بەرگری پێویست بۆ (هـ.پ.ک) زۆر پێویستە، بۆ پێویستە؟ ئایا ئێمە بەتەمای شەڕین؟ یان بەتەمای شەڕبوونەوەین؟

بەسەربەستی دەڵێم:

نەخێر ئێمە تالاوی شەڕو جەنگمان چەشتووە، بەتەمای شەڕیش نین و نامانەوێت تووشی شەڕ بینەوە، بەلام دەمێکە گوتراوە خۆسازدان بۆ شەڕ، شەڕ دووردەخاتەوە.

١)تیرۆریست و دوژمنانی گەلەکەمان، پیلانگێڕەکان رەنگە جۆرێک شەڕمان بەسەردا بسەپێننەوە کە (هـ.پ.ک) شان بەشانی هێزە چەکدارەکانی عیراق بەرهەڵستی هێرش و پەلاماریان بکات.

٢)(هـ.پ.ک) چونکە بەشێکە لەهێزەکانی چەکداری عیراقی فیدراڵ، ناتوانێت دوورەپەرێز بوەستێت لەشەڕی دژە تیرۆرو پیلانگێڕان. بۆیە رەنگە عیراقی فیدراڵ زیاتر لەئێستاش پێویستی بە (هـ.پ.ک) لە پەکخستنی پیلانی دوژمناندا هەبێت.

٣)بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەپەلامارو چالاکی تیرۆریستەکان، کە رەنگە بیانەوێت جارێکی تریش دزە بکەنەوە ناو کوردستان و تاوان ئەنجام بدەن.

٤)بۆ پەکخستنی هەو تەقەڵلای ناحەزانی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم لەکاتی پێویستدا.

## گەشەپێدانی حکومەت و پەرلەمانی هەرێم

نیاز لەگەشەپێدانی حکومەتی هەرێم، دوای پێکهێنانی لەو هێزانەی هاوپێناون لەم قۆناغەدا، دانان و پەیرەوکردنی بەرنامەکەیەتی، کە دەبێت لەم سەردەمەدا، لەبواری خزمەتگوزاریدا زیاتر چالاک بێت و بایەخێکی تایبەتی بە لادێ و خانووە قورەکانی ناو شاریش بدات. هەروەک پێویستە پلانێکی دووروودرێژ دابنرێت بۆ گەشەپێدانی پیشەسازیو کشتوکاڵ لە کوردستاندا. پلانێکی ستراتیژی ئەوتۆ کوردستان لە وڵاتێکی بەرخۆرەوە (استهلاکی) بگۆڕێ بەوڵاتێکی بەرهەمهێن (المنتج). ئەمەش تەنها بەوە دەکرێ کە بەپێی پێویستیو پێداویستیەکانی سەردەم ژێرخانی ئابوری هەمەلایەنەی پیشەسازیو کشتوکاڵی دروست بکرێ. هەر ئەمەش لەگەڵا پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و چینایەتی کوردستانی ئێستا دەگونجێ، بەتایبەتی تازە تازە بۆ یەکەمین جارە ئەوەتەی کوردستان داگیرو دابەشکراوە، لەکوردستاندا، چینی بۆرژوای نیشتمانیی

سه‌رهه‌ڵده‌داو نه‌شونماش ده‌کات، له‌م ڕێڕه‌وه‌دا، بایه‌خدان به نه‌وتو گاز، به‌ده‌رهێنانی کانزا گرانبه‌هاکانی کوردستان، به کارگه‌ی چه‌شناوچه‌شنی گه‌وره، به‌سیاسه‌تی ئابوری هاوچه‌رخ، به پاشکه‌وتی نه‌ختینه‌و دراو، به هاوسه‌نگی بازاڕو توانای کڕینی هاوولاتی، ئه‌رکێکی چاره‌نووسسازی ئابوری کوردستانه که زۆر زۆر گرنگه پلانو پرۆژه‌ی ستراتیژیان بۆ په‌سه‌ند بکرێ و بودجه‌ی پێویستیشی بۆ ته‌رخان بکرێ. دیاره هه‌مووشی به هاوکاری له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته دۆسته‌کانو کۆمپانیاکانی جیهان. پێویسته سه‌رمایه‌داری خۆماڵیو که‌رتی تایبه‌تیش یارمه‌تیو هان بدرێن بۆ به‌شداری چالاکانه له بازرگانیو ئه‌و جۆره پیشه‌سازییانه‌ی پێیان ده‌کرێت. به‌تایبه‌تی ئه‌زمونی زۆرێک له وڵاتانی جیهان سه‌لماندویانه که: پیشه‌سازی گه‌وره‌و گچکه، ته‌واوکه‌ری ئابوری نیشتمانیی، نه‌ته‌وه‌ییو بازاڕی ئازادن.

بۆ کشتوکاڵ، ده‌بێت پلانێکی تایبه‌تی بۆ بوژاندنه‌وه‌ی لادێ و بوژاندنه‌وه ی کستوکاڵ و چاره‌ی کێشه‌ی که‌مئاوی دابنرێت. ژینگه‌ی کوردستان له هه‌ر چوار وه‌رزیشدا، بۆ ئابوری فره‌چه‌شن له‌باره. ئه‌م له‌بارییه‌ی ژینگه، ده‌بآ به پرۆژه‌ی ئابوری کشتوکاڵی هه‌مه‌لایه‌نه سودی لێوه‌ربگیرێ و سودی پێ ببه‌خشرێ.
هه‌روه‌ها پێویسته حکومه‌ت بیرێکی جددی له چاره‌کردنی ژماره‌ی زۆری کارمه‌ندانی بێنیش، واتا ئه‌وانه‌ی بۆ موچه‌وه‌رگرتن دانراون بێئه‌وه‌ی پێویست بن، یان به‌شداری له کارکردن بکه‌ن. دیاره ده‌بێ بیر له دۆزینه‌وه‌ی کاریش بۆ ئه‌وانه‌ی زیاد ده‌بن بکرێته‌وه.

نیاز له گه‌شه‌پێدانی په‌رله‌مانیش، خستنه‌گه‌ڕیه‌تی، ره‌خساندنی هه‌لومه‌رجی گفتوگۆی ئازاد، راده‌ربڕین، لێکۆلینه‌وه‌و پێشنیازکردنه. ئێمه پێویستمان به په‌رله‌مانێکی زیندووی هۆشیار هه‌یه، که ئه‌رکه‌کانی نیشتمانی ده‌خاته سه‌رووی داخوازییه‌کانی حزبی و شه‌خسی و تایبه‌تی.

حکومه‌تو په‌رله‌مانه‌که‌مان پێویسته ئه‌م راستیانه بخه‌نه به‌رچاوی خۆیان، که هێشتا رژێمی دیموکراتی فیدراڵی عیراق، به‌کوردستانیشه‌وه، نه‌چه‌سپاوه؛ هێشتا پیلانه‌کانی دوژمنان بۆ له‌ناوبردنی به‌رده‌وامه؛ هێشتا چالاکی تیرۆریستی بۆ کوشتو کوشتارو کاولکردنی وڵات هه‌ر به‌رده‌وامه. بۆیه ئه‌مڕۆ ئه‌رکی سه‌ره‌کی حکومه‌تو په‌رله‌مانیش له‌گه‌لا هه‌موو هێزه سیاسیه دڵسۆزه‌کان، که په‌روشی دیموکراسیو فیدراڵن، هه‌ر پاراستنی ره‌وتی دیموکراتی و سیسته‌می عێراقی دیموکراتی فیدراڵه. هێشتا هه‌ر په‌کخستنی پیلانگێری دوژمنه‌کانی ئه‌م ره‌وتو سیسته‌مه‌یه. دیاره چاره‌یه‌کی راستو ره‌وا گیروگرفته‌کانی نێوان حکومه‌تی مه‌رکه‌زیو حکومه‌تی هه‌رێم یه‌کێکه له‌ئه‌رکه گرنگه‌کانی حکومه‌تو په‌رله‌مانی کوردستان.

چاکسازیو پاکسازیش له داموده‌زگاکانی حکومه‌تدا ئه‌رکێکی گرنگو پێویسته، بۆ ئه‌مه‌ش پێویسته به‌رنامه‌یه‌کی هه‌مه‌لایه‌نه دابنرێت و زوو ده‌ست به چالاکی ژیرانه‌ی جێبه‌جێکردنیشی بکرێت.

که‌مکردنه‌وه‌ی مووچه‌ی وه‌زیر، ئه‌ندامانی په‌رله‌مان، فه‌رمانبه‌ره گه‌وره‌کان، زیادکردنی مووچه‌ی فه‌رمانبه‌ره که‌م مووچه‌و که‌مده‌رامه‌ته‌کانیش، زۆر پێویسته.

جگه له‌وه هه‌قه چاو به مووچه‌ی خانه‌نشینه‌کان بخشێندرێته‌وه تاکو به‌پێی یاسا بێت، وه‌ک یه‌کی بێت، نه‌ک له گوتره‌و له‌به‌ر خاتری خاتران و مه‌حسوبیه‌ت، تاکو هه‌ر خانه‌نشینێک به‌پێی یاسا چه‌ندی هه‌ق ده‌بێ، چه‌ندی به‌ر ده‌که‌وێ بیدرێتێ، هه‌تا به‌ری ره‌نجی ده‌یان ساڵه‌ی خزمه‌ت و ماندووبونیشیان به‌یاسا له‌ژیاندا ده‌سته‌به‌ر بکرێ.

## ره‌گ و ریشه‌ی فیکری‌و سیاسی هه‌ڵگه‌ڕاوه‌کان له‌رێبازو قه‌واره‌ی ی.ن.ک

هه‌ڤاڵینه:

پێم وایه وه‌ختی ئه‌وه هاتووه که‌ئێمه‌ش بیروڕای خۆمان به‌ڕاشکاوی ده‌رباره‌ی ره‌گ و ریشه‌ی فیکری، سیاسیی و ره‌وشی هه‌ڵگه‌ڕاوه‌کان ده‌ربببڕین. راستییه‌کان بخه‌ینه‌ڕوو، با تاڵ و تفتیش بن.

ده‌ستپێک له‌ناکۆکی سیاسیی و ره‌وشت و کرده‌وه‌کان له‌ناو شۆڕشدا سه‌ریهه‌ڵداوه، پاشان به‌قۆناغی جۆراوجۆر په‌ناو پێچی جیادا هاتووه، تا گه‌یشتۆته ئه‌مه‌ی له‌م ساڵه‌دا دیمان.

دیاره ناکۆکی سیاسیی، فیکری، کارو کرده‌وه‌ش، هه‌ر له‌سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی ی.ن.ک-ه‌وه هه‌بووه. سه‌باره‌ت به پێکهاته‌ی ی.ن.ک له سێ هێڵی فیکری جیاوازو سێ رێکخستنی تایبه‌تی که هه‌موویان له‌ناو ی.ن.ک-دا به‌شێوه‌ی ئیمچه به‌ره‌یی کۆبووبوونه‌وه. ئه‌مه تایبه‌تمه‌ندی یه‌کێتیی بووه‌و له هێزه‌کانی تریشی جیاکردۆته‌وه.

ئه‌م جیاوازییانه، هه‌ر له‌نێوان پێکهاته‌کانی ی.ن.ک-دا نه‌بوو به‌ته‌نها، بگره له‌هه‌ریه‌ک له‌و پێکهاتانه‌شدا هه‌بوو. هه‌ڵچوون و داچونیشی به‌خۆیه‌وه ده‌بینی!

بۆ پێکه‌وه هێشتنه‌وه‌ی باڵه‌کانی ناو ی.ن.ک و پاراستنی یه‌کێتیی کارو کرده‌وه‌ی پێویست له شۆڕشی نوێدا، دوو هێڵ و دوو بۆچونی له‌یه‌کتر جیا هاتبوونه کایه‌وه. یه‌کێکیان هێڵی پاراستنی یه‌کێتیی‌و ته‌بایی له‌ناو باڵه‌کانیدا، هه‌رچه‌نده نرخی له پاشه‌کشه‌و سازش ویستبێت، هه‌رچه‌نده پشوودرێژی شۆڕشگێرانه‌ی گه‌ره‌ک بوبێت.
ئه‌مه‌یان هێڵ و بۆچوونی ئێمه‌مانان بوو، له‌سه‌ره‌تاوه هه‌تا ئیمڕۆ.

هێڵی دووه‌م (بۆچوونی دووه‌م) بآباکی بوو له پاراستنی یه‌کێتیی و یه‌کێتیی ریزه‌کانی‌و ره‌چاوکردنی ده‌ستکه‌وتی تایبه‌تی‌و حزبی‌و جارجار شه‌خسیش.

ئه‌وه‌نده له‌بیرمه، که هاتینه سێ سنووره‌که (له‌دۆڵی گۆستێ- مانگی حه‌وتی ١٩٧٧)،

ئەم جیاوازییانە دەستبەجێ دەرکەوتن، بەتایبەتی لەنێوان شەهیدی ئەمر عەلی عەسکەری و نەوشیروان مستەفا، سەرەڕای ناکۆکی نێوان کۆمەڵەو شۆسیالیست، سەرەڕای ناکۆکی ناو خودی شۆسیالیست و ناو خودی کۆمەڵەش. جارێکیان کار گەیشتە لێکترازان! هەتا بە هەڕەشەی گەرانەوەمان پێکمان هێنانەوە. لەوساوە بەندەی موخلیستان ئەرکی پێکهێنانەوەو چارەی ناکۆکییەکان، بەگفتوگۆ پێکەوە سازان و پاراستنی یەکێتیی شۆڕش و ی.ن.ک ی گرتە ئەستۆ.

بەلام دوای کارەساتی هەکاری ناکۆکی نێوان کۆمەڵەو شۆسیالیست، بەتایبەتی نەوشیروان و سالار لەیەک و خوالێخۆشبوو هەڤاڵی ئەمرمان کاک رەسول مامەند گەیشتە رادەی لێکترازان و جیابوونەوەی شۆسیالیست بەخۆیان و رێکخستن و پێشمەرگەکانیانەوە لە ی.ن.ک. جگە لەهەڤاڵی ئەمر عومەر دەبابەو هەڤاڵێکی زۆر. پاشان ناکۆکی نێو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان تا دەهات توندتر دەبوو، بەتایبەتی لەنێوان نەوشیروان مستەفا لەلایەک و سالار و مەلا بەختیار لەلایەکەوە، توندوتیژی نەوشیروان و پیلان سەپاندن بۆ دەرپەڕاندنی نەیارە فکری و سیاسییەکانی لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەی رەنجدەراندا، بە سەپاندنی لیستی تایبەتی لەهەڵبژاردنی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا، لەبەرامبەریشدا، لاساری و سووربوون لەسەر جیابوونەوەی سالار عەزیز لەلایەکی تر، کارەکەی گەیاندە جیابوونەوەی ئالای شۆڕش لە ی.ن.ک. ئەمە لەکاتێکدا ئەو کێشانە بە تێپەڕینی رۆژگار قابیلی چارەسەرکردن بوون.

ئەوەی راستە من و برایانی شۆسیالیست (شۆڕشگێران پاشان) کە مابوونەوە، لەناو ی.ن.ک دا هەوڵمان دا پەکی ئەو سیاسەتە توندوتیژییە بخەین، بەلام مەخابن گەیەندرایە حوکمی ئیعدام و چارەی ناکۆکییەکە بەشەرو پێکدادان. کەچی سکرتێری کۆمەڵە ئەو هێڵەی قیادە دەکرد کە بە کوشتن و گرتن و تەفروتوناکردن کێشەکان ببڕێتەوە.

لەناو خۆشماندا، بێ ئاگاداری سکرتێری گشتی و نیوەی (م.س)و ناوەندی کۆمەڵەش، بڕیاری کوشتنی خەلکی لەشارو لەلادێ دەردەکرد. ئەمەش بوو بەهۆیەکی گەورەی ناکۆکی ئێمەمانان لەگەل هێلی نەوشیروان لەساڵی (١٩٨١)ەوە لەناو کۆمەڵەدا. تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی هەرەشەمان کرد بەبەجێهێشتنی ولات ئەگەر کوشتار لەشارو لەلادێ رانەوەستێت، هەرچەندە، سەرەتا ئەنجامدانی ئەو تاوانانەو گەلێ بڕیاری ترمان لێ دەشاردرایەوە، بەلام سەرەنجام، دوای ماوەیەکی کەم، لەرێگەی بەرپرسانی گەورەی ناو شارەوە، راستییەکانمان هەموو زانی و چێکە فرۆفێل دادی نەدەدا. ئەم راستیانەش وای لێکردین بتوانین دوا سنوور بۆ پاکتاوی جەستەیی نارەوا دابنێین! ئەمە یەکەمین ناکۆکی و دووبەرەکی ناراستەوخۆی گرنگی نێومان بوو، لەگەلا پەیرەوانی توندوتیژی.

پاشان، هەر لەو زەمان و زەمینەیەدا، مەخابن، شەری ناوخۆ قوڵتر کراو بەسەری ی.ن.ک دا سەپێنرا کە بەرگریی لەخۆی و شۆڕش بکات، ئەوە بوو، لە هەولێرو

سلێمانی‌و هەندێ ناوچەی تریش، شەڕ، پێچەوانەی بەرنامەو سیاسەتی یەکێتی، روویداو، لەرەوتی گشتی رووداوەکانی ناوخۆ تێنەپەڕین. بەلام رووداوەکان لە شەڕی قرناقاو پشت ئاشان-دا بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی عەسکەری بڕیارلێنەدراوەوە، خراپ و نامرۆڤانە شکانەوەو رووداوی زۆر ناڵەباریان لێکەوتەوە. کە ئەم رووداوانە لەمەڵبەندی یەکی سلێمانییدا روویان نەدا.

لەرووی فیکرییشەوە، بەئاشکرا دەیگوت: کە مارکسیزم گەڕوگول بووەو سۆشیالیزم باوی نەماوە، کەچی خۆشی سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو! هەر ئەو باوەڕەی ئەویش بنەمای فیکری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە بوو لەدواییدا.

لەشەڕیشمان لەگەل عیراقدا، سەرەرای ئەوەی ئاشکرا رژێمی عیراق فاشستی بوو، تاوانی جینۆسایدی ئەنجام دەدا، بەلام سکرتێری کۆمەڵە جارجارە بەتەنیا ئەمری وای دەردەکرد، کە جێبەجێکردنیان بەرواڵەتیش شەڕەکەی دەکردە شەڕی کوردو عەرەب نەک شەڕی کوردایەتی لەدژی دیکتاتوریەت، ئەمەش پاساوی دەدایە شۆڤێنیەکان بۆ زیاتر ئەنجامدانی تاوان. هەروەک گاڵەو گاڵتەشی بەدروشمەکانی برایەتی کوردو عەرەبو هاوخەباتی هێزەکانی کوردو عەرەب دەهات، لێرەشدا جیاوازییەکی تر لەنێوانمان دروست بوو، چونکە ئێمەمانان باوەڕمان بەو برایەتی و هاوخەباتییە هەمیشە هەبوو، هەوڵی پێکهێنانی جەبهەی عیراق دژی دیکتاتوریەتیشمان بەردەوام دابوو.

ناچار بۆ مانەوەی شۆڕشو یەکگرتویی ریزەکانی یەکێتیی، سەرەڕای کێشەو بێشەو دوبەرەکییە شاردراوەکەش، بەهیوای چاک کرد نو راستکردنەوەی هەڵەو بۆچوونە ناراستەکان، گوزەراندمان. بەپێی ئەو سەرەتایەی کە پەسەندمان کردبوو، سەرەتای پاراستنی یەکێتی و یەکێتیی ریزەکانی ناو ی.ن.ک بەتایبەتی کە سکرتێری کۆمەڵە بوو، هەرچەندە لەگەل زۆربەی کادرەکانی کۆمەڵەش تێکی دابوو، بەتایبەتی نەمران جەبار فەرمان و د.خەسرەو و د.ئەرسەلان و هەڤاڵ عومەر فەتاح و عەلی بچکۆل و دەیان هەڤاڵی تریش.

لەناو ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فکرییەدا، سەرەرای ئەوەی تاقیکردنەوەی زۆرمان لەگەل سەدامییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی سیاسەتی سەدام لەجەنگی عیراق-ئێراندا، سروشتی فاشیانەی رژێم ئاشکرا دەرکەوتبوو، دەریش کەوتبوو کە ئەم فاشیستانە لەهیچ تاوانێک نەدەسڵەمینەوە، مفاوەزاتەکەشمان لەگەل رژێمساڵێک بوو بەهۆی شۆڤێنیەتی بەعسی سەدامی و تەکنەلۆژیای جەنگی و فشارە ئیقلیمیەکە، شکستی خواردبوو، ئەو هەموو راستیانەمان دەزانی، بۆیە دەبوو ژیرانەتر هەڵبسوڕێین و کەمترین پاساو بدەینە دەست فاشیەکان، کەچی لەوکاتەدا، نەک نەمانتوانی جیاوازیەکان و هەڵەکان سەبارەت بە سکرتێری کۆمەڵە کەم بکرینەوە، بەلکو ناوبراو ناکۆکیەکانی لە مەیدانی سیاسەتو فکرەوە، گەیاندە ئاستێکی ترسناک، ئەویش بواری عەسکەرییە، بڕیاری هەرە مەترسیداریش لەوکاتەدا، ئەوە بوو بەبێ رەزامەندی

سکرتێری گشتی، که فه‌رمانده‌ی گشتی هێزی (پ.م)ش بوو، به‌لکو به‌بێ ره‌زامه‌ندی زۆربه‌ی مه‌کته‌بی سیاسی‌و سه‌رکردایه‌تی یه‌کێتیش، فه‌رمانی عه‌سکه‌ری دابوو به فه‌رمانده‌و هه‌ڤالانی ده‌ڤه‌ری هه‌ڵه‌بجه، که وه‌کو به‌شێک له هاوکێشه عه‌سکه‌رییه‌کانی جه‌نگی عێراق –ئێران هه‌وڵی رزگارکردنی هه‌ڵه‌بجه بده‌ن. گوایه بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی گوشار بوو بۆ سه‌ر سه‌رکردایه‌تی که رژێم په‌لاماری ده‌دا. ئه‌م بڕیاره‌ش به‌وشێوه‌یه، به‌بێ لێکدانه‌وه‌ی هه‌لومه‌رجی جه‌نگه‌که‌و سروشتی فاشیانه‌ی سه‌دامیه‌کان له دوو ساڵی کۆتایی جه‌نگه‌که‌دا، پاساوی دایه ده‌ست سه‌دام که سروشته فاشیه‌که‌ی به رۆژی روناک، به‌بێ دوودڵیی له شاری هه‌ڵه‌بجه‌دا جێبه‌جێ بکات. که ئه‌گه‌ر هاتباو ئه‌م نه‌خشه‌یه له مه‌کته‌بی سیاسی‌و له‌گه‌ڵ سکرتێرو فه‌رمانده‌ی گشتی (پ.م)دا، باسکراباو تاوتوێ بکرایه، بێگومان رێگه‌نه‌ده‌درا رێگه‌ی وا بگیرێته‌به‌ر. به‌ڵکو هه‌وڵا ده‌درا نه‌خشه‌و تاکتیکی عه‌سکه‌ری گونجاوتر له‌و هه‌لومه‌رجه‌دا بگیرێته‌به‌ر. به‌تایبه‌تی حکومه‌ت پێشتر هه‌ره‌شه‌ی بۆ ناردبوین که هه‌ر په‌لامارێک له‌گه‌لا پاسداران بۆ سه‌ر هه‌ر شوێنێک، به به‌کارهێنانی چه‌کی کیمیاوی جوابی ده‌بێت، ته‌نانه‌ت گه‌ر شاری سلێمانیش بێت. سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌م راستیانه‌ش، ئۆباڵی تاوانی کیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه‌و سه‌رانسه‌ری کوردستان، له‌ئه‌ستۆی به‌عسی سه‌دامدایه.

که کاره‌ساته‌که روویداو حوکمی دیکتاتۆری هه‌ڵه‌بجه‌ی دایه به‌ر چه‌کی کیمیاوی، ناڕه‌زایی له‌سه‌ر سه‌پاندنی بڕیاره‌که، که به‌بێ ره‌زامه‌ندی مه‌کته‌بی سیاسی ده‌رکرابوو، له‌لایه‌ن چه‌ندین هه‌ڤاله‌وه به‌رزبۆوه. به‌لام تازه کار له‌کار ترازابوو.

ناکۆکیه‌کی تری سه‌ره‌کی له‌نێوانماندا، له‌سه‌روبه‌ری راوه‌ستانی شه‌ڕی ئێران-عێراق بوو، له‌وساته‌دا سکرتێری کۆمه‌ڵه باوه‌ری به‌شۆڕش نه‌مابوو، له‌دوای شه‌ڕی سه‌رکردایه‌تی وره‌ی به‌ردابوو، به‌په‌له‌پروزه ناوچه‌که‌ی به‌جێهێشت به‌سه‌ر هه‌ڤالانی سه‌رکردایه‌تیدا با ئه‌وه‌ی پرس و راوێژیان پێ بکات. به‌تایبه‌تی له‌دوای ئه‌نفاله‌کان. که سه‌دان خێزان و هه‌زاران که‌س له‌گه‌لا یه‌کێتی له‌پاشه‌کشه‌دا که‌وتبوون و پێویستیان به‌هاوکاری‌و رێنوێنی هه‌بوو، به‌لام سکرتێری کۆمه‌ڵه به‌ئاره‌زووی خۆی بڕیاری ده‌داو سه‌ره‌نجام سه‌ربه‌خۆ که‌وته بلاوه‌پێکردنی شۆڕشو ده‌ستی کرد به‌ناردنه ده‌ره‌وه‌ی کادیره‌کانی نزیک له‌خۆی و هاندانی پێشمه‌رگه‌ش بۆ چونه ماڵی خۆیان یان بۆ ئێر□ان. به‌که‌لکوه‌رگرتن له‌ده‌سه‌لاتی جێگری سکرتێری گشتی له‌غیابی سکرتێری گشتیدا، خه‌ریک بوو شۆڕشه‌که بلاوه پێ بکات. ئه‌گه‌ر به‌رهه‌ڵستی هه‌ڤالان کاک کۆسره‌تو هه‌ڤال جه‌بار فه‌رمان و چه‌ند هه‌ڤالێکی شۆڕشگێڕیان نه‌با، به‌ره‌سمی بڕیاری بلاوه‌پێکردنی شۆڕشی ده‌دا. سه‌ره‌نجامی ئه‌م سیاسه‌ته‌و ئه‌م باوه‌ڕه‌ی که‌وته هه‌ڵگرتنی دروشمی گفتوگۆ له‌گه‌ڵ سه‌دام و پروپاگه‌نده بۆ نه‌مانی توانای درێژه‌دان به شۆڕش. بۆ رازیکردنی سکرتێری گشتیش، که له‌سوریه بوو، هه‌ڤال عومه‌ر عه‌بدوڵلا یان نارده لای. به‌لام سکرتێری گشتی ئه‌و سیاسه‌ته‌ی په‌سه‌ند نه‌کردو به‌قسه به‌ناوبانگه‌که‌ی وه‌لامی دانه‌وه، که خه‌بات درێژه پێده‌ده‌ین تا سه‌دام هه‌ر ده‌ڕوخێنین.

لیرەوە ناکۆکی نێوان سکرتێری گشتی و جێگرەکەی زۆر توندو قوڵ بوو. هەر بەوە خاوکرایەوە کە پاشان (م.س) بڕیاری دا شۆڕش بەشێوەی شەڕی پارتیزانی درێژەی هەبێت و خەبات شان بەشانی موعارەزەی عیراقیش دژی دیکتاتۆریەت درێژەی هەبێت، خۆشمان دەست بکەین بە دروستکردنی دەستەی چەکدار لەشارەکان و ئۆردوگاکان بۆ رۆژی خۆی. چونکە ئێمە پێمان وابوو، کە سەدام کەتێنێک لەگەلا کوێت، هەر دەکات، ئەمریکاو ئەوروپاش هەر لێی دەدەن. لەسەر ئەوەش لەگەل نەوشیروان ناکۆک بووین، چونکە ئەو پێی وابوو کە لەسەدام نادرێت، تەنانەت دوای پەلاماردانی کوێتیش پێی وابو سەدام دەکشێتەوە، بۆیە داوای گفتوگۆی لەگەلا سەدام دەکرد. ئەوەبوو، بێ پرسی هەڤالانیش، بەتایبەتی سکرتێری گشتی، کەوتە نامەناردن بۆ سەدام و هەوڵدانی لاواز بۆ ڕێکەوتنێکی لاواز بەهیوای ئەوەی سیاسەتی خۆی بباتەسەر. کەچی نەک سەدام ئامادەنەبوو چارەسەرێکی لاوازیش بۆ کێشەکە بسەلمێنێ، بەلکو شەخسی خۆی ئامادە نەبوو وەلامی یەک نامەی جێگری سکرتێری یەکێتیی بداتەوە، تەنیا داوای زارەکی ئەوەبوو کە (یاخیبووەکان بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی) ئەمەش هەر بیروبۆچوونەکانی هێلی روخاندنی سەدامی سەلماندەوە، کە رژێم شۆڤێنی و فاشییەو مافی دیموکراتی هەرگیز نادات.

لەناو هەڤالان و پێشمەرگەو بارەگاکانیشدا، هەولی دەدا بیروراکانی هەڤال کۆسرەت و برایانی تر، کە دەیانگوت سەدام لێی دەدرێت و دەشلەژێ، کەمبایەخ بکات، هەتا بتوانی هێلی سیاسیی خۆی زیاتر برەو پێبدات. لەم ڕێڕەوە سیاسییەداو لەو بارودۆخەدا، نەوشیروان دوو هەڵەی گەورەی کرد: یەکەمیان ئەو لێکدانەوە هەڵەیە بوو، دەربارەی لێدان و لێنەدانی سەدام و دەرکردنی لە کوێت. لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوە چەوتەش ی.ن.ک-ی توشی هەڵەیەکی مێژوویی کرد، کە دەرفەت و هەلێکی مێژوویی لەدەستداین، ئەویش ئەمەی خوارەوە بوو:

ئەمریکیەکان بە سکرتێری گشتی ی.ن.ک یان راگەیاند، کە ئەگەر بێت و هاوکاری هێزی هاوپەیمانان بۆ رزگارکردنی کوێت بکەن، ئەوا هەم یارمەتییەکی باشی چەک و ماددی دەدەن بەکوردو هەم پاشان فیدرالیەتیشی لەعیراقدا بۆ دەسەلمێنن و دەسەپێنن. سکرتێری گشتیش، داوای لەنەوشیروان کرد، کە لەگەل هەڤالانی سەرکردایەتی و پارتیش دراسەی بکەن و وەلامی بدەنەوە. ئەویش وا وەلامی سکرتێری گشتی دایەوە: کە ئەوە پەسەند نییە، چونکە سەدام هەر بەخۆشی لەکوێت دەکشێتەوەو شەڕەکەش تووشی ئێمە دەبێت. بەم هەڵوێستە هەڵەیە هەلێکی مێژوویی لەکیس کورد دا. ئەگینا دوای رزگاری کوێت، بەتایبەتی کەزۆربەی زۆری کوردستانمان رزگارکردبوو، فیدراڵمان بۆ دەچەسپا.

لەدوای ئەو دوو هەڵەیە، نەوشیروان دووچاری هەڵەیەکی تریش هات، ئەویش کە راپەڕین بەهاتنەوەی لەشکری عیراق بۆ شارە گەورەکان تووشی شکان هات، لەجیاتی ئەوەی سەرکردایەتی بەربەرەکانێی بکات، وەک جێگری (س.گ)و (ف.هـ پ.ک) ئەمجارەش بەبێ بڕیاری مەکتەبی سیاسیو بەرنامەیەکی سیاسی بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە نالەبارە، گوتبوی من دەمزانی وامان بەسەردێ، بەلام مام جەلال ئەم سیاسەتەی سەپاندو تووشی کارەساتی کردین. گوایە لەترسی ئەوەی خەلک تۆلەی کوژراوی خۆیانمان لێ‌دەکەنەوە!

بەمجۆرە دەبینین کە لە ئانو کاتە هەستیارە مێژووییەکاندا نەوشیروان هەڵەی گەورەی تووشی ی.ن.ک کردووە. هەربۆیەش دوای خۆگرتنەوە لەڕاپەڕینەکە، لەکاتێکدا هەڤاڵا کۆسرەت لەناوچەکانی هەولێرو هەڤاڵا جەبار فەرمانی نەمر لەناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان خەریکی پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکان و دەرپەڕاندنی هێزی میری بوون، نەوشیروان لەناوزەنگ خۆی شاردبوەوەو پەیتاپەیتاش ڕەخنەی ڕوخێنەری دەگرت.

لەدوای ئەوەی ئیتر وڵاتی بۆ لەندەن بەجێهێشت، تا سەروبەری یەکەمین کۆنگرێس نەهاتەوە. کە هاتەوەش، بۆ بەگژاچوونی سکرتێری گشتی و تێکدانی ی.ن.ک کاری دەکرد، بەجۆرێک کە بەئاشکرا دەیگووت با ی.ن.ک تێک چێت، شتێکی نوآ دروست دەکەینەوە. سەرەنجامی ئەم کێشانە، کۆنگرە لەباتی ئەوەی لەڕاپەڕیندا ڕێ و شوێنی سیاسی بۆ سەرکەوتن و ئیدارەی حکومەت دابنێ، هەر گیرۆدەی کێشەو بیشەی کۆن و هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ڕابردوو بوو. گوایە درێژترین کۆنگرە بوو، بەلام کەمترین چارەسەری دۆزییەوە.

بەم جۆرە لەمێژ ساڵە، لەسەرەتای هەشتاکانەوە (نەک لە دوو هەزارەوە)، دوو هێلی ناو ی.ن.ک هاتەکایەوە، هێلی پاراستنی ی.ن.ک و پەرۆشی و دڵسۆزی بۆ یەکێتی ریزەکانیو هێلی بآباکی لەیەکێتیو بەخشکەیی کارکردن بۆ لەبەریەک ترازاندنی.

هەڤاڵینە!

لە دووەمین کۆنگرەشەوە، کەزانیی زۆربەی زۆری کادری ناو ی.ن.ک-ی لەگەلا نییە، کەوتە پیلاندانان بۆ دەستگەری، هەرچارە بەبیانوویەکو بەشێوەیەک. هەموو هەوڵێکی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەلیا سودیان نەبوو. لەدوا سەرەنجامدا، هەلی قۆزتەوە بۆ هەڵرشتنی سیاسەتی کۆنەقینو پیلانە کۆنەکانی.

دەستەگەریی نەوشیروان لەلایەن باڵی یەکێتیی خوازو دڵسۆز هەستی پآکرابوو، تەنانەت ناو بەناو بلاوکراوەی ناوخۆشیان دەگەیشتە دەستمان، بەلام بەهیوا کۆنەکەی خومان، هیوای پاراستنی یەکێتیو یەکێتیی ناو یەکێتیی چاوپۆشی لێدەکراو هەوڵی دلراگرتنی دەدرا. دەریش کەوت کە ئەم سیاسەتە، بەرامبەر بە سیاسەتی تێکو پێکدانی یەکێتیی ناو یەکێتیی، ئەنجامی خوازراوی نەبوو بۆ ڕێگرتن لەجیابونەوە. بڕیارێک بوو دابویانو بردیانەسەر. بەلام هێلی یەکێتیی پارێز، لەناو یەکێتیدا، بالادەست مایەوەو یەکێتیش سەلماندییەوە کە بەوان هەرگیز تێک ناچی. بەلکو زۆر ناخایەنی یەکێتیی دەبرێتەوە سەر ڕێبازە مێژووییەکەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە دیموکراسیو مەدەنی و کوردایەتیەکەی. بە چاکسازیو گۆڕانکاریو بەدیهێنانی سیستەمێکی مۆدێرنیشەوە.

## ئاشکرابوونی دژایەتی (ی.ن.ک)

دوای ئەوەی نەوشیروان توانیبوی چوار ئەندامی (م.س) لەگەلا چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی بەلای خۆیدا رابکێشێت، دەستی بە پیلان دانان بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی دژایەتی ی.ن.ک و لاوازکردن و لەبەریەک هەڵتەکاندنی، کرد.

خۆی بەبیانوی ئەوەی تاقەتی حزبایەتی نەماوە لەگەڵ ئەم سەرکردایەتییە دەستی لەیەکێتی هەڵگرت، بەپێی نەخشەیەکیش، کە پاشان ئاشکرابوو، داوای کرد کە بۆ دانانی (پەیمانگایەکی ستراتیژی بۆ توێژینەوە) بۆ ی.ن.ک و حکومەتی هەرێمو کوردایەتی پارەتی بدرێ.

سکرتێری گشتی سەرەرای بۆچوونی جیاواز لەناو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، باوەری پێکردو پارەی کە داوای کرد (دە ملیۆن دۆلار)و گرد.کەو هەندآ شتی تری بۆ دابین کرد. ئەویش لەجیاتی توێژینەوەی ستراتیژی، کۆمپانیای وشەی پێ دانا، تەلەفزیون و رۆژنامەو رادیۆی پێ داناو کەوتە دژایەتی ی.ن.ک.

سکرتێری گشتی لەژێر گوشاری ئەندامانی سەرکردایەتی و (م.س) بەتایبەتی ئەوانەی سەربەخۆی بوون، لەگەڵیدا کەوتەوە گفتوگۆ، لەئەنجامدا بەڵێنی دا پشتیوانی لەپرۆژەی چاکسازی هەڤاڵ سکرتێری گشتی بکات، بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی حیزب و حکومەت. تەنانەت بەشداریشی لە دارشتنی پرۆژەکەی سکرتێری گشتی کرد کە پاشان بلاوکرایەوە.

کەچی لەبنەوە هەر خەریکی پیلانگێری بوو.. دەستەو دایەرەکەشی بەکەلک وەرگرتن لەپۆستەکانیان لەناو ی.ن.ک هەرچی توانیان بۆیان ئەنجام دا. لەهەموو خراپترو بێ ئەمەکتر، بلاوکردنەوەی نهێنییەکانی یەکێتی بوو لەمیدیاکاندا. کە ئەمە ناپاکی بوو بەرامبەر ئەمانەتی مەسئولیەت. ئەوەبوو کە زانی لەناو خەلک نارەزایی هەیە، لیستی گۆرانی هێنایە کایەوە بۆ دژایەتی ی.ن.ک. پێشتریش خۆی و دەستەو دایەرەکەی، کەوتبونە هێرش بۆ سەر ی.ن.ک و بەدرۆی سلێمانچێتی کردن، یەکێکە لەو پروپاگەندە ناراستانەی بلاویان کردەوە، گوایە ی.ن.ک مانگانە پارەیەکی زۆر وەردەگرێتو خەلکی سلێمانی لێبێبەش کردووە! ئەوەی راست بێت، راستیەکان ئەمەی خوارەوەیە:

١-ی.ن.ک ئەو پارەیەی وەری دەگرێ بۆ (هـپ.ک)، شەهیدان، کەمئەندامان، چەکو تفاقی (هـپ.ک)و ئینجا ی.ن.ک-ە.

٢-ئەوەی زیانی دارایی گەورەشی لە سلێمانی دا، هەر نەوشیروان و دەستەو دایەرەکەی بوون، کە بونە هۆی بێبەشکردنی سلێمانی لە نزیکەی سێ هەزار ملیۆن دۆلار. چۆن؟

کوڕیەکان لەگەڵ (س.گ) پێکهاتبوون کە هێزێکیان بهێننە معسکر سلام کە بۆ پاراستنی ئاسایش لە عێراق بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان هاتبوون. بەڵێنیشیان دا کە نزیکەی (٣) هەزار ملیۆن دۆلار لەچەند ساڵێکدا لەو ناوچەیە سەرف بکەن، ڕێگەی کارگەیەکی کوری بدەن کە کارگەیەکی ئاسن لە پێنجوێن دابنێت.

کە داوای کوڕیەکان گەیشتە (م.س) نەوشیروان و دەستەو دایەرەکەی رەتیان کردەوەو گوتیان: نابێت بێنە ناوچەی سلیمانی.
ئەوەبوو چونە هەولێرو پارەیەکی زۆریان لە هەولێر سەرف کرد.؟ دیارە دەستیان خۆش بێ. هەولێریش شاری خۆشەویست و پایەختی خۆمانە، خەڵکەکەشی خەڵکی دڵسۆزو خۆشەویستی خۆمانن. ئەم ڕاستییەم بۆیە باسکرد کە نیشانی بدەین ی.ن.ک هەمیشە دڵسۆزی سلیمانی و خەڵکە دلێرەکەی بووە، بەلام نەوشیروان و دەستەکەی ڕێگری ئەوەبوو کە ئەو خێرو بێرە بەخەلکی دەڤەری سلیمانی و پێنجوێن بگات!

## سیاسەتی ڕاستەقینەی گۆڕانی گردەکە

گۆڕانی گردەکە، کە دەکاتە گۆڕانی نەوشیروان، لەدەستپێکیەوە دژی ی.ن.ک کاردەکات.

بەلام سیاسەتی شاردراوە، یان نیمچە شاردراوەیان دژی کوردایەتی، دژی فیدراڵە، دژی یەکێتی خاکی کوردستانە، دژی گەڕاندنەوەی کەرکوکە بۆ باوەشی هەرێم، دژی (هـ.پ.ک)و یەکێتیی خەڵکی کوردستانە. چۆن؟

١-دژایەتیکردنی (ی.ن.ک) بۆ هەموو خەڵک و خۆمان ئاشکراو ڕوونە، بۆیە پێویستی بەباسکردن نییە.

٢-دژی فیدراڵی کوردستانن: گەر بۆیان بکرێ سلیمانی لە هەرێم جیادەکەنەوەو هەرێم پارچە پارچە دەکەن، هەر پارێزگایەک بۆ خۆی لامەرکەزیەتیکی هەبێت.

٣-دژایەتی کوردایەتین: بەنەهێشتنی ئەو کیانە سیاسیەی کوردستان دژی هەرێمو فیدرالیەتی کوردستانن.

٤-دژی هاتنەوەی کەرکوکن بۆ سەر کوردستان: هەردەم بەگوتەیەک جارێکیان دەڵێ وا چەمچەماڵ و کفری و کەلار هاتۆتە سەر سلیمانی و زۆربەی نەوت و غاز لەوێیە: ئیتر ئێمە بۆ لەسەر کەرکوک هەرا بکەین؟ جارێکی تریان دەڵێ: با کەرکوک پارێزگایەکی سەربەخۆ بێت! لەهەردوو جاردا کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێم!

٥-لای هەندێ دەوڵەت و هەندێ لایەنی سیاسی عیراقی دەڵێ (هـ.پ.ک) زیادەیەو پێویستمان پێی نەماوە.

٦-هه‌ندێ جاریان نه‌وشیروان به‌ئاشکرا ده‌ڵێ بادینی کورد نین، که‌رکوکی که‌س نازانێ چین؟ هه‌ولێریش (قسه‌ی قیزه‌ون ده‌کات)، بۆیه هه‌ر سلێمانیمان به‌سه:

جا هه‌ڤاڵینه: ئێمه پێویسته که له‌سه‌ر گۆڕانی نه‌وشیروان ده‌نووسین، ئه‌م ڕاستیانه بۆ خه‌ڵک ڕوون که‌ینه‌وه. نه‌ک شتی شه‌خسیه‌کانیان. پێویسته خه‌ته‌ری ئه‌و سیاسه‌ت چه‌وته‌یان ڕیسوا بکه‌ین.

هه‌روه‌ک پێویسته ئه‌م ڕاستیه‌ش بۆ خه‌ڵک ڕوون که‌ینه‌وه، که ئه‌و گۆڕانه پێویسته به نه‌وشیروان ناکرێت، به‌ڵکو به ی.ن.ک و پارتی و حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ده‌کرێت، که ئه‌وان دژایه‌تیان ده‌که‌ن.
پێویسته ئه‌م ڕاستیه بۆ خه‌ڵک ڕوون که‌ینه‌وه که بۆچی: له سه‌رۆک جاشه بابه‌لباب خائینه‌کانه‌وه، تا سه‌ر مه‌لا کرێکار، تا سه‌ر جاشه هاره‌کانی خۆماڵی، تا سه‌ر کۆنه جاسوس و کۆنه به‌عسی، هه‌روه‌ها باڵی تورانی جه‌بهه‌ی تورکمانی، به‌گه‌رمی ده‌نگیان بۆ دان؟ ئایا له‌دژی پارتی و ی.ن.ک و حکومه‌تی هه‌رێم و کوردایه‌تی نه‌بوو؟

به‌ره‌و نوێکردنه‌وه‌ی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان و ڕێکخراوه دیموکراتییه‌کان پێویسته ئه‌م پلینۆمه بکه‌ینه سه‌ره‌تای خه‌بات بۆ به‌ستنی کونگریسێکی تیروته‌سه‌ل له‌ماوه‌ی چه‌ند مانگێکدا بۆ خۆنوێکردنه‌وه، نوێکردنه‌وه‌ی ی.ن.ک و هـ.پ.ک و ڕێکخراوه دیموکراتییه‌کان. بۆ بنبڕکردنی ده‌سته‌گه‌ری و بۆ به‌هێزکردنی یه‌کێتیی ڕیزه‌کانی یه‌کێتی، که ئه‌و تاقمه سڕیان کردبوو، به‌کرده‌وه‌ش په‌کی ئیراده‌ی سیاسی ی.ن.ک-ی خستبوو. بۆ جێبه‌جێکردنی چاکسازی‌و ئه‌و پرۆژه‌یه‌ی که سکرتێری گشتی پێشکه‌شی کرد، بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی یه‌کێتی، هه‌ر له‌م پلینۆمه‌دا پێویسته پلینیۆم بڕیاری سه‌رژمێریی ئه‌ندامان بدات، تاکو ژماره‌ی ڕاسته‌قینه‌مان بۆ ساغ ببێته‌وه‌و به‌رنامه‌و پرۆژه‌و ئه‌رکو فه‌رمانه‌کانیش به‌وپێیه دیاری بکرێ.
هه‌ڤاڵینه هه‌موو هه‌لومه‌رج و که‌ره‌سته‌ی سه‌رکه‌وتنمان له‌به‌دیهێنانی ئه‌و ئه‌رکانه له‌به‌رده‌سته. به‌مه‌ش ی.ن.ک به‌رووی گه‌شی مێژوویی خۆی، دوای داته‌کاندنی ته‌پوتۆز به‌سه‌رییه‌وه، دێته‌وه کایه‌ی خه‌بات، وه‌ک میراتگری ئه‌و هه‌موو سه‌روه‌رییانه‌و ئه‌و هه‌زاران شه‌هیدانه، وه‌ک پارێزه‌ری ده‌سکه‌وته بێوێنه‌کانی مێژوویی که‌بریتین له‌سه‌رخستنی شۆڕشی کوردستان، دابینکردنی دیموکراسی بۆ عیراقو فیدراڵ بۆ کوردستان، هێنانه‌کایه‌ی حکومه‌تی هه‌رێم و ئه‌و هه‌موو ئاوه‌دانی و پێشکه‌وتنی ڕووناکبیری‌و ئاوه‌دانییه، وه‌ک تێکۆشه‌ری ڕێگه‌ی ڕزگاری‌و دیموکراتی شان به‌شانی برایانی پارتی و حزبه دڵسۆزه‌کانی تری کوردستان.
هه‌ڤاڵینه ئاسۆ ڕووناکه سه‌رکه‌وتن له‌به‌رده‌سته ده‌سا بۆ پێشه‌وه بۆ جێبه‌جێکردنی ئه‌رکه‌کانمان.

# لە نێوان مام جەلال و من دا
# (ئازاری ١٩٩٩ - شوباتی٢٠٠١)

نەوشیروان مستەفا ٢٠٠٩/٢٥/١١

* بیرەوەری
* دوکومێنت
* لێدوان

پێشکەشە بەوانەی گلەییم لێ ئەکەن

١. گەڕانەوە بۆ کوردستان
٢. هەوڵی ریفۆرم
٣. دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی
٤. گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال
٥. داهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم
٦. بابەتی جۆراوجۆر
٧. دووەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان

---

## ١. گەڕانەوە بۆ کوردستان

لە دوای راپەڕین، سێ جار، هەر جارەی بۆ ماوەیەک، لە سێ قۆناغی ناسک دا کوردستانم بە جێ هێشت بو:

جاری یەکەم، لە رۆژانی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی - بەعس دا.

خولی یەکەمی گفتوگۆ (٢٠ – ١٩٩١/٤/٢٨) مام جەلال رابەریی کرد منی لە گەڵ نەبوم.

خولی دووەمی گفتوگۆ (٥/٧ – ١٩٩١/٦/١٧) کاک مەسعود رابەریی کرد منی لە گەڵ بوم.

زیاتر لە مانگێ لە بەغداد ماینەوە دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان من بڕیارم دا کوردستان بە جێ بهێڵم. لە سەر سێ مەسەلەی سەرەتایی لە گەڵ مام جەلال و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (لیرە بە دواوە م س) ناکۆک بوم:

یەکەم، جۆری بەڕێوەبردنی یەکێتی و گۆڕینی لە چەند رێکخراوێکی بێ سەروبەرەوە بۆ حیزبی دەزگا و دامەزراو. ئەمەیان ئەگەڕایەوە بۆ رۆژانی شەڕی یەکەمی خەلیج.

دوەم، جۆری بەڕێوەبردنی پێوەندی لە گەڵ پارتی.

سێیەم، جۆری بەڕێوەبردنی گفتوگۆ لە گەڵ بەعس.

ئەم ئەویست کێشەی ناوخۆ، کە شەڕی خۆبەخۆی چەکداری لێ دروست ئەبو، بۆ یەکێتی دروست بکەم بە تایبەتی لەو کاتەدا لە لایەکەوە گەڕانەوەی بەعس و لە لایەکی ترەوە زاڵبونی پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هەڕەشەیان لێ ئەکرد. بڕیارم دا سەرکردایەتی یەکێتی و کوردستانیان بۆ بە جێ بهێڵم خۆیان بێ مشتومڕ و بەربەرەکانی بەڕێوەی بەرن. بە بێدەنگی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە چوم بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ لەندەن. ئەوسا سەرچڵ قەزاز نوێنەری یەکێتی بو لە تورکیا.
لەو ماوەیەدا کە لە لەندەن بوم کتێبی «کورد و عەجەم: مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران» م ئامادە کرد بۆ چاپ و هاوژەمان لە سوید و لە کوردستان بڵاوم کردەوە. دواتر چەند بەشێکی لە لایەن محەمەد ساڵح گەلالیەوە کرایە عەرەبی و لە وەرزنامەی «پەیڤین» دا بە زنجیرە بڵاو کرایەوە.
جاری دوەم، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی (١٩٩٢/٥/١٩)
بەر لە بەستنی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی (١/٢٧ – ١٩٩٢/٢/١٤) بە چەند ڕۆژێ گەڕامەوە کوردستان بە هیوای ئەوەی کێشە سیاسیەکانی ناو یەکێتی لە ناو کۆنگرەدا بە لادا بخەین. هەندێ لە هاوڕێکانم، بۆ دابین کردنی دەسەڵات و پلە و پایەی تایبەتی خۆیان، لە کۆنگرەدا فێڵیان لێ کردم و دەستیان بڕیم. کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، بەڵکو قوڵتر بون.
هەڵبژاردنی گشتی بۆ یەکەمین پارلەمانی کوردستان لە بەردەمدا بو. پارتی و یەکێتی لە ململانییەکی سەختدا بون. ئەمجارەش نەمویست کێشەی ناوخۆ دروست بکەم، هەمان مەترسیە ناوەکی و دەرەکیەکان مابون و گەورەتر بوبون. ئەوەی لە توانامدا بو، لە پرۆپاگاندە و کۆبونەوەی جەماوەری و نوسینی وتار و پشتیوانی لە کاندیدەکان تەنانەت ئامادەکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی یەکەم حکومەتی کوردستان کردم. ئەنجومەنی نیشتمانی کۆبوەوە (١٩٩٢/٦/٤) و پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە یەکێتی سپێردرا (١٩٩٢/٧/٤) د فوئاد مەعسوم بو بە سەروەزیر. قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی یەکێتی لە زاخۆوە تا کفری درێژ ئەبوەوە. ئەمجارەش بە بێدەنگی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە چوم بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ لەندەن. لەو ماوەیەدا کە لە لەندەن بوم کتێبی «حکومەتی کوردستان: کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا» م ئامادە کرد بۆ چاپ و هاوژەمان لە هۆڵەندا و لە کوردستان بڵاوم کردەوە. جاری سێیەم، پاش گەرمبونی شەڕی یەکێتی و پارتی.
کە شەڕی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵگیرسا و، دوای ئەوەش شەڕی یەکێتی و پارتی دەستی پێ کرد، زیادتر لە ١٦ مانگ بو من لە لەندەن دانیشت بوم و دور بوم لە دەزگای بڕیاردانی ناو یەکێتیەوە. خۆم دور ڕاگرت بو لە کاروباری یەکێتی.
مام جەلال بۆ گەشتی سیاسی هات بو بۆ ئەوروپا. بە تەلەفۆن داوای لێ کردم منیش لە گەڵی بم. بە بیانوی جیاجیاوە ئەمویست خۆم لەو ئەرکە ببوێرم. دوای سەردانی فەرەنسە و ئەڵمانیا هاتە لەندەن. ڕوی لێ نام کە ئەگەر بۆ هاوڕێیەتیش بێ لە گەڵی بچم بە تایبەتی کۆبونەوەیەکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال لە تۆکیۆ هەبو. لە گەڵی چوم بۆ ئیسپانیا گەڵێ کەس و حیزب و کاربەدەستمان بینی لەوانە: خافیر سۆلانە کە ئەوسا وەزیری کاروباری دەرەوە بو. چوین بۆ ئیتالیا سەرکۆمارمان بینی. هەندێ بەڵێنی گرنگمان لە هەردوکیان وەرگرت یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن.

لەوانە چاپکردنەوەی کتێبی قوناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، مەشق و راهێنانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان، پارمەتیدانی حکومەتی هەرێم بە پسپۆر و کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوانی کوردستان. خۆمان ئامادە کرد بو بچین بۆ ژاپۆن شەڕی یەکێتی و پارتی لە قەلازەوە دەستی پێ کرد(١٩٩٤/٥/١) و بە خێرایی تەنیەوە بۆ رانیە و بادینان و سلێمانی. مام جەلال ئەبو بگەرێتەوە بۆ کوردستان منیش، وەک مەسەلەیەکی ئەخلاقی، نەمئەتوانی خۆم لەم گەرانەوەیە بدزمەوە ناچار لە رۆماوە لە گەڵی چومە سوریا و لەوێوە بۆ تورکیا و بە کۆپتەری تورکی راستەوخۆ بۆ هەولێر (١٩٩٤/٦/٢). یەکێتی لە بادینان و پارتی لە سلێمانی دەرکرا بون. بەلام هێشتا هەولێر پایتەختی حکومەتی هەرێم بە تێکەلاوی بە دەست هێزەکانی یەکێتی و پارتیەوە بو.

زۆری ئەو ماوەیە من خەریکی گفتوگۆ بوم لە گەڵ نوێنەرانی پارتی. بۆ ئەو مەبەستە سەفەری ئێران و تورکیا و فەرەنسا و ئیرلەندەم کرد. بۆ ئاگادارکردنەوەی رای گشتی کورد لە رەوتی گفتوگۆکان چەندین وتارم نوسی و بلاو کردەوە. لە ئاسۆی نزیکدا هەلی ئاشتبونەوەی یەکێتی و پارتیم نەئەبینی. هەلومەرجی ناو یەکێتیش « هەمان تاس و هەمان حەمام» ی جارەکانی تر بو. نەمئەویست کێشەی ناوخۆ بۆ یەکێتی دروست بکەم دیسان بە بێدەنگی بۆم بە جێ هێشتن. بۆ ئەوەی دەنگی لێ دەرنەچێ هاورێ لە گەڵ مام جەلال بە ناوی بەشداری کۆبونەوەی تەداولی موعارەزەی عێراقیەوە (اجتماعات تداولیە للمعارضە العراقیە) چوین بۆ تاران و دیمەشق. لەوێوە من گەرامەوە بۆ لەندەن. لەوێ دانیشتم خۆم دور راگرت بو لە کاروباری یەکێتی. لەو ماوەیەدا لە نوسینەوەی «دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق» لە سالی ١٩٧٥ەوە تا ١٩٨٨ بومەوە و لە ژێر ئەم سەرناوانەدا بلاوم کردنەوە:

- «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» هاوزەمان لە بەرلین و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بلاو کرایەوە. مستەفا سالح کەریم کردی بە عەرەبی و بە زنجیرە چەند بەشێکی لە هەفتەنامەی «الاتحاد» ا بلاو کردەوە.
- »پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن» هاوزەمان لە بەرلین لە لایەن ئاوەدانی و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بلاو کرایەوە.
- «خولانەوە لە ناو بازنەدا» هاوزەمان لە بەرلین لە لایەن ئاوەدانی و لە کوردستان لە لایەن دەزگای خاکەوە بلاو کرایەوە. شێرزاد شێخانی کردی بە عەرەبی بەلام لە بەر هۆی سیاسی ئەو کاتەی گفتوگۆی یەکێتی – پارتی بلاوم نەکردەوە.

جگە لەمانە کە تێکەلاو بون لە بیرەوەری و دۆکۆمێنت چەند کتێبی ترم ئامادە کرد لەوانە:

- «سەردەمی قەلەم و موراجەعات» لە سلێمانی بە کوردی و محەمەد سالح گەلالی کردی بە عەرەبی و بلاوکرایەوە.
- »میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا» لە هۆلەندا و سلێمانی بلاو کرایەوە.
- »لە پەراوێزی مێژوەکانی ئەردەلاندا» لە سلێمانی بلاوکرایەوە.

ئەو چەند جارەی لە لەندەن بوم مانەوەی خۆمم بە کاتی دانابو. ئەگەرچی چەند سەفەرێکم کرد بۆ سوید، ئەلمانیا، هۆلەندا، ئەمەریکا... بەلام هەولم دا زۆرترین کەلک

لەو هەلە وەربگرم، بە تایبەتی بۆ نوسین. پێم وایە ئەو خزمەتەی لەو ماوەیەدا لە بواری نوسیندا بە رۆشنبیری و مێژوی کوردم کردوە هیچی کەمتر نیە لەو خزمەتەی، ئەگەر بە خزمەت بژمێردرێ، لە بواری سیاسی و پێشمەرگەییدا، کردومە.

* لە دوای راپەرینەوە بڕیارم دا بو، هەر کات لە گەڵ سەرکردایەتی یەکێتی توشی ناکۆکی قوڵ و کێشەی ئاڵۆزی سیاسی ببم ، لە باتی ئەوەی ململانێیان لە گەڵ بکەم، کە لەوانە بو ببێتە هۆی پێکدادانی چەکدار، لە بەردەمیان دا بە هێمنی و بێدەنگی بکشێمەوە. لە بەر ئەوە هەمیشە چاوەڕێ بوم لە هەلومەرجێکی گونجاودا بگەڕێمەوە کوردستان. سەرەنجام بڕیاری گەڕانەوەم دا. ئەم جارەیان کە بڕیاری گەڕانەوەم دا، یەکێتی لە هەولێر، پایتەختی هەرێم، دەرکرابو. حکومەتەکەی و مەکتەبی سیاسیەکەی و سەرکردایەتیەکەی و فەرماندەکانی بە ئاوارەیی لە سلێمانی بون.

* لە لەندەنەوە بۆ قەڵاچوالان

دلێری سەید مەجید خێزانەکەی لە لەندەن ئەژیا هات بو بۆ سەردانی ئەوان و لە سەر گەڕانەوە بو. رێککەوتین پێکەوە بگەڕێینەوە. لە کۆتایی شوباتی ١٩٩٩ دا لە فڕۆکەخانەی هیترۆ یەکمان گرتەوە و بەرەو تاران فڕین لە فرودگای میهراباد نیشتینەوە. لە ئوتێلێکی تاران دابەزین. ئەودەم بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتی بو لە تاران. لە تاران بە پێویستم زانی ئیستیک بکەم. چونکە دەربارەی رۆیشتنەوەم بۆ کوردستان پێشتر ئاگاداری مام جەلال یا کەسێکی تری م س م نەکرد بو. خۆم سەربەخۆ بێ پرس و رای ئەوان بڕیاری گەڕانەوەم دا بو. گەڕانەوەی کتوپڕ و لە ناکاو لەوانە بو خراپ لێک بدرێتەوە. لەو سەردەمەدا پێشوازی کاربەدەستانی حیزب و حکومەت و کۆکردنەوەی فەرمانبەری فەرمانگەکان و خوێندکارانی زانکۆ و قوتابخانەکان و پێشمەرگە و کادرەکانی حیزب.. بوبو بە عادەت. لە گەڵ دلێر رێک کەوتم من لە تاران بمێنمەوە. ئەو بۆ گەیاندنی پەیامێکی من سەردانی مام جەلال بکا لە قەڵاچوالان. وەڵامی پەیامەکەم بۆ بهێنێتەوە بۆ تاران. ئەوسا بڕیار بدەم بڕۆمەوە بۆ کوردستان یان بگەڕێمەوە بۆ لەندەن.

پەیامەکەم ئەمە بو: من ئەگەڕێمەوە بۆ کوردستان. بە تەما نیم هیچ پلە و پایەیەک لە یەکێتی و لە حکومەتدا وەر بگرم. ئەمەوێ لە کوردستان بژیم و پشتیوانی ئەو ئەبم. نامەوێ پێشوازی حیزبی یا حکومەتی بکرێم. ئەمەوێ بە بێدەنگی بێمەوە. ئەگەر بەوجۆرە رازیە ئەگەڕێمەوە ئەگەرنا بلیتەکەم بۆ دوسەرە ئەگەڕێمەوە بۆ لەندەن. ناوەرۆکی پەیامەکەم رەنگدانەوەی ناخی دڵم بو. دلێر لە لای مام جەلالەوە هاتەوە تاران. وتی مام جەلال ئەڵێ وڵات وڵاتی خۆیەتی خۆی چۆن حەز ئەکا وا ئەکەین. بەڵام نە ئەوەی ئەو داوای کردوە و نە ئەوەی من بە تەمای بوم. کە هاتەوە با ماوەیەک میوانی من بێت.

دلێر حەزی بە گەڕانەوەی من و نزیکبونەوەی من بو لە مام جەلال. ئینجا پەیامەکەی منی چۆن بە مام جەلال گەیاند بو و پەیامەکەی مام جەلال چی بو بۆ من، وەکو خۆی برد بوی و هێنابوی، یان خۆیشی ترش و خوێی پێوە کرد بو، ئەوە مەگەر خۆی بزانێ. چونکە مام جەلال نامەیەکی بەخێرهاتنەوەی بۆ نوسی بوم ، لە گەڵ پەیامەکەی مندا هەندێ جیاواز بو. ئەمە دەقەکەیەتی:

برای دێرین و هەڤاڵی خۆشەویستم کاکە نەوەی بەرێز

سڵاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرم
زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەتان دەکەم بۆ کوردستانی رزگار کە لە سەرەتای ژیانتەوە لەبۆی خەباتت کردوەو هیچیشت لە ژیان و خۆشی و فیداکاری لێ چاو نەبوە و لێت نەگرتوتەوە. پڕ بەدڵیش شاد بوم و لە ناخی دڵەوە گەشامەوە، بەوەی کە بڕیارتان داوە لە پەنا و لە گەڵ برای دێرینی خۆت درێژە بەو خەباتە بدەیتەوە کە هەمو لاوێتیت لە سەر داناوە، بە راستی یەکێک بووە لە خەبەرە هەرە خۆش و دڵشادکەرەکان. زۆر بەخێر بێیتەوە سەر چاوان. بێگومان وەک هەمیشە کاکی خۆشت هاوخەبات و هاوکار و هاریکارت دەبێت و هیچیشی لێت چاونابێت. بەوپەڕی برایەتیەوە ریزی شایستەی خۆشت لێ دەگیرێت.
دوبارە بەخێربێیتەوەو هەر بژی بۆ گەلەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

برای دڵسۆز و دێرینتان    مام جەلال١٢ / ٣ / ١٩٩٩

«پاش ئەوەی دو حەفتە لە تاران مامەوە بە فڕۆکە بە رێ کەوتم بۆ کرماشان. دیاری گەلالی نوێنەری یەکێتی بو لە کرماشان. رۆژی ١٥ ی ٣ ی ١٩٩٩ لە کرماشانەوە بە ئۆتۆمۆبیل بۆ دەروازەی پەرویز خان و لە پەرویز خانەوە بۆ قەلاچوالان، وەکو مام جەلال دای نابو.
رۆژی دوایی «کوردستانی نوێ» لە ژ ١٨٢٣ ی رۆژی ١٦ ی ٣ ی ١٩٩٩ دا هەواڵەکەی بەم جۆرە گێڕایەوە:
«هەڤاڵ نەوشیروان گەیشتەوە سلێمانی
«پێش نیوەڕۆی ١٩٩٩/٣/١٥، سەعات ١٠ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتەوە پەرویزخان و لەوێ بە ناوی هەڤاڵ مام جەلالەوە لە لایەن عومەر فەتاح و لە لایەن شێخ محەمەد شاکەلی بە ناوی مەکتەبی سیاسیەوە و لە لایەن هەڤاڵ جەلال جەوهەرەوە بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە و هەڤاڵ نازم کەرکوکی بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی لێ کرا. «پاشان بە رێز و تەقدیرەوە بە رێ کران بەرەو قەلاچوالان، لە عەربەتیش لە لایەن هەڤاڵ عومەری سەید عەلی و هەڤاڵ محەمەد توفیق و حاکم قادر حەمە جان و هەڤاڵ مەحمود سەنگاویەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.
«لە کاتی نیوەڕۆشدا کە گەیشتە قەلاچوالان لە لایەن هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ د کەمال فوئاد و هەڤالانی تری مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵ کوسرەت رەسول عەلی سەرۆکی حکومەت و چەندین وەزیری کابینەکەیەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.
«پاشان هەمویان پێکەوە نانی نیوەڕۆیان لە سەر خوانی هەڤاڵ مام جەلال خوارد.
«هەمو هەڤالانی مەکتەبی سیاسی بە گەرمی پێشوازییان لە کاک نەوشیروان کرد و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کرد هەڤاڵ مام جەلالیش بە ناوی ی ن ک و ە پ ک
– دوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی هەڤاڵ نەوشیروانی خەباتگێری دێرین و ئەندامی کومیتەی دامەزرێنەری ی ن ک و فەرماندەی پێشمەرگەکانی کوردستان و ئەندامی دێرینی مەکتەبی سیاسی ی ن ک کرد و هیوای خواست وەک هەمیشە هەمو هێز و توانا و هۆش و زانیاری خۆی لە پێناوی ئامانجە دێرینەکانی گەلەکەماندا

بخاتە گەڕ.»ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەیئەتوانی هەواڵی لەم بابەتە لە خۆیەوە، بێ ڕەزامەندی مام جەلال، بنوسێ. من نە نمایشەکەم پێ خۆش بو نە ئەو هەواڵە. حەزم ئەکرد وەکو خەڵکی ئاسایی چۆن بە بێدەنگی ڕۆیشت بوم بە بێدەنگی بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئازادی قسە و کار و جموجوڵم هەبێ. چونکە ئەو نمایشە و ئەو هەواڵە، بە بێ ویست و ئارەزوی خۆم، جۆرێ لە «ئیلتیزام» ی سیاسی بە سەرمدا ئەسەپاند. دوای ئەوەی دو ڕۆژ لە قەلاچوالان مامەوە ئیزنم خواست و گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

**ململانێی ناو یەکێتی**

مەکتەبی سیاسی پێک هاتوە لەم ئەندامانە:

کۆسرەت ڕەسول، جەبار فەرمان، عومەری سەید عەلی، قادری حاجی عەلی، ئەرسەلان بایز، عومەر فەتاح، محەمەد توفیق ڕەحیم، جگە لەمان کە پاشماوەی ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی‌ین، فەرەیدون عەبدولقادر و عومەری حاجی عەبدولا، کە لە کۆنگرەی یەکەمدا وازیان هێنا بو، مام جەلال هێناونیتیەوە بۆ ناو م س. هەروەها:

شێخ محەمەدی شاکەلی، ڕەسول مامەند، لە دوای کۆنگرەی یەکەم مام جەلال لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسی‌دا لە گەڵ بەشێکی حیزبی سۆشیالیست دا هەردوکیانی هێناوەتە ناو م س. کاک ڕەسول کۆچی دوایی کرد. شێخ محەمەد ماوەتەوە.

مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، لە دوای کۆنگرەی یەکەم مام جەلال لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسی‌دا لە گەڵ بەشێکی حیزبی زەحمەتکێشان هەردوکیانی هێناوەتە ناو م س.

بەندەش، کە لە کۆنگرەی یەکەم دا لە سەر داوای مام جەلال، لە گەڵ د فوئاد مەعسوم و د کەمال فوئادا بێ ئەوەی بە فیلتەری هەڵبژاردن‌دا تێ بپەڕین، بە بیانوی ئەوەی لە دەستەی دامەزرێنەر بوین، بۆ ئەندامەتی سەرکردایەتی بە چەپڵەڕێزان هەڵبژێردراین.

مام جەلال زیرەکانە مەکتەبی سیاسی داناوە. ئەوانە چەند دەستەبەند و کەسایەتی جیاوازن بە دەگمەن هەمویان لە سەر کێشەیەک ئەتوانن پێک بێن. هەمیشە پێویستیان بە مام جەلال ئەبێ بۆ ئەوەی هاوسەنگی‌یان لە نێوان‌دا ڕابگرێ. ئەگەر ئەو نەبێ ڕەنگە نەتوانن ئێوارەیەک، لە هیچ بۆنەیەک دا شایی بێ یا شیوەن، پێکەوە کۆ ببنەوە.

کۆسرەت و جەبار ناکۆکن. هەر کەسەیان داورودەستەی خۆی هەیە. هەرکەسەیان ئەیەوێ پێگەی خۆی بەهێز و ئەوی تر لاواز بکا. کۆسرەت کار ئەکا بۆ ئەوەی هەروەک کەسی یەکەمی حکومەتە، ئاوەهاش ببێتە کەسی یەکەمی یەکێتی.

کەمال فوئاد و فوئاد مەعسوم و عومەر فەتاح و ئەرسەلان بایز، شێخ محەمەدی شاکەلی و مەلا بەختیار و عیماد ئەحمەد، لە ناو ڕێکخراو و کادرەکانی یەکێتی‌دا پێگە و پشتیوان و لایەنگریان کەمە. مام جەلال دەستی گرتون و ئەوانیش دەستیان بە مام جەلالەوە گرتوە، لە هەمو شتێک دا پشتی ئەگرن.

کۆسرەت و جەبار پێیان وایە من لە سەر داوای مام جەلال و بۆ پشتیوانی لەو لە بەرامبەر ئەوان‌دا هاتومەتەوە و، ئەو چەند ڕۆژەی میوانی ئەو بوم لە قەلاچوالان خەریکی دانانی نەخشە و پیلان بوین دژی ئەوان. زۆر بە توندی کەوتنە دژایەتی

من. ڕاستیەکەی ئەوان خۆیان بەدگومان بون ئەگینا ئەو چەند ڕۆژە هیچ باسێکی سیاسی‌مان نەکرد بو، هیچ نەخشە و پیلانیکیشمان دانەنا بو دژی ئەوان. مام جەلال ئامادە نەبو دژی ئەوان کار بکا یا لە هیچ هەلومەرجێکدا دەستیان لێ هەڵ بگرێ یا تەنانەت ئەو شتانەیان بە ڕودا بداتەوە. لە یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتیدا ئەوان دژی من پشتیوانی‌یان لە مام جەلال کرد. ئەویش بۆ ئەوەی من لە ناو یەکێتی‌دا لاواز بکا خۆی هەردوکیانی گەورە کرد بو. دەسەلات و پارەی خست بوە بەردەستیان. ئازاد و ئازای کرد بون چی ئەکەن بیکەن. بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی ناو یەکێتی پێویستی بە هەردوکیان و هەردو دەستەبەندیەکەیانە.
ئەوەی گومانی لە لا دروست کردبون ئەوەبو گەڕانەوەی من هاوزەمان بو لە گەڵ زنجیرەیەک کۆبونەوە کە مام جەلال لە ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٨ ی مانگی شوبات، دەربارەی «گەشەپێدان و بژارکردن» ی یەکێتی، بە مەکتەبی سیاسی کرد بو. ئەوی ڕاستی بێ من هیچ ئاگایەکم لەم کۆبونەوانە نەبو. گەڕانەوەی منیش هیچ پێوەندیەکی بە گەشەپێدان و بژارەوە نەبو. بۆ زیاتر ئاگاداری لێرەدا هەواڵی کۆبونەوەکانی م س لەو ڕۆژانەدا دەقاودەق وەکو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا نوسراوە ڕائەگوێزم. ئەوەندەی بزانم هەواڵەکان لە لایەن خودی مام جەلالەوە ئامادە کراون و دوا هەوالیشیان هەر لە لایەن خۆیەوە دارێژراوە:
* هەواڵی یەکەم: کوردستانی نوێ: ژ ١٨٠٨ ڕۆژی ٢٣ ی ٢ ی ١٩٩٩.
«لە کۆبونەوەیەکدا بە سەرپەرشتی سکرتێری گشتی مەکتەبی سیاسی بریاری دا پێداچونەوەیەکی گشتی بە هەمو دەزگاکانی ی ن ک بکرێ
«پاش نیوەڕۆی دوێنێ ٢٢ ی ٢ هەڤاڵ مام جەلال، لە قەلاچوالان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – ی کرد.
«لە کۆبونەوەکەدا باس لە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دوا پێشهاتەکانی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا کرا. «لە تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکەدا کە تایبەت بو بە ڕێکخستنەوەی هەمو دەزگاکانی ناو ی ن ک، بریار لە سەر پێداچونەوەیەکی گشتی درا، کە لە سەر بناغەی هەڵبژاردنی هەمو دەزگاکان دامەزرا بێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە.»
هەواڵی دوەم: کوردستانی نوێ: ژ ١٨٠٩ ڕۆژی ٢٤ ی ٢ ی ١٩٩٩.
«بە سەرپەرشتی مام جەلال مەکتەبی سیاسی درێژە بە کۆبونەوە ئاساییەکانی دەدا
«ئێوارەی دوێنێ ٢٣ ی ٢ هەڤاڵ مام جەلال لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەلاچوالان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – ی کرد.
«لە کۆبونەوەکەدا باس لە ڕەوشی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و دوا پێشهاتەکانی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان کرا. «لە تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکەدا درێژە بە باس کردنی ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی ی ن ک و چۆنیەتی گەشەپێدانیان درا، واش بڕیارە کۆبونەوەکان لە ڕۆژانی داهاتوشدا درێژەیان هەبێت.»
هەواڵی سێیەم: کوردستانی نوێ: ژ ١٨١١ ڕۆژی ٢٨ ی ٢ ی ١٩٩٩.
«لە درێژەی کۆبونەوەکانیدا بۆ گەشەپێدان و بژارکردن مەکتەبی سیاسی چەندین

بڕیاری گرنگی بۆ گه‌شه‌پێدانی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان ده‌رکرد.»
هه‌واڵی چواره‌م: کوردستانی نوێ: ژ ١٨١٢ ڕۆژی ١ ی ٣ ی ١٩٩٩.
«له درێژه‌ی کۆبونه‌وه‌کانی‌دا مه‌کته‌بی سیاسی بڕیاری دا له هه‌فته‌ی داهاتوه‌وه ده‌ست به بژارکردن و گه‌شه‌پێدانی ده‌زگاکانی حکومه‌ت بکرێ. «مه‌کته‌بی سیاسی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان له درێژه‌ی کوبونه‌وه‌کانی خۆی‌دا به سه‌رپه‌رشتی هه‌ڤاڵ مام جه‌لال بۆ گه‌شه‌پێدان و بژارکردن له ناو یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان وهێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان و حکومه‌تی هه‌رێم و ڕێکخراوه دیموکراتیه‌کان‌دا، کوبونه‌وه‌ی دوێنی ٢٨ ی ٢ ی ته‌رخان کرد بۆ حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان.
«له‌م بواره‌دا مه‌کته‌بی سیاسی باسی له گه‌شه‌پێدان و بژارکردن له حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان‌دا کرد و بڕیار درا له سه‌ره‌تای هه‌فته‌ی داهاتوه‌وه ده‌ست بکرێ به بژارکردن و گه‌شه‌پێدانی ده‌زگاکانی میری خۆمان و دانانی میلاکات بۆ وه‌زاره‌ته‌کان و هه‌ڵبژاردنی خه‌ڵکی شایسته بۆ شوێنی خۆیان. «هه‌روه‌ک بڕیار درا حکومه‌ت کاره خزمه‌تگوزارییه ئه‌نجامدراوه‌کانی خۆی بۆ کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک ڕون بکاته‌وه و ده‌زگا پێویستیه‌کان بۆ گه‌شه‌کردن و هه‌ڵسوڕاندنی کاروباره‌کانی پێویستیش دابمه‌زرێنێت.
«هه‌روه‌ها بودجه‌ی میریی خۆشمان ڕێکوپێکتر دابندرێته‌وه و پلانی ڕاستوره‌وا بۆ گومرگ و باجه جیاجیاکان دابندرێت و هه‌وڵ بدرێت له بنه‌ڕه‌ته‌وه، دزی و ڕاووڕوت و به‌رتیل خواردن و زیده‌مه‌سره‌فی له ناو ده‌زگاکان‌دا نه‌هێڵدرێ.»
* خۆزگه که‌سێک ئه‌م هه‌واڵانه و وتاره درێژه‌کانی مام جه‌لالی شی ئه‌کرده‌وه و هه‌ڵی ئه‌سه‌نگاندن و، به‌راوردی ئه‌کردن له گه‌ڵ ڕوداوه‌کانی سه‌رئه‌رز تا ده‌رئه‌که‌وت له‌و بڕیار و به‌ڵێنانه چه‌ندیان جێبه‌جێ کراون و، چه‌ندیان هه‌ر قسه‌ی ڕوت بون و هه‌رزو پشت گوێ خراون و له بیر چونه‌ته‌وه.

## ٢. هه‌وڵی ڕیفۆرم

نارەزایی خه‌ڵک

له‌وه‌تی هاتومه‌وه ژماره‌یه‌کی زۆر له خه‌ڵکی ناوچه جیا جیاکانی کوردستانی عیراق، هه‌ر له ئاواره‌کانی زاخۆ و هه‌ولێره‌وه تا سه‌رۆکی عه‌شیره‌ته‌کانی کفری هاتونه‌ته لام، ئه‌گه‌رچی هه‌مویان به ناوی به خێر هاتنه‌وه هاتون به‌ڵام هه‌مویان که‌م و زۆر ناره‌زایی ده‌رئه‌بڕن، باس له چاککردنی هه‌لومه‌رجی کوردستان ئه‌که‌ن. به گشتی هیوایه‌کی زۆریان هه‌یه من ده‌ورێکی کاریگه‌ر بگێڕم له چاککردنی باری وڵات‌دا.
له ناو ئه‌وانه‌دا که بینیومن: بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی، عه‌لی باپیر، شێخ محه‌مه‌دی به‌رزنجی، محه‌مه‌د بابان و مه‌ڵبه‌ندی سلیمانی، هه‌ردو وه‌زیری ئه‌وقاف و عه‌دل. نه‌هزه‌ی ئیسلامی. محه‌مه‌دی حاجی مه‌حمود و عه‌بدولخالق هه‌ورامی و سۆسیالیستی دیموکراتی. قادر عه‌زیز و زه‌حمه‌تکێشان. سورچییه‌کان و پارێزکاران. به‌هادین نوری و دیموکراتیخوازان. به‌ختیار زه‌نگه‌نه و کۆمه‌ڵه‌ی نه‌ته‌وه‌یی. حیزبی شیوعی کوردستان. کۆمۆنیستی کرێکاری.
ناره‌زایی خه‌ڵک له‌وانه ئه‌ندام و کادر و پێشمه‌رگه‌کانی یه‌کێتی له سه‌ر چیه؟ چیه ئه‌وه‌ی که‌مایه‌سی تێ که‌وتوه و پێویستی به ڕاست کردنه‌وه هه‌یه؟ ئه‌یانه‌وێ چی چاک بکرێ؟ ئه‌گه‌ر چه‌وتی و خوار و خێچییه‌ک هه‌بێ له کوێ دایه؟ ئه‌بێ له کوێ وه

دەس بە راستکردنەوە بکرێ؟
کەوتمە دوی دۆزینەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە و میکانیزمی جێبەجێ کردنیان. لە گەڵ شارەزایانی وەزارەت و دائیرەکان و پسپۆری بواری جیاوازی کارگێری و بەڕێوەبەرایەتی گفتوگۆم کرد. هەوڵم دا زۆرترین زانیاری کۆ بکەمەوە. خەلەلەکان دیاری بکەم، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدەم.

## گفتوگۆیەکی دوقۆڵی

۹ ی ٤ ی ۱۹۹۹ هەینی:
نیوەڕۆ بۆ فراوین بە کۆمەڵ، مام جەلال و زۆربەی ئەندامانی م س میوانی کۆسرەت بوین. دوای هاتنەوەم بۆ سلێمانی ئەوە یەکەمین جار بو لە گەڵ مام جەلال یەکتری ببینینەوە.مام جەلال وتی: بۆ بەخێرهاتنەوەت و بۆ ئەوەی هەندێ قسە بکەین ئێوارە دێم بۆ سەردانت.
ئێوارەکەی هات و بە دو قۆڵی لە ماڵەکەی خۆمان دانیشتین. لە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەمە یەکەمین جار بو پێکەوە بۆ باسی سیاسی کۆ ببینەوە.
وتی: «ئەوە چەند رۆژێکە گەڕاویتەوە سلێمانی، حەساویتەوە، خەڵکی زۆرت بینوە، ئێستا ئەڵێی چی؟»
وتم: «ئەو ماوەیەی هاتومەوە زۆر کەس هاتون بۆ لام، بواری کەسم نەداوە ماڵەکەم بکا بە دیواخانی هێرش بۆ سەر یەکێتی و سەرکردەکانی، بەلام هەندێ شتم لە قسەکانیان دەرهێناوە. شوێنی تۆ لە ناو خەلک دا بەهێزە و چاوەڕوانی ئەوەن ئەو بڕارەی دەستت پێ کردوە بە ئەنجامی بگەیەنی. ئەوەی من بۆم ساخ بوتەوە خەلک لە دو شت زۆر نارازین:
یەکەمیان، ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان ژیانی کاربەدەستانی یەکێتی و خەلک دا هەیە.
دوەمیان، ئەو فەسادە زۆرەی لەم حکومەتەدا دروست بوە، هیچ ئیشێ بێ واسیتە و مەحسوبیەت، ناڕوا. فەساد لە سەرکردایەتی یەکێتی دایە. ئەگەر هەمو کادرەکانی ناوەڕاست و خوارەوەش لاببرێ ئەگەر دەسکاری سەرەوە نەکرێ هیچ سودێکی نیە.
خەلک ئەپرسن:
مام جەلال خۆی دز نیە ئەی بۆچی دزی لەمانە قبوڵ ئەکا؟
مام جەلال خۆی داوێنپیس نیە ئەی بۆچی داوێنپیسی لەمانە قبوڵ ئەکا؟
مام جەلال خۆی پیاوێکی قانونیە بۆچی بێ قانونی لەمانە قبوڵ ئەکا؟
تۆ کەسی یەکەمی، ئوبالی مێژویی لە ئەستۆی تۆدایە، ئەگەر حوکمڕانی یەکێتی باش و سەرکەوتو بێ پاشەڕۆژ ستایشی تۆ ئەکەن و ئەگەر خراپ و شکستخواردو بێ قسە بە تۆ ئەڵێن...»
پێشتر چەند جارێ بەر لەوەی کوردستان بە جێ بهێڵم و دوای ئەوەش چەند جارێ لە ئەوروپا بە راشکاوی ئەم بابەتانەم لە گەڵ باس کرد بو، هەمو جار بەڵێنی چاککردنی ئەدا بەلام هیچ جارێ بە جێی نەئەهێنا. قسەکانی منی بە دل نەبو، حەزی نەئەکرد باسی لایەنە رەشەکانی دەسەلاتی یەکێتی ببیستێ، حەزی ئەکرد باسی دەسکەوت و سەرکەوتن و لایەنە باشەکانی بۆ بکەم، لە گەڵ ئەوەش دا قسەکانی سەلماند.

وتی: «هەڤیانە، تۆش یارمەتیم بدە وەرە بۆ کۆبونەوەکانی م س، چاکیان ئەکەم.»
وتم: «ئەگەر تۆ چاکی بکەی من سەرباز ئەبم لە لەشکرەکەدا.»
وتی: «تۆ سەرباز نابی جەنەراڵ ئەبی.»
کوێر تا ئەمرێ بە تەمای چاوە. منیش ئومێدێکم لە لا زیندو بوەوە، ئەگەرچی زۆر کز و لاواز بو، بەڵام ئومێد بو. پیرەمێرد ئەڵێ: «شەوێ پیاوێ لە بەفرا ما، نەمرد، ئاگرێکی دورێ دی...»

پاشاگەردانی هەرێمگیر

سیستەمی کاری حکومەتی و حیزبی و پێشمەرگەیی لە قەڵەمڕەوی یەکێتیدا بە جۆرێ ڕێک خراوە هەر لایە بۆ خۆی شتێکی سەربەخۆیە لەوی تر.

* کۆسرەت سەرۆکی حکومەت و دەسەڵاتداری یەکەمی ناو حکومەتە.
* جەبار فەرمان جێگری فەرماندەی گشتی پێشمەرگەیە، بەڵام دەسەڵاتداری یەکەمی ناو پێشمەرگە خۆیەتی.
* مەکتەبی سیاسی قەوارەیەکی روکەشە، پێک هاتوە لە چەند ئەندامێکی بێکار و، چەند بەرپرسی مەکتەب و چەند وەزیرێ.
* وەزیرەکان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دا لە کاروباری وەزارەتەکانی یەکتری ناپرسنەوە و هەقیان بە سەر یەکتریەوە نیە.
* ئەندامانی م س لە کۆبونەوەکانی م س دا لە کاروباری مەکتەبەکانی یەکتری ناپێچنەوە هەقیان بە سەر یەکتریەوە نیە.

لە سەرو ئەمانەوە کەسێ یا دامەزراوێ نیە هەمویان بە یەکەوە گرێ بدا و لە کاروبارەکانیان بپرسێتەوە.

مام جەلال، سکرتێری گشتی، کە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ بەرپرسی هەمویانە، بە زۆری خەریکی سەفەری دەرەوە و بازرگانی و قۆنتەرات و لیوا تایبەتیەکانی خۆی و کۆبونەوەی فراوانی بێ سودی بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنە.

داهاتی حکومەت لە تاریکی تەواو دایە جگە لە کۆسرەت و وەزیری دارایی و چەند کارمەندێکی پێوەندیدار کەسی کە نازانێ چەندە و چی لێ ئەکرێ و چۆن سەرف ئەکرێ.

بە فیڕۆدانی دارایی گشتی و پێڕەوی نەکردنی پێوانەی قانونی لە دابەشکردنی وەزیفە و پارە و زەوی و خانو و، پێڕەوی نەکردنی یەکسانی لە رەفتارکردن لە گەڵ هاوڵاتیاندا بۆتە دیاردەیەکی زەق و دزێوی گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی:

- هەزاران کەس دامەزرێنراون بێ ئەوەی دائیرەکانی حکومەت پێویستی پێیان بێ. هەزارانیان «بەدەر لە رێنماییەکان» واتە بێ ئەوەی مەرجی قانونییان تێدا بێ و بە سەدانیان بە «شەهادەی ساختە» بە پلەی تایبەتی و بەرز دامەزرێنراون.
- سەدان خانوی حکومەتی، کە هەندێکیان خانوی وەزیفەن، دراوە بە کەسانی ناموستەحەق و زۆری تاپۆ کراوە لە سەریان یا فرۆشتویانەتەوە.
- قۆنتەرات دراوە بە کەسانی کە نە بەڵێندەرن و نە بازرگانن. هەندێ لەمانە قۆنتەراتەکان ئەفرۆشنەوە. لە بەر ئەوەی قۆنتەراتەکە دەستاودەست ئەکا و هەرکەسە بەشە قازانجی خۆی لێ وەرئەگرێ، چۆنایەتی پرۆژەکان خراپ و هەندێکی تەواو ناکرێ.

- هەزاران پارچە زەوی دابەش کراوە بە سەر کەسانی جۆراوجۆردا، بە ناوی پێشمەرگە و کادر و تێکۆشەری دێرین و کەسوکاری شەهید... هەندێکیان بە درۆ ئەو ناوەیان لە خۆیان ناوە و، هەندێکیان خانویەک و پارچەیەک زەوی یا زیاتر و هەندێک بە ناوی خۆی و هاوسەر و منداڵەکانیەوە چەندین پارچە زەوی‌یان وەرگرتوە و فرۆشتویانەتەوە.
- سەدان ملیۆن دینار ئەدری بەموبەو و سەدان ئۆتۆمۆبیل بۆ ئەموئەو ئەکڕدری بێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوە یا چاودێریەکی دارایی بە دواوە بێ.
- دەستی گەندەڵی گەیشتوتە دەزگا زانستی و قەزاییەکان.
بە سەدان خوێندکار «بەدەر لە رێنماییەکان» لە کۆلیجەکانی زانکۆی سلیمانی و لە خوێندنی باڵای بواری جۆراوجۆر بە «قبول خاص» وەرگیراون و، راگری کۆلێج و سەرۆکی بەشەکان بێ گوێدانە پێوەری زانستی و قانونی دائەنرێن و لائەبرێن.
بە دەیان دادوەر و جێگری داواکاری گشتی، بێ ئەوەی مەرجە قانونیەکانیان تێ‌دا بێ، لە دادگا و دائیرەکان‌دا دامەزرێنراون.
لەم پاشاگەردانیەدا کە مام جەلال ناوی ناوە «تەخشان و پەخشان» گوێ نەدراوەتە یەکسانی هاووڵاتی‌یان، تەنانەت یەکسانی ئەندامانی یەکێتی، هەموی لە سەر بنچینەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بۆ کڕینی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی سودمەندەکانە.
ئەو سیستەمی کارەی سەرۆکی حکومەت، کە تەنیا سەرۆکی دەسەڵاتی کارگێری و جێبەجێ کردنە، لە ماوەی ٧ ساڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌دا، دایهێناوە، بناغەکانی بە جۆرێ دارشتوە، گەندەڵی (مەحسوبیەت، مەنسوبیەت، بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتی کارگێری ودارایی حکومەت بۆ قازانج و ئارەزوی تایبەتی) کردوە بە نەریتێکی ئاسایی و قانونیی بەڕێوەبردنی داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلیمانی.
حەفتەی چەند جارێ لە گەڵ کۆسرەت یەکتر ئەبینین. پێکەوە ئەچین بۆ گەڕان و پیاسە و سەردان. چەند جارێ قسەم لە گەڵ کرد، باسی نارەزایی خەڵک و خراپی شێوەی کاری حکومەتەکەیم بۆکرد. شتێ وا نەک ناسەلمێنی، بەڵکو زۆری پێ ناخۆشە باسی ئیسلاح و چاککردن و ریفۆرمی دەزگای کارگێری و رێکخستنەوەی ناو ماڵی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی لە گەڵ بکەی. پێی وایە هەمو قسەیەکی لەو بابەتە دژایەتیە لە گەڵ ئەو و هەر چاکسازیەک لە هەر دەزگایەک‌دا بکرێ پیلانگێرانە لە دەسەڵاتی ئەو.

### نامە بۆ مام جەلال

٢٨ ی ٥ ی ٩٩:
زۆر جار کە دەربارەی هەندێ مەسەلەی گرنگ لە گەڵ مام جەلال قسەم ئەکرد داوای لێ ئەکردم رەئی خۆمی بە نوسین بۆ بنێرم بە تایبەتی چونکە من زو زو نەمئەبینی.
دوای ئەوەی نائومێد بوم لەوەی بە هاوکاری لە گەڵ کۆسرەت هیچ چاکسازیەک بکرێ پەنام بۆ مام جەلال برد و ئەم نامەیەم بۆ نوسی:
برای گەورە و بەرێزم مام جەلال
سڵاوێکی گەرم
هیوادارم هەر لە خۆشی دا بی

لام وایە خۆت لە هەمو کەس چاکتر ئاگاداری کاروبارەکانی ناو دەرونی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی و، ململانێی نارەوا و نادروستی دەستە و تاقم و کەسانێکی جۆراوجۆر ئەبیستیەوە، بێگومان ئەمەش کارێکی خراپ ئەکاتە سەر نفوز و دەسەڵاتی یەکێتی و، لە ململانێی ستراتیجی دا لە گەڵ پارتی لە لایەک و لە گەڵ بەعس لە لایەکی ترەوە لە ئێستا و لە پاشەرۆژدا لاواز و بێ هێزی ئەکا. جێگەی داخە زۆری سەرکردە و کادرەکانی یەکێتی بەربونەتە گیانی یەکتری و، بەشێکی گرنگی تواناکانیان لەم پێناوەدا بە فیڕۆ ئەدەن. بۆیە بە پێویستم زانی بۆ دەرچونێکی سەلامەت لەم گیروگرفتە ناڵەبارە هەندێ بیروبۆچونی خۆمتان عەرز بکەم. هیوادارم کەڵکێکی هەبێ.

١. هۆی سەرەکی ئەو کەموکوڕییانەی دروست بون بە بۆچونی من ئەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم، لێ نەپرسینەوە و محاسەبە نەکردنی هیچ کاربەدەست و بەرپرسێ، لە سەر هیچ لادانی تەنانەت لە سەر هیچ تاوانێ، لە هیچ ئاستێکی بەرز یان نزم دا، ئەمەیش جۆرێ لە لادان و پاشاگەردانی خوڵقاندوە، هەلپەرست و مشەخۆرەکان بە ئارەزوی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتوە. دوەم، نەبونی ناوەندێکی یەکگرتوی بڕیاردان. دەزگا گرنگەکان هەر یەکەیان بە پێی بۆچونی خۆی بڕیار ئەدا، لە بەر ئەوە زۆر جار نەک هەر هاوئاهەنگ نابن و تەواوکەری یەکتری نابن، بەڵکو تەگەرە لە کارەکانی یەکتر ئەدەن.

پێم وایە چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتانەش شتێ نیە لە کردن نەیەت بەڵکو کارێکی ممکن و پێویستە بۆ رێکخستنەوەی کاروبارەکانی ناو یەکێتی و، گێڕانەوەی گیانی هاوکاری و تەبایی و رێزگرتنی یەکتری و، یەکێتی بیر و کار بۆ ریزەکانی.

لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی ئەزانم پێشنیارەکانی خۆمت بۆ بنوسم.

٢. دەزگا گرنگە حکومەتی و حیزبیەکانی ئێستای یەکێتی بریتین لە: وەزارەت، مەکتەبی سیاسی، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، مەکتەبی رێکخستن، مەکتەبی راگەیاندن، رێکخراوە دیموکراتیەکان.

٣. بۆ ئەوەی هەمو ئەم دەزگایانە لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان دا هاو ئاهەنگ بن و، بە رێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام بدەن چاک وایە هەمو حەفتەیەک یان دو حەفتە جارێک خۆت کۆبونەوەیەکیان لە گەڵ بکەیت بە هەمو کارەکانیان دا بچیتەوە و تەعلیماتی پێویستیان بدەیتێ و بەرنامەی کاری ڕۆژانی داهاتویان بۆ دیاری بکەیت و، لە کۆبونەوەی داهاتودا لێیان بپرسیتەوە کە ئاخۆ ئیشەکان چەندی جێبەجێ کراون و چەندی جێبەجێ نەکراون.

٤. ئامۆژگاری و هەڕەشە و توڕەبون بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی کاروبارەکان راست بکرێنەوە، بەڵکو ئەبێ هەندێ ئیجرائاتی قانونی و حیزبیشیان لە گەڵ بێ، وەکو لابردن و دابەزاندن و گوێزانەوە و جێ پێگۆڕین و، لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی دا دران بە مەحکەمەی حکومەتی.

٥. ئامۆژگاری و ئیجرائاتەکان چەندی بە هێمنی و بە بێ توڕە بون ئەنجام بدرێن باشتر و کاریگەرتر ئەبێ.

٦. ئەم کۆبونەوانە چەند ئەنجامێکی باشیان ئەبێ، لە پێش هەمویانەوە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردان و سزادان لە یەک دەس دا و یەکخستنەوەی

سەرچاوەکانی فەرمان و ئامۆژگاری و تەعلیمات لە یەک سەرچاوەدا، لە ئەنجامی ئەمەش دا ئەم دەزگایانە ئیتر ناتوانن پێچەوانەی یەکتری کار بکەن و کار لە یەکتری تێک بدەن، بەڵکو ئەوسا وەکو چەند تیپێکی یەک لەشکر بۆ جێبیەجێ کردنی یەک ئامانج کار ئەکەن.

لە کۆتایی دا سەرکەوتنت بە ئاوات ئەخوازم

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی دڵسۆزتان: نەوشیروان

سلێمانی ٢٨ مایسی ١٩٩٩

«لەو ماوەیەدا بە سەدان کادری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و حکومەتی هاتون بۆ لام گلەیی لە یەکێتی ئەکەن، ناڕەزایی دەرئەبڕن، ئەپرسن چی بکەین؟ زۆر بە کورتی جوابم داونەوە: لەم ململانێ چەند قوڵیەدا پشتیوانی لە مام جەلال بکەن!

گیروگرفتی فایز!

١٥ ی ٤ ی ٩٩:

دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەی واشینتون حکومەتەکەی سلێمانی چەند هەزار کەسێکی لە دائیرەکانی دا دامەزراندوە، ئێستا لە بەر ئەوەی پارە نیە بیاندەنێ و جێگە نیە لێیان دابنێن، بە ناوی فایز (فائض) ەوە ئەیانەوێ ژمارەی موچەخۆرەکان کەم بکەنەوە. شتێکی تازەیان بە ناوی هێزی کارەوە دروست کردوە، فایزەکانی بۆ ئەنێرن. ئەو کاتەی ئەمانیان دامەزراندوە گوایە بە هیوا بون پارتی هەمو مانگێ ١٠ ملیۆن دینار پارەیان بداتێ و ئەمانیش بیکەن بە «موچە» ی ئەم تازە دامەزراوانە. ڕەنگە هۆی ڕاستیەقینەی ئەمەش ئەوەبێ لە گفتوگۆکانی واشنتون‌دا پارتی داوایان کردوە جێگۆڕکێ بکرێ بە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پارلەمان. لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان، ڕێک کەوتبون سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی بێ و سەرۆکی پارلەمان لە پارتی. پارتی پێیان دائەگرت کە ئەبێ سەرۆکایەتی حکومەت بدرێ بەوان.

سەرۆکی حکومەتەکەی یەکێتی لە سلێمانی باوەڕی کرد بو لە هەر ڕێککەوتنێکی داهاتودا خۆی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا نامێنێ بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بیکا بە پیاوەتی خۆی کە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی بێ دەرامەتی دامەزراندوە و موچەی بۆ دابین کردون، لە لایەکی ترەوە کێشەیەکی دژوار بۆ سەرۆکی داهاتوی حکومەت ئەخوڵقێنێ. ئێستا کە حکومەت یەکی نەگرتوتەوە و خۆی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا ماوەتەوە و، ئەو ١٠ ملیۆن دینارەش کە بە پێی ڕێککەوتنی واشنتون، پارتی ئەبو مانگانە بیدا بە یەکێتی نای دا، کێشەکە دوچاری خۆیان بوتەوە. ئێستا بە ناوی فایزەوە ئەوی واسیتە و پشتیوانی هەبێ ئەگەر تازە و بێ شەهادەش بێ لە دائیرەدا ئەهێڵرێتەوە و ئەوی بێ واسیتە و پشتیوانیش بێ ئەنێردرێ بۆ هێزی کار، بە واتەیەکی تر دەرئەکرێ. دوێنێ دو کەس هات بون واسیتەیان بۆ بکەم بیانگێڕنەوە سەر کارەکانی خۆیان، یەکێکیان ٢٢ ساڵە (مدقق مالی) ە کراوە بە فائیز و یەکێکی تازەیان لە جێگە داناوە شەهادەی سەرەتایی هەیە.

«داهاتی هەرێم و دابەشکردنی

ئەمویست بزانم داهاتی کوردستان چەندە؟ سەرچاوەکانی چین؟ چۆن سەرف ئەکرێن؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵانە یا مانگانەی نیە. پشت بە داهاتی ڕۆژانە ئەبەستێ و بەو پێیە موچەی فەرمانبەران ئەدا و پارەی یارمەتی بۆ ئەم و ئەو سەرف ئەکەن.
هیچ کەس و هیچ دەزگایەک نیە لە سەرو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە حسابات دا بچێتەوە بزانێ چۆن سەرف ئەکرێ. سەرۆکی ئەنجومەن سەقفێکی دیاری کراوی نیە بۆ سەرفی پارەی ڕۆژانە و مانگانە، خۆی ئازادە. لە هەمو بازگە سەرەکیەکانی گومرگدا لە سەر سنورەکان دوای کۆکردنەوەی داهاتی گومرگ بەر لەوەی پارەکە بگوێزرێتەوە بۆ بانک شتێکی داهێناوە بە ناوی (صرف خاص) بە پسوڵەی تایبەتی پارەکەی بۆ سەرف ئەکرێ بێ ئەوەی بچێتە حسابی بانک یان حکومەتەوە. هەروەها لەو پارەیەش کە ئەچێتە بانکەوە و ئەخرێتە بەردەس وەزیری داراییەوە بەشێکی لە لایەن سەرۆکی وەزیرانەوە بە پسوڵەی تایبەتی بێ هیچ ڕونکردنەوەیەکی هۆی سەرفی، سەرف ئەکرێ.

*٦ ی ٦ ی ٩٩:
سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گەڵ کۆسرەت یەکترمان بینی. پرسیاری جۆری دابەشکردنی داهاتم لێ کرد. وتی:

| | |
|---|---|
| ٣٠٪ | بۆ ئیدارەی گشتی واتە بۆ یەکێتی |
| ٣٥٪ | بۆ پێشمەرگە |
| ٣٥٪ | بۆ حکومەت |

یارمەتی حیزبەکان (حکومەت ئەیدا):

| | |
|---|---|
| ٤,٠٨٨,٠٠٠ | چوار ملیۆن و هەشتاو هەشت هەزار بەمجۆرە: |
| ٢,٠٠٠,٠٠٠ | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| ٧٠٠,٠٠٠ | سۆسیالیست |
| ٦٠٠,٠٠٠ | زەحمەتکێشان |
| ٢٥٠,٠٠٠ | پارێزگاران |
| ١٠٠,٠٠٠ | دیمۆکراتیخوازان |
| ١٢٨,٠٠٠ | هاوپەیمانی |
| ٢٠٠,٠٠٠ | حشع |
| ٦٠,٠٠٠ | الحزب الوطني العراقي |
| ٥٠,٠٠٠ | کۆمۆنیستی کرێکاری |
| ٣٦,٠٠٠,٠٠٠ | (سی‌وشەش ملیۆن) موچەی فەرمانبەران |

یارمەتی شەهیدان

| | |
|---|---|
| ٢,٢٥٠,٠٠٠ | شەهیدانی شەڕی ناوخۆ (فەرماندەیی ئەیدا) |
| ٢,٠٠٠,٠٠٠ | دەزگای شەهیدان ئەیدا |
| ٥٤٣,٠٠٠ | حکومەت ئەیدا |

بە پێی نامەی عەلی محەمەد عەبدولا بەڕێوەبەری بانکی سەلام داهاتی هەمو گومرگەکانی ئەمڕۆ بەم جۆرە بوە:

| | |
|---|---|
| ١,٧٤٨,٢٦٠ | دینار |
| ١٥,٣٢٠ | دۆلار |

---

### ٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی

٢٥ ی ٨ ی ٩٩، چوار شەمە:
مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بوە بە دەزگایەکی گرنگی ڕاگەیاندن لە هەر سێ بواری بیستن و بینین و خوێندنەوە دا. ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوان کاری تێدا ئەکەن. مام جەلال خۆی ڕۆژانە ڕێنمایی و چاودێری هەواڵەکانی و وتارەکانیان ئەکا. ئافەرینی هەندێ ئەکا و لە هەندێکیان تورە ئەبێ. ڕۆژانە خۆی هەواڵەکانی خۆی ئەنێرێ بۆیان و خۆی وێنەی خۆی بۆ بلاوکردنەوە هەڵئەبژێرێ.
حەزم ئەکرد بەشداریەک بکەم لە بواری گەشەپێدانی ڕۆژنامەوانیدا و هەندێ لەو بیروبۆچونانەی خۆم باوەڕم پێیان بو لە بواری ڕاگەیاندنی ئازادا بۆ ڕۆژنامەوانەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕون بکەمەوە، بەلام ڕاگەیاندن بەشێک بو لە سیستەمی تۆتالیتاری حیزب و حکومەت. ئەو چوارچێوەیەش تەسک و داخراو بو. لە گەڵ دەزگای ڕاگەیاندن ڕێک کەوتم هەمو چوارشەمەیەک، پاش نیوەڕۆیان، لە گەڵ ژمارەیەک کادرەکانیانکۆڕێک بگرین بۆ باسی
بابەتێکی سیاسی یا ڕۆژنامەوانی. لەو ماوەیەدا هەوڵم دا دۆخی ڕۆژنامەوانی لە کوردستانی عیراقدا، بە تایبەتی لە ناوچەی دەسەلاتی یەکێتیدا، هەڵ بسەنگێنم. ئەگەر بتوانم بەرەو هەندێ کرانەوە و ڕۆشنایی بەرم. زۆری چوارشەموانی مایس و نیسان و حوزەیران و ئاب بەردەوام بوم.
• ڕاگەیاندن لە کوردستان بە هەر سێ جۆری باوی: خوێندنەوە: ڕۆژنامە و گۆڤار.. بیستن: ڕادیۆ، بینین: تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ.. گرنگیەکی زۆری پەیدا کردوە. هەردو ئیدارە: هەولێر و سلیمانی بایەخێکی زۆریان بە ڕاگەیاندن داوە حیزبەکانی کوردستان بە گشتی و هەردو حیزبی دەسەلاتدار بودجەی گەورەیان بۆ تەرخان کردوە و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەوانیان تێدا دامەزراندوە.
ڕۆژنامە، هەفتەنامە، مانگنامە، وەرزنامەی جۆراوجۆر دەرئەچێ.
پەخشی ڕادیۆی شەپۆلی کورت، ناونجی، ئێف ئێم، ئەی ئێم بلاو ئەکرێتەوە.
تەلەفزیۆنی ناوچەیی و کەناڵی ئاسمانی بەرنامەکانیان بە جیهان ئەگەیەنن.
بایەخدانی حیزبەکان بە ڕاگەیاندن زیاتر لەوەی بۆ ڕۆشن کردنەوەی ڕای گشتی و بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری خەلک و گەیاندنی ڕاستی و ڕوداو بێ بە وەرگر، لە ڕێگەی بیستن، بینین، خوێندنەوە، پڕۆپاگاندەیە بۆ حیزب و سەرکردەکەی.
ڕاگەیاندن یەکێکە لە کۆلەکە سەرەکیەکانی سیستەمی حوکمڕانی تۆتالیتاری، بۆ دەس گرتن بە سەر هۆش و بیری کۆمەلانی خەلکدا. هەردو حیزبی ناکۆک، بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە، هەر یەکەیان بە جۆرێ لە بەرامبەر ئەوی تردا، دەزگای ڕاگەیاندنی خۆی گەورە کردوە.

* لە سنوری دەسەلاتی یەکێتی‌دا – ئیدارەی سلیمانی، چەند جۆری راگەیاندن هەیە:
راگەیاندنی حیزبی:
ئەم حیزبانە دەزگای راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە:
یەکێتیی نیشتمانی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» و هەفتەنامەی «الاتحاد».
حیزبی زەحمەتکێشان «ئالای ئازادی»
حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی «ڕێبازی ئازادی»
حیزبی شیوعی هەفتەنامەی «ڕێگای ئازادی».
پارتی پارێزگاران
بزوتنەوەی ئیسلامی هەفتەنامەی «بزوتنەوە».
یەکگرتوی ئیسلامی هەفتەنامەی «یەکگرتو».
ئەم رۆژنامانە لە روی داراییەوە سەربەخۆ نین. لە لایەن حیزبەکانیانەوە ئەژێنرێن و حیزبەکانیشیان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەژێنرێن. بە کەمی لە ناو خەڵک دا ئەخوێنرێنەوە، بە زۆری لە بارەگا و بنکەکانی خۆیان‌دا بلاو ئەکرێنەوە. جاروبار رەخنە ئەنوسن بەلام هیچ کامیان بە دەنگی موعارەزە ناژمێردرێن.
رۆژنامەکانی پارتی: خەبات، برایەتی و گولان، کە لە هەولێر دەرئەچن و، رۆژنامەکانی بەعس: سەورە، جمهوریە، عیراق، بابل، کە لە بەغداد دەرئەچن لە سلیمانی بە ئازادی ئەفرۆشرێن، بەلام هیچ کامیان لە سلیمانی نوسینگە و پەیامنێریان نیە.
* راگەیاندنی حکومەتی – وەزارەتی:
هەمو وەزارەتەکان بەشی راگەیاندنیان هەیە چالاکی وەزیرەکانیان بە نوسین و رەنگ و دەنگەوە ئەنێرن بۆ دەزگاکانی راگەیاندن. ڕێگە نادەن رۆژنامەوانی دەرەوەی وەزارەتەکەیان لە کاروباری وەزارەتەکەیان بکۆلێتەوە و زانیاری و ئاگاداری‌یان پێ نادەن.
وەزارەتی رۆشنبیری هەفتەنامەی «هەرێم» دەرئەکات و رادیۆیەکیشی هەیە بەلام رۆژنامەوانی حکومەتی، بەو مەعنایەی کە سیاسەتی رەسمیی حکومەت و هەلویستەکانی لە روداوەکان دەربڕی، نیە. ئەو کارە حیزب ئەنجامی ئەدا نەک حکومەت. هەندێ لە وەزارەتەکان گۆڤاری تایبەت بە خۆیان دەرئەکەن کە تەرخان کراوە بۆ بواری کاری وەزارەتەکە:
وەزارەتی رۆشنبیری، وەرزنامەی «هەزارمێرد» دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ شوێنەوارناسی.
وەزارەتی کشتوکال، وەرزنامەی «بژوێن» دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ کشتوکال.
وەزارەتی ناوخۆ، گۆڤاری «ناوخۆ» دەر ئەکا کە تەرخان کراوە بۆ کاروباری قانونی.
* راگەیاندنی ئەهلی
هەندێ هەفتەنامە و مانگنامە چ وەک رۆژنامە و چ بە شێوەی گۆڤار دەرئەچێ. هەندێکیان پارمەتی پچڕ پچڕ لەم کاربەدەست و لەو دەزگا وەرئەگرن، زۆر لەمانە بەردەوام نین چەند ژمارەی لێ دەرئەچێ و رائەوەستێ، زۆری ئەوانەی دەری

ئەکەن پیشەیی نین بەڵکو «هاوی»ن خۆیان دوای ژمارەیەک یا چەند ژمارەیەک رای ئەگرن.

*ڕاگەیاندنی یەکێتی

لە بواری ڕۆژنامەوانی نوسراودا، یەکێتی بە زمانی کوردی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانی نوێ و بە زمانی عەرەبی هەفتەنامەی الاتحاد دەر ئەکا. ئیمتیازی یەکەمیان بە ناوی د کەمال فوئاد و دوەمیان بە ناوی د فوئاد مەعسومە. هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتین. تەنیا ئیمتیازەکانیان بە ناوەوەیە ئەگینا کەسیان پێوەندی‌یان بەم دو ڕۆژنامەیە و بە دنیای ڕۆژنامەوانیەوە نیە.

جگە لەمان ئیستا بۆتە باو زۆری بەرپرسە پایەبلندەکان گۆڤاری یان ڕۆژنامەیەکیان بە ناوەوە هەبێ، بۆ نمونە:

عادل موراد، سەرنوسەری «الاتحاد»

ئەرسەلان بایز، ئیمتیازی گۆڤاری «ڕێبازی نوێ»

عومەر فەتاح، ئیمتیازی گۆڤاری «سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی»

عیماد ئەحمەد، سەرنوسەری گۆڤاری «بیر و هۆشیاری»

فەرەیدون عەبدولقادر، ئیمتیازی وەرزنامەی «پەیڤین»

شێخ محەمەدی شاکەلی، ئیمتیازی گۆڤاری «کەرکوک»

جەلال جەوهەر، سەرنوسەری گۆڤاری «کەرکوک»

ئازاد جندیانی، سەرنوسەری گۆڤاری «مەدەنیەت»

لە بواری ڕۆژنامەوانی بیستراودا، یەکێتی ڕادیۆیەکی ناوەندی بە زمانی کوردی (بە هەردو زاراوی کرمانجی و سۆرانی) و بە زمانی عەرەبی هەیە، بەرنامەکانی بە ناوی «دەنگی گەلی کوردستان» ەوە بلاو ئەکاتەوە، هەروەها چەند ڕادیۆیەکی ناوچەیی.

بارزان شێخ عوسمان بەڕێوەبەری ڕادیۆی ناوەندیە.

* لە بواری ڕۆژنامەوانی بینراودا، یەکێتی تەلەڤزیۆنێکی ناوەندی و چەند تەلەڤزیۆنێکی ناوچەیی هەیە. پەخشی تەلەڤزیۆنەکەی سەرانسەری کوردستان ناگرێتەوە.

شوان کەریم کابان، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی ناوەندیە.

لە دنیای دیموکراتی‌دا ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتی‌دا دەورێکی کاریگەری هەیە، لە بلاوکردنەوەی ڕۆشنایی و ڕیسوا کردنی گەندەڵی و ئاشکراکردنی کەموکوری‌دا چوارەمە. لە هەڵبژاردن‌دا ئەتوانی دەسەلاتی حیزبێ بگۆری بە حیزبێکی کە، ئەتوانی حکومەت بروخێنی، حکومەتی تازە بهێنێتە سەر کار، ناچاری بکا ریفۆ ـم بکا.

ڕاگەیاندنی کوردستان، وەکو هەمو دیاردە دیموکراتیەکانی کوردستان، تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەم ڕاگەیاندنە ناتوانی ڕای گشتی سەربەخۆ دروست بکا چونکە خۆی کۆلەکەیەکی سیستەمی توتالیتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. دامەزرێنراوە پروپاگاندە بۆ حیزب و سەرۆکەکەی و کاربەدەستەکانی بکا.

*هەواڵ کە شادەماری ڕۆژنامەوانیە لە دەزگای ڕاگەیاندنی کوردی‌دا بە گشتی و لە هی یەکێتی‌دا بە تایبەتی، لە قالب دراوە.

هەواڵەکان: لە لایەن ڕاگەیاندنی تایبەتی بەرپرسەکانەوە هەڵ ئەبژێردرێن و دائەڕێژرێن و ئەنێردرێن بۆ بلاو کردنەوە، ئەوەندەی من ئاگادارم، بۆ نمونە:

هیچ جاری نیە بابەتی گفتوگۆی ناو م س و بابەتەکانی گفتوگۆی ناو کۆبونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بە راستی بنێردری بۆ دەزگای راگەیاندن و بلاو بکرێتەوە.
هیچ جاری نیە بڕیارە گرنگەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەربارەی قۆنتەرات، بەخشینی زەوی و زار، خانو، بگاتە دەزگاکانی راگەیاندن.
هەوالەکانی دەزگای راگەیاندنی کوردی وەرگر نابزوێنێ و رای ناکێشێ بۆ خوێندنەوە و بە دوادا چون.
رۆژنامەوانیی کوردی لاسایی کردنەوەی رۆژنامەوانیی بەعسە، رۆژنامەوانیی بەعسیش لاساییکردنەوەی رۆژنامەوانیی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلاتە. فەرهەنگی بەعس لە راگەیاندنی کوردیدا، لەم لایەنانەدا، بە زەقی رەنگی داوەتە:
*دێواندنی سەرکردە (مەبەست کردنی سەرکردەیە بە دێوی ئەفسانەکانی سەردەمی کۆن)
بلاوکردنەوەی رۆژانەی وێنەی سەرکردە لە لاپەڕەی یەکەمی هەمو ژمارەکانیدا و بلاوکردنەوەی دەقی وتارەکانی بە بێ لێ قرتاندن و بە بێ کورت کردنەوە و، چەپلەڕێزانی زۆر لە هاتن و رۆیشتن و لە میانەی قسەکانیدا. بلاوکردنەوەی وتاری جۆراوجۆری نوسەرانی لە پەراوێزی وتارەکانی سەرکردەدا بۆ ستایش و پیاهەلدان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی.
زل کردنی دەوری ئەفسانەیی سەرکردە لە هەمو روداوە چارەنوسسازەکانی کوردستاندا.
*تاریکاندنی کاروباری حیزب و حکومەت (مەبەست شاردنەوەی کێشە ژیانیەکانی خەلکە لە خەلک)
هێشتنەوەی بودجەی حکومەت و حیزب و دەزگاکانی لەوانە دەزگای راگەیاندن بە نەزانراوی لە تاریکیدا.
هێشتنەوەی تەندەر و قۆنتەرات و پرۆژەکانی حکومەت لە تاریکیدا.
رێگرتن لە بلاوکردنەوەی رەخنە لە حکومەت و حیزب و رەفتاری کاربەدەستەکانی و پرۆژەکانی.
هێشتنەوەی گفتوگۆکانی ناو م س و نێوان یەکێتی و پارتی لە تاریکیدا.
*گەوجاندنی خەلک (مەبەست خەواندنی هۆش و شێواندنی بیری خەلکە)
تێکەلاو کردنی رەش و سپی، پاک و پیس، چاک و خراپ، راست و چەوت، سەرکەوتن و ژێرکەوتن و، بەهانە هێنانەوە بۆ گەندەلی و بێدادی.
بۆیە خوێندەواری کورد بایەخ بە رۆژنامە نادا، چونکە رۆژنامە هیچ گرنگیەکی نیە لە ژیانی کۆمەلایەتی، سیاسی، رۆشنبیری، تەنانەت لە بواری رابواردن و کات بە سەر بردنی کەسی ئاساییدا.

---

## ٤. گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال

لە گەل پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێک دروست کرا بە ناوی «وەزارەتی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی». محەمەد توفیق رەحیم (لە یەکێتی) بە وەزیر و کەمال کەرکوکی (لە پارتی) بە جێگری دانران. هەرچەندە ئەم

وەزارەتە ناوەکەی سەیر بو، پێکهاتەکەیشی لە سەر بنچینەی نیوەبەنیوەی حیزبیی شتێکی سەیرتر بو، بەلام ئامانج لە دروستکردنی ئەوە بو، وەکو هەمو دەولەتانی سەربەخۆ، کاروباری وەزارەتی دەرەوە ئەنجام بدا و، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو ولاتانەدا کە پێویستن دابمەزرێنێ و، پێوەندی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە بیانیەکان ڕێک بخا.
ئەو کاتە هەمو وەزارەتەکان و پۆستە گرنگەکان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دابەش ئەکران. لە بەر ئەوە نوێنەرایەتیەکانیش دابەش کران. وا ڕێک کەوتن نوێنەرایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەلمانیا و فەرەنسا دابەش بکەن.
لە ئەمەریکا یەکێتی د بەرهەم سالح و، لە بەریتانیا پارتی دلشاد میران و، لە فەرەنسا یەکێتی د محەمەد سابیر و، لە ئەلمانیا پارتی دلشاد بارزانی بە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دانا. پێشتر هەردو حیزب نوێنەرایەتی خۆیان لە هەندێ ولات دامەزراند بو. دوای ئەم دابەشکردنەش لە پال نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمدا هەر یەکەیان نوێنەرایەتی تایبەت بە حیزبی خۆیان دانا. ئەمەش لە باتی ئەوەی نوێنەرایەتیەکان یەک بخات دونیمەی کردن.
نوێنەرایەتیەکان بە ناو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بون، چونکە لە باتی حکومەتی هەرێم حیزبەکانی خۆیانیان بە «مەرجەع» ئەزانی و لە گەل ئەوان پێوەندی‌یان ئەکرد و ڕێنماییان لەوان وەرئەگرت. دوای هەلگیرسانی شەڕی ناوخۆ نوێنەرایەتیەکانی حکومەت، کە پێشتریش پێکەوە نەنوسا بون، ئیتر بە تەواوی لە یەک ترازان، هەر یەکەیان بوەوە بە نوێنەری حیزبەکەی خۆی و حکومەتەکەی خۆی. وەزارەتی هاوکاری ئیشەکانی هات بوە سەر ڕێکخستنی پێوەندی لە گەل ڕێکخراوە بیانیە ناحکومەتیەکان و، دوای بڕیاری نەوت بە خوراکی ئەنجومەنی ئاسایش پێوەندی لە گەل ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان.
نوێنەرانی یەکێتی لە دەرەوە ڕاستەوخۆ پێوەندی‌یان لە گەل مام جەلال هەبو و، ڕێنماییان لەو وەرئەگرت نەک لە مەکتەبی پێوەندیەکان. مەکتەبی پێوەندی‌یەکان، وەکو مەکتەبەکانی تر، ڕاستەوخۆ بەسترا بون بە مام جەلالەوە. خۆیان بەرنامەیەکی تایبەتی‌یان نەبو بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی کارەکانیان، بۆ ڕێکخستنی پێوەندی یەکێتی و حیزب و دەولەتانی دنیا، بۆ پێگەیاندنی کادری دیپلۆماسی. ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەرمانیان لە مام جەلال وەرئەگرت. سیستەمی کار لەم مەکتەبەدا بە جۆری بو نەیئەتوانی ببێتە دامەزراوێکی کارا و کارامە.
ئیشی سەرەکی مەکتەبی پەیوەندیەکان بریتی بو لە:
- پێوەندی لە گەل ڕێکخراوە بیانیە ناحکومەتیەکان و، واسیتە کردن بۆ دامەزراندنی کارمەند و فەرمانبەر (بە پاسەوان، شۆفێر، وەرگێر، ئەندازیار، بەڕێوەبەر...) لە بەر ئەوەی موچەکانیان باشتر بو لە موچەی کارمەندانی حکومەتی هەرێم.
- دروستکردنی (برگ تردد) بۆ هاتوچۆی ئێران.
مەکتەبی پێوەندی‌یەکان ئەیتوانی ببێتە دەزگایەک بۆ ڕاهێنان و پەروەردە کردن و پێگەیاندنی کادری باش لە بواری دیپلۆماسی‌دا. ئەیتوانی ژمارەیەکی باش لە کەسانی لێوەشاوە و زمانزان هەلبژێرێ لە کوردستان و لە ئەوروپا کورسی جۆراوجۆری کورت و چڕیان بۆ بکاتەوە بۆ شارەزا کردنیان لە بوارەکانی دیپلۆماسی، پێوەندی

ناوەدەڵەتی، دانوسەندن، گێڕانی ململانێ، پێکەوەنانی لۆبی...
ئەو کاتەی لە لەندەن بوم جارێکیان بە ڕەزامەندی مام جەلال لەم بارەیەوە، لە گەڵ هەندێ لە گەورە بەرپرسانی دامەزراوی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (IISS) قسەم کرد کە ئاخۆ ئەتوانن خولێکی لەو بابەتەمان بۆ رێک بخەن. بە خۆشیەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئامادە کردنی جێگەی دەرسەکان و شوێنی مانەوەی بەشدارەکان و دۆزینەوەی مامۆستاکانیان. هەر بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵ د لەتیف ڕەشید کە ئەودەم نوێنەری یەکێتی بو لە بەریتانیا چوینە «وایت هۆل» قسەمان لە گەڵ کردن کە ئەوانیش بۆ ڕاهێنانیان یارمەتی‌مان بدەن. هەرچەندە گفتی هاوکاری‌یان پێ داین، یەکێ لەوانەی قسەمان لە گەڵ کرد ژنێ بو، بە تەوسەوە لێی پرسین: «چیە ئەتانەوێ دەوڵەت دروست بکەن؟» وتمان: «ئەگەر دەوڵەتیش دروست نەکەین، لە پاشەڕۆژدا کە بوین بە شەریک لە حکومەتی عیراقدا پێویستی‌مان بە کادری دیپلۆماسی ئەبێ، چونکە لە ئێستادا کاری دیپلۆماسی پاوانە بۆ بەعس.»
بەڵام ئەم خولە هەرگیز رێک نەخرا.
١٧ ی ٤ ی ٩٩:
ئەمرۆ مام جەلال سەفەری کرد بۆ ئێران.
دارۆی شێخ نوری، مەلا بەختیار، فاروقی مەلا مستەفای لە گەڵ خۆی بردون. گۆیا بۆ کاروباری بازرگانی چون.
مام جەلال سەفەر زۆر ئەکا. ئەمە یەکەم سەفەری نیە و دوا سەفەری نابێ. درۆی تێدا نیە ئەگەر بڵێم سەفەر بەشێکی گرنگی ژیانی مام جەلال پێک ئەهێنێ. ئەمەش خوی ئێستای نیە بەڵکو لە هەمو ژیانی‌دا وەها بوە.
لە سەردەمی شاخ دا، ئەو ماوەیەی لێ دەربچێ، بە هۆی گەمارۆدانی شۆڕشەوە لە لایەن ئێران و تورکیاوە، رێگەی لێ بەسترا بو نەیئەتوانی سەفەر بکا هەرچەند هەلێکی بۆ هەڵکەوتبێ سەفەری کردوە.
مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٨٧، بەر لە عەمەلیاتی ئەنفال، لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە هەواڵمان بۆ ئەهات کە جەیشی عیراق لە خۆئامادەکردن و نەخشەدانان دایە بۆ گەورەترین لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، ئەو بە بیانوی ئەوەی ئێران دەعوەتی کردوە سەفەری کرد بۆ تاران، لەوێوە بۆ دیمەشق، ئینجا بۆ ئەوروپا تاسەرەتای ساڵی ١٩٨٩ مایەوە. سەردانێکی کورتی ئێرانی کرد. بە سەری‌دا ئیمام خومەینی مرد. لە ناو ئێران‌دا هەندێ کۆبونەوەی بە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرەکان کرد و دوای ئەوەی لە مەراسیمی ناشتنی خومەینی‌دا بەشدار بو گەڕایەوە ئەوروپا تا دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین لە ئازاری ١٩٩١ دا، هەر لە دەرەوە مایەوە. دوای ڕاپەڕین رێگەی ئێران و تورکیای بۆ کرایەوە ئیتر لە سەفەری بەردەوام‌دا بو.
هەرچەندە مام جەلال هەمیشە ڕەنگی سیاسی ئەدا بە سەفەرەکانی بەڵام لە ڕاستی‌دا ئامانجی سەرەکی زۆر لە سەفەرەکانی خۆ دورخستنەوەیە لە روداوەکانی کوردستان و خۆناساندنە بە گەورەپیاوانی دنیا و، گرتنی وێنەی یادگاریە لە گەڵیان.
* لە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان سەفەرەکانی مام جەلالم بۆ دەرەوەی وڵات لە دەفتەرەکەم‌دا تۆمار کردوە. بۆ هەڵسەنگاندن و بەراورد تەنیا ماوەی ١٠ مانگی ساڵەکە لە کۆتایی مانگی ٢ تا کۆتایی مانگی ١٢ ی ١٩٩٩ وەر ئەگرم چونکە ئەو

دو مانگەی من لە کوردستان نەبوم. بەلام لێرەدا لە باتی نوسینی ڕۆژانەی خۆم کە تۆمارم کردون، هەواڵی گەشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی مام جەلال، وەکو ناویان لێ ناوە، دەقاودەق لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، واتە ڕۆژنامەی ڕەسمیی یەکێتی یا ڕاستتر لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی خودی مام جەلالەوە ڕائەگوێزم.

١. گەشتی ١٧ / ٤ – ٣ / ٥ / ١٩٩٩.

«مام جەلال بە سەردانێکی ڕەسمی ڕوی کردە ئێران

«پێش نیوەڕۆی دوێنێ ١٧ ی ٤ هەڤاڵ مام جەلال بە سەردانێکی ڕەسمی بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێ کەوت.

«هەڤاڵ مام جەلال و وەفدە هاوڕێکەی کە پێک هات بون لە هەڤالان دارۆ شێخ نوری ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی و مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی، لە سەر سنور بە گەرمی لە لایەن بەڕێزان جەلال جەوهەر پارێزگاری کەرکوک و ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی دەزگا حکومی و حیزبییەکانەوە بە ڕێ کرا.» کوردستانی نوێ: ژ ١٨٤٠ ڕۆژی ١٨ ی ٤ ی ١٩٩٩.

«دوای سەردانێکی ڕەسمی بۆ ئێران مام جەلال گەڕایەوە بۆ خاکی هەرێم: «دوای سەردانێکی ڕەسمی بۆ تاران کە لە سەر بانگێشتی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران بو، سەعات ٣،٤٥ ی پاش نیوەڕۆی دوێنێ ٣ ی ٥ هەڤال مام جەلال لە سنورەوە گەیشتەوە خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق.

«لە گەڕانەوەدا هەڤالان د بەرهەم سالح ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتون و بەهرۆز گەلالی نوێنەری یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان لە تاران هاوڕێی مام جەلال بون. لە سەر سنوریش لە لایەن هەڤال نەوشیروان مستەفا و بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەڤال جەبار فەرمان جێگری فەرماندەی گشتی و هەڤالانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و وەزیرە بەڕێزەکان و پارێزگارانی سلێمانی و کەرکوک و لێپرسراوانی دەزگا حیزبی و حکومیەکان و فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگە و جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا.

«پاشان لە ڕێگای عەربەت لە لایەن نوێنەرانی حیزبەکانی هاوپەیمانی‌ی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێزان قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیمۆکراتی کوردستان و بەهادین نوری سکرتێری بزوتنەوەی دیمۆکراسی خوازان و نوێنەرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عیراقەوە بەخێرهاتنەوە و پێشوازی گەرمی لێ کرا. «لە دەروازەی شاری سلێمانی‌ش‌دا نوێنەرانی دەزگا حیزبی و حکومیەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان و نوێنەرانی ژنان و جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی لە پێشوازی هەڤال مام جەلال دا بون. «دواتر بەڕێزی بەرەو بارەگای خۆی لە شاری سلێمانی بە ڕێ کەوت.» کوردستانی نوێ: ژ ١٨٥٢ ڕۆژی ٤ ی ٥ ی ١٩٩٩.

٢. گەشتی ٢٥ / ٨ – ٥ / ٩ / ١٩٩٩.

«دوای سەردانێکی بۆ تاران مام جەلال گەیشتەوە خاکی هەرێم: «دوای زیارەتێکی کورت بۆ پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوارەی دوێنێ ٥ ی ٩ لە سنوری

پەرویزخانەوە هەڤاڵ مام جەلال هاوڕێ لە گەڵ هەڤالان د فوئاد مەعسوم و عومەری سەید عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و د لەتیف رەشید نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەریتانیا و بەکر فەتاح نوێنەری یەکێتی لە ئیتالیا گەیشتەوە خاکی هەرێم.
«شایانی باسە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و هەڤالان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەرانی حیزبەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی لە ڕێورەسمی پێشوازی کردن‌دا ئامادە بون، پاشان بەرەو شاری سلێمانی بە ڕێ کەوتن و سەعات ٨ ی ئێوارەی دوێنێ گەیشتەوە بارەگای تایبەتی خۆی.» کوردستانی نوێ: ژ ١٩٤١ رۆژی ٦ ی ٩ ی ١٩٩٩.
٣. گەشتی ١٧ / ٩ – ١٣ / ١٠ / ١٩٩٩.
«مام جەلال بەرەو واشنتۆن بە ڕێ کەوت
«سەعات ١٠.٣٠ ی سەرلەبەیانی دوێنێ ١٧ ی ٩ هەڤاڵ مام جەلال خاکی کوردستانی عیراقی بە جێ هێشت و بەرەو تاران بە ڕێ کەوت، بڕیاریش وایە لەوێوە بەرەو واشنتۆن بە ڕێ بکەوێ تا لەو کۆبونەوە باڵایەدا بەشدار بێ کە ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، بە بانگێشت و چاودێری ئەمریکا لە پایتەختی ئەمریکادا ئەنجامی دەدا. «شایانی وتنە لەم گەشتەی هەڤاڵ مام جەلال، بەڕێز مەلا عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری گشتی بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی هاوڕێیەتی دەکا و هاوکات هەڤاڵ دکتور فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە گەڵ وەفدەکە سەفەری تاران دەکات. «پێویستی وەبیر هێنانەوەیە کە بڕیار وایە لە کۆبونەوەی ئاماژە پێدراوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، نوێنەرانی INC و تەیاری ناوەند بەشداری تێدا بکەن.» کوردستانی نوێ: ژ ١٩٥١ رۆژی ١٨ ی ٩ ی ١٩٩٩.
«دوای سەرۆکایەتی وەفدی ئۆپۆزسیۆن لە کۆبونەوەکانی ئەمریکادا مام جەلال گەڕایەوە هەرێمی کوردستان: «سەعات ١٠ ی سەرلەبەیانی دوێنێ ١٣ ی ١٠ هەڤاڵ مام جەلال گەیشتەوە هەرێمی کوردستان و لە سنوری پەرویزخانەوە لە لایەن هەڤالانی م س و سەرۆکی حکومەت و هەڤالانی سەرکردایەتی و فەرماندەیی گشتی و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسەکانی یەکێتی و حکومەت و پێشمەرگایەتی و ژمارەیەک لە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا.
«لەم گەشتی گەڕانەوەیەدا هەڤالان بەهرۆز گەلالی لێپرسراوی مەکتەبی تاران، شازاد سائیب لێپرسراوی مەکتەبی ئەنقەرە، سەلاح رەشید نوێنەری یەکێتی لە ئەلمانیا و بەڕێز شەمسەدین موفتی هاوڕێیەتی‌یان دەکرد. «شایانی باسە، لە کۆتاییەکانی مانگی ڕابردودا هەڤاڵ مام جەلال بە سەرۆکایەتی وەفدێکی پایەبلندی ئۆپۆزسیۆنی عیراق و هاوکات لە گەڵ کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان سەردانی نیویۆرکی کرد و لەوێ وێڕای کۆبونەوەی لە گەڵ لێپرسراوانی حکومەتی ئەمریکا لە گەڵ نوێنەرانی UN و باڵیۆزان و نوێنەرانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبوەوە و دواتریش لە گەشتێکی‌دا بۆ واشنتۆن لە گەڵ بەرپرسەکانی ئەمریکا و بە تایبەت ئەوانەی بە مەسەلەکانی کورد و عیراقەوە پەیوەندداری کۆبۆوە.
«سەرچاوەیەکی نزیک لە هەڤاڵ مام جەلال لە وەڵامی پرسیارێکی تەلەفزیۆنی

گەلی کوردستان‌دا ئەم گەشتەی هەڤال مام جەلالی بە یەکێک لە گەشتە دیپلۆماسیە سەرکەوتوەکان ناساند و رونی کردەوە کە لە ئایندەی زۆر نزیک‌دا کاریگەری سەرکەوتنەکانی ئەو گەشتە بە سەر مەسەلە جیاجیاکانی کوردستان و عیراقەوە دیار دەبێ، هەم سەبارەت بە مەسەلەی ئاشتبونەوە و هەم سەبارەت بە کاراتر بونی ئۆپۆزسیۆن و هەم سەبارەت بە بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایش.
«هەروا سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش دا کە هەڤال مام جەلال لەو گەشتەی‌دا بە شێوەیەکی بەرفراوان و قوڵ قورسایی خۆی خستبوە سەر کارا کردنی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش و لەو چوارچێوەیەش‌دا مەسەلەی تەعریب کردنی کوردستانی وەک یەکێک لە سیاسەتە دزێو و شۆڤێنیەکانی حکومەتی بەغدا گرنگی زۆری پێ درا.» کوردستانی نوێ: ژ ١٩٧٤ رۆژی ١٤ ی ١٠ ی ١٩٩٩.
٤. گەشتی ٢٦ / ١٠ – ٩ / ١٢ / ١٩٩٩.
«بە مەبەستی بەشدار بون لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق مام جەلال بەرەو ئەمریکا بە رێ کەوت: «پاش نیوەڕۆی دوێنێ ٢٦ ی ١٠ هەڤاڵ مام جەلال لە سنوری پەرویزخانەوە خاکی هەرێمی کوردستانی بە جێ هێشت و بەرەو تاران بە رێ کەوت، بڕیاریشە لەوێوە بەرەو ئەمریکا بە رێ بکەوێ تا لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق‌دا بەشداری بکا کەوا چاوەڕوان دەکرێ ٢٩ ی ئەم مانگە لە نیویۆرک ببەسترێ. «سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە رۆژنامەکەمانی راگەیاند کە دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زنجیرەیەک کۆبونەوەی بە مەبەستی تاووتوێ کردنی چۆنیەتی و ئاستی وەفدی یەکێتی لەو کۆنگرەیە ئەنجام دا و هەڵوێستەکانی یەکێتی بەرامبەر سەرجەم ئەو مەسەلانە ساغ کردەوە کە رەنگە لە کۆنگرەکەدا باس بکرێن و بڕیاریان لە سەر بدرێ، بە تایبەت ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە داخوازیەکانی گەلی کوردەوە هەیە لە عیراقی داهاتودا و هەروا لە بەر گرنگی کۆنگرەکە لەم قوناغەدا و بە لە بەرچاو گرتنی رۆڵی باڵای هەڤاڵ مام جەلال لە نزیک کردنەوەی بیروبۆچونە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆنگرەکە، بڕیار درا کە وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال لە کۆنگرەکەدا بەشدار بێ.
«شایانی وتنە کە ئەندامانی تری وەفدی یەکێتی پێری بەرەو ئەنقەرە بە رێ کەوتن تا لەوێوە بچنە نیویۆرک.» کوردستانی نوێ: ژ ١٩٨٥ رۆژی ٢٧ ی ١٠ ی ١٩٩٩.
«دوای گەشتێکی سیاسی و دیپلۆماسی فراوان مام جەلال گەڕایەوە کوردستان
«لە هەفتەنامەی الاتحاد – ەوە
«دوای گەشتێکی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ ئەمریکا و فەرەنسا و ئێران، ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ٩ ی ١٢ بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە خاکی نیشتمان.
«لەم گەشتەی‌دا، کە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی رابردو دەستی پێ کرد و زیاتر لە مانگێکی خایاند، مام جەلال سەرۆکایەتی وەفدێکی فراوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق کە لە ٢٩ / ١٠ تا ١ / ١١ / ١٩٩٩ لە نیویۆرک بەردەوام بو. هەروەها بە سیفەتی سیاسەتمەدارێکی دیار و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرۆکایەتی وەفدێکی باڵای یەکێتیی کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی کە لە

٨ / ١١ تا ١٠ / ١١ / ١٩٩٩ لە پاریس بەسترا.
«شایانی باسە مام جەلال لە گەشتەکەی‌دا بۆ ئەمریکا و ئەوروپا، چاوی بە ژمارەیەک لە لێپرسراوانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لێپرسراوانی ئەمریکا و فەرەنسا کەوت. «هەروەها چاوی بە گەورە لێپرسراوانی چەندین ولات کەوت و لە گەڵ نوێنەر و سەرکردەی ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی عیراق کۆبوەوە. «لە کاتی گەڕانەوەشی لە ئەوروپا، هەڤاڵ مام جەلال سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و لەوێش چاوی بە چەندین لێپرسراو و دیپلۆماتی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان کەوت.» کوردستانی نوێ: ژ ٢٠٢٢ ڕۆژی ١١ ی ١٢ ی ١٩٩٩.

مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە. سیستەمی ڕاپەڕاندنی کاری یەکێتی کردۆتە سیستەمی سەرۆکایەتی. خۆی کردۆتە بەرپرسی یەکەمی مەکتەبەکانی ڕێکخستن، ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکان، دارایی، ڕاگەیاندن، کۆمەلایەتی... هەریەکی لەمانە بەرپرسێکیان هەیە بەلام خۆی، نەک کەسی کە، بەرپرسی سەروی هەمویانە و خۆی ڕێنماییان ئەکا و فەرمانیان بۆ دەر ئەکا و لە هەمو کێشە گرنگەکان‌دا دوا بڕیاری لە دەستی خۆی‌دا هێشتوتەوە.

بەراورد کردنی ژمارەی ئەو چەند حەفتەیەی ساڵی ١٩٩٩ کە بە گەشتی سیاسی و دیپلۆماسی‌یەوە، وەکو خۆی ناوی لی ناوە، کوشتونی، لە گەڵ ژمارەی ئەو چەند حەفتەیەی تەرخانی کردوە بۆ کاروباری ناوەوەی کوردستان، وەکو سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتی و بەرپرسی هەمو مەکتەبەکانی یەکێتی و بەرپرسی حکومەت، دەری ئەخەن بۆچی پاشاگەردانی هەمو جومگەکانی دەزگا حیزبی و پێشمەرگەیی و حکومەتیەکانی هەرێمی گرتوتەوە. دەقی هەواڵەکان ئەگەر لە لایەن خۆیەوە دانەڕێژرا بێ، ئەوا خاڵە سەرەکیەکانی لە لایەن خۆیەوە دیاری کراون. گێڕانەوەی هەواڵەکان بە جۆرێکە هەمو جار بۆ پاساودانی هۆی سەفەرەکەی گرنگیەکی سیاسی زۆری بە گەشتەکەی داوە، لە کاتێک‌دا ئەو گەشتانە هەندێکی هیچ گرنگیەکی سیاسی یا دیپلۆماسی‌یان نەبوە. لە باتی ئەو نوێنەرەکانی یەکێتی لە دەرەوە یان دەستەیەکی نوێنەرایەتی هەلبژێردراوی ناوەوە ئەیان توانی بچن و هەمان کار ئەنجام بدەن.

زۆر جار خۆی گەشتەکانی بۆ خۆی ساز ئەدا و، بۆنە و موناسەبەتی ئەدۆزیەوە و نوێنەرەکانی دەرەوەی ڕائەسپارد بۆ ئەوەی بیانوی سەفەر کردنی بۆ دابتاشن. هەمو جار، پێش ڕۆیشتنی، چەندین سەعاتی کۆبونەوەکانی م س بە باسی زەرورەت و گرنگی ئەم سەفەرەوە ئەکوشت و هەمو جار، دوای هاتنەوەشی، چەندین سەعاتی تری کۆبونەوەی م س بە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی دورودرێژی سەفەرەکەی ئەکوشتەوە. گوێگرەکان: ئەندامانی بەستەزمانی م س، چاری تریان نەبو جگە لە گوێ شل کردن، چاو هەڵ گلۆفین، باوێشک دان، خەوەنوچکە.. دواییەکەی ستایشی گەشتە سەرکەوتوەکەی.

بۆ ئەنجامدانی سەفەرەکانی هیچ کات بیر و ڕەئی ئەندامانی م س ڕەچاو نەکردوە. ئەگەر جاروبار پرسە گورگانەی پێ کرد بن تەنیا بۆ ئەوە بوە ستایشی مێژویی بونی سەفەرەکە و گرنگی بونی لایەنی سیاسی و دیپلۆماسی گەشتەکەی بکەن بۆ مەسەلەی کورد. خۆی بڕیاری چون و نەچون و ماوەی مانەوە و کاتی گەڕانەوەی داوە.لە سەفەرەکانی‌دا چی بە دەمی‌دا هاتبێ وتویەتی و، چی ویستبێ بە ڕاگەیاندنی

گەیاندوە و، بۆ هەرکوییەکی ویستبێ چوە و کێی ویستبێ دیویتی.
لە ترسی ئەوەی نەوەکو مام جەلال بچێتەوە بە گژیان دا و بیانشکێنێ و قسەی سوکیان پێ بڵێ کەس نەیوێراوە بڵێ:
- نابێ ئەم سەفەرە بکەی...
- ئەم سەفەرە لەم کاتەدا گرنگ نیە یا پێویست نیە، یا کاتەکەی لەبار نیە..
- پێویستە تۆ لێرە بی و ئەمجارە لە باتی تۆ یەکێکی تر یا وەفدێکی تر بچێ...
- ئەم قسەیە باش نیە و ئەم تەسریحانە داوتە بە دەزگاکانی راگەیاندن زەرەری هەیە بۆ یەکێتی...

---

### ٥. داهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم

کۆسرەت: بەزاندنی خەتی سور
کۆسرەت بۆ راکێشانی لایەنگر، وەکو بۆ عیماد ئەحمەدی باس کردوە تیۆریەکی هەیە ئەڵێ: «لە شاخ مبادئ، لە شار مصالح». جا بە هۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی دراویتی و ئەو پارە بێ حسابەی لە بەر دەستی دایە دەستی خستۆتە ناو هەمو داوودەزگا حکومەتی و حیزبیەکانەوە. ناو وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی، م س و مەکتەبەکانی، مەڵبەندەکان، هێزەکانی پێشمەرگە، بە گفت و گەف هەوڵی داوە دڵسۆزی و گوێڕایەڵی زۆرترین ژمارەیان دابین بکا. ژیان سەختە، دەرامەتی موچەخۆر کەمە، پێویستیەکان زۆرن و دابین کردنیان ئاسان نین. ئەم لاوازیەی دۆزیوەتە.
ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسەکانی یەکێتی و پێشمەرگە و حکومەت بۆ بەدەسهێنانی دەسکەوتێکی مادی: پارە، سەیارە، زەوی، خانو... رۆژانە سەردانی ئەکەن و دڵسۆزی خۆیان دەرئەبرن.
کۆسرەت بەو پەیوەندیەی لە گەڵ کادرەکان و خەڵک دروستی کردوە بایی بوە و لە خۆی گۆڕاوە. خۆی لە مام جەلال بە گەورەتر و بە بەهێزتر ئەزانێ. پێی وایە بە ئاسانی جێگەی ئەوی پێ ئەگیرێتەوە. تەنانەت لەم لا و ئەو لا بە ئاشکرا ئەپرسێ ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ لە ناو خەڵک دا ئەم دەرئەچێ یان مام جەلال؟ کامیان رەئی زۆرتر ئەهێنێ؟
ئەو وتارانەی لە بۆنەی جیاجیادا خوێندویەتیەوە، کۆی کردونەتەوە و لە کتێبێک دا، لە شێوەی ئەو کتێبانەدا کە بۆ ماوتسیتۆنگ و کیم ئێل سۆنگ و سەدام حسێنیان کۆ کردوتەوە، چاپی کردوە.
مام جەلال لە چەند ساڵی رابوردودا هەمو شتێکی لە کۆسرەت قبوڵ کردوە و چاوپۆشی لە هەمو شتێکی کردوە و ئیستاش ئەیکا، ئەمە نەبێ. ئەمە بەزاندنی خەتی سورە. چونکە هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە یەکێکی تر جێگەی بگرێتەوە چ جای ئەوەی جێگەکەی داگیر بکا. لە لای مستەفای سەید قادر وتویەتی: «کۆسرەت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە و کارگێڕی مەکتەبی سیاسیە، چی تری ئەوێ؟ شوێنەکەی منی ئەوێ؟ نایدەمێ.» بۆ ئەوەی سنورێ بۆ ئەمە دابنێ، لە باتی ئەوەی روبەڕو لە گەڵی بدوێ و بە راشکاوی قسەی لە گەڵ بکا، ئەویش لە لای خۆیەوە کەوتۆتە کار دژی کۆسرەت:
- لە کۆڕ و کۆبونەوە گشتیەکانی دەزگا رێکخراوەیی و پێشمەرگەییەکاندا دژی

دەستەگەری و گەندەڵی ئەدوێ و باسی بژار و پاکسازی ئەکا، هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جار بە ژێرزارەکی پەنجە بۆ کۆسرەت رائەکێشێ. ئەم وتارانە لە کوردستانی نوێ و لە رادیۆ و تەلەفزیۆن‌دا بڵاو ئەکرێنەوە.

- لە چەندین بۆنەدا و، لە بەر چاوی چەندین کەس، باسی ئەوە ئەکا گویا «کۆسرەت کرمانجە و خەڵکی شار نیە» کە بە لەهجەی کۆیە ئەم وشەیە بۆ سوکایەتی پێکردنی پایەی کۆمەلایەتی کۆسرەت بە کاری دێنێ.

- دەستی خستۆتە ناو وەزارەت و دەزگا کارگێڕیەکانەوە. جێگۆڕکێی بە هەندێ لە قایمقامەکان کردوە. لە کاتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران‌دا بە بەرچاوی کۆسرەتەوە بە تەلەفۆن قسە لە گەڵ وەزیرەکان ئەکا و تەعلیماتیان ئەداتێ.

* ٧ ی ٦ ی ٩٩:

گۆڕینی دەستەی کارگێڕ

کارگێڕی م س تا ئیستا بریتی بون لە: کەمال فوئاد، کۆسرەت، عومەر فەتاح، ملازم عومەر، جەبار فەرمان. پێکەوە کۆ نەبونەتەوە هەریەکەیان بە جیا بۆ خۆی کاری کردوە. بە ناو و نازناو کارگێڕ بون بەلام بە کردەوە ٥ سەری سەربەخۆ بون.

مام جەلال کارگێڕی م س ی گۆڕیوە: کەمال فوئاد، قادری حاجی عەلی، حەمە توفیقی داناوە. ئەمانە گویا «متفرغ» ن و لە کۆسرەت ناترسن.

٢٠ ی ٦ ی ٩٩:

* گۆڕینی وەزارەت

مام جەلال بەرنامەیەکی بۆ کاری حکومەت داناوە. داوای گۆڕینی ئەو وەزیرانەی کردوە کە لە ٣ ساڵ زیاتر لە پۆستەکانیان‌دا ماونەتەوە، بەلام پێشنیاری کردوە کۆسرەت لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە. بەرنامەکەی بۆ من ناردوە بیروڕای خۆمی لە سەر بنوسم. بەرنامەکەم لە کاتی خۆی‌دا ناردۆتەوە بۆ خۆی لە بەر ئەوە دەقە ئەسلیەکەیم لە لا نەماوە تەنیا وەلامەکەی خۆمم لە لا ماوە. بەرنامەکەی پرۆژەیەکە بۆ کاری لەمەودوای حکومەت، چەند لایەنێکی سیاسی، ئابوری، پێشمەرگەیی، ڕێکخراوەیی گرتبوەوە. ئەمە وەلامەکەی منە:

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

بە سپاسێکی زۆرەوە نامەکە و پرۆژەکەم وەرگرت. دەستەکانت خۆش.

وا لە خوارەوە سەرنج و تێبینەکانی خۆمت لە سەر بەندەکانی پرۆژەکە بۆ ئەنوسم:

یەکەم: هەڵوێستمان لە دەر و جیران

بە لامەوە پەسندە و هیچ تێبینیەکم نیە.

دوەم: چاکردنی وەزعی ئابوری خۆمان

لە سەر ئەمە هەندێ تێبینیم هەیە:

هەروەکو ئەزانی تەجروبەی وڵاتانی سۆڤیتی سەلماندیان کە ئابوری کەرتی گشتی شکستی خوارد و ئابوری بازاڕ و مونافەسە گرەوی بردەوە. ئەم کۆمپانیا وەهمییانەی وەزارەتەکان و هەندێ لە برادەران دروستیان کردوە: ١. بازاڕی نارازی کردوە لە یەکێتی و دەرگای کاری لە ڕوی زۆر کەس دا داخستوە و، ٢. قازانجەکەیشی زۆری بە فیڕۆ ئەچێتە گیرفانی ئەم و ئەوەوە، ٣. ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری لێنەهاتو بە هۆی مەحسوبیەتەوە دامەزرێنراون.

ئەگەر ئەو پرۆژانە بە دەس کەرتی تایبەتیەوە بوایە ئەمانتوانی: باجی زۆرتر وەربگرین و معاش و ئیمتیازاتی ئەو تەعیینکراوانەشمان لە کۆل ئەبووەوە. بۆ نموونە ئەتوانین ئوتێلی ئەبو سەنا کە بە دەس کەرتی تایبەتیەوەیە و ئوتێلی ئاشتی و ئوتێلی سەرچنار و موتێلی چنار کە بە دەس کەرتی گشتیەوەیە بەراورد بکەین.
لە بەر ئەوەی ئەم کۆمپانییانە بێ کەفائەتن و بۆ مشەخۆری دروستکراون، زۆری ئەم پرۆژانە ٣ جار ئەفرۆشرێتەوە و قازانجی لێ ئەخورێ سەرەنجام ئەدرێتەوە بە مقاوڵێکی بازاڕ بەمەش ڕادەی باجەکە زۆر کەم ئەبێتەوە.
ئەگەر بازاڕ بە هێز و جوڵانی بازرگانی زۆر بێ، زۆر لەو کادرانەی ئێستا بە ناچاری بە موچەی یەکێتی ئەژین ئەوسا ئەتوانن ئیش بدۆزنەوە و خۆیان بژێنن، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر خەڵک یان لە ناو حکومەت دا، یان لە ناو یەکێتیدا موچەخۆرن. ئەبێ نەخشە دابنێین بۆ ئەوەی ئاستی گوزەرانی کادرەکانی یەکێتی و بەرامبەرەکەی لە حکومەت و کەرتی تایبەتی دا وەکو یەک بن.
ئەورووپای سەرمایەداری سەلماندی ئەگەر وڵات ئابوریەکی تەندروستی هەبێ دەوڵەت بە تەنیا بە باج ئەتوانێ بژێ.
مەسەلەیەکی گرنگ، موراعاتی سەرەتای موناقەصە و موزایەدەی نەزیە بکرێ لەم بوارانەی خوارەوەدا:
١. پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ پێم وایە ئەتوانین زۆر شت بە سەر UN دا بسەپێنین چونکە ئەوە یارمەتی نیە بەڵکو پارەی نەوتی عیراقە.
٢. بەکرێدانی ملکەکانی دەوڵەت بە تایبەتی هی شارەوانی و دارایی و ئەوقاف بە موزایەدەی عەلەنی.
پێم باشە (نەسرییە) نەمێنێ و میزانیە دابنرێ.
زۆر گرنگە کە لیژنەی چاودێری دارایی ڕاستەوخۆ گرێدراوی خۆت بن بۆ ئەوەی پشتیوانییان بکەیت ئیجرائاتی قانونی لە سەر لێکۆڵینەوەکانیان بکرێ.
سێیەم: وەزعی ڕێکخستن
هەمو بۆچونەکان بە پەسند ئەزانم بەڵام لام وایە باشترە کە ئیشارەت بە زەرەری تکتل و پێویستی هەڵوەشاندنەوەی بکرێ و، هەڵبژاردن بکرێ بە سەرەتایەکی کار پێکراو لە هەمو ئاستەکان دا، کادرەکان بچنەوە ناو خەڵک و وەکو خەڵک بژین و ڕەفتار بکەن.
چوارەم: وەزعی ە پ ک
هەمویم بە لاوە پەسندە تەنیا ئەم تێبینیەم هەیە: ئەگەر بتوانین هیچ نەبێ تا ساڵێکی تر نەهێڵین توشی شەڕ ببن و مەشقیان پێ بکرێ و بدرێنە زابتە موحتەریفەکان و ئەوانەی دەورە تایبەتیەکان تەواو ئەکەن.
پێنجەم: وەزعی میری
هەمویم بە لاوە پەسندە.
لە کۆتایی دا حەز ئەکەم عەرزی جەنابت بکەم بۆ سەرخستنی ئەم بەرنامە ئیسلاحی هەر کاری بە من بسپێری بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئامادەم بۆ جێبەجێ کردنی.
بە ئاواتی سەرکەوتنتانم
لە گەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی   برای دڵسۆزتان: نەوشیروان

سلێمانی ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٩٩
٤ ی ٧ ی ٩٩:
نامەیەک دەربارەی گۆڕینی وەزیرەکان:
برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال
سلاوێکی گەرم و هیوادارم هەر لە خۆشی دا بن
بە بۆنەی ئەو ئالوگۆڕانەوە کە بە دەستەوەیە لە وەزارەت دا بکرێن بە چاکم زانی هەندێ بیروبۆچونی خۆم تۆمار بکەم.
١. بە لای منەوە خەلەل لە سیستەمی حوکمڕانیەکەمان دا هەیە و ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی لە گەل پارتی دا هەم رەقیب و هەم هاوبەش بوین لە حوکمڕانی دا، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە سەرۆکی دەولەتمان نیە. لەم قۆناغەدا من زۆر بە پێویستی ئەزانم کە دەسەلاتەکانی سەرۆکی دەولەت و دەسەلاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە یەکتری جیا بکرێنەوە بەم جۆرە:
١. ١. سکرتێری گشتی دەسەلاتەکانی سەرۆکی دەولەت بە کار بهێنێ. هێزی پێشمەرگە و دەزگای ئاسایش و دیوانی رەقابەی مالی ببەسترێن بە سکرتێری گشتیەوە.
١. ٢. دەسەلاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرفی پارە و بەخشینی ئەرز و خانو و سەیارە و دامەزراندنی موچەخوردا دیاری بکرێ.
٢. دو وەزارەتی تازە دروست بکرێ:
٢. ١. لە باتی ئەنجومەنی خوێندنی بالا وەزارەتێک بۆ خوێندنی بالا دروست بکرێ، وەزیری خوێندنی بالا پێویستە خاوەنی شەهادەی دکتۆرا بێ.
٢. ٢. دەزگای شەهیدان و دائیرەی تەقاعودی و زەمانی اجتماعی و عمل لە وەزارەتێکا بە ناوی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتیەوە کۆ بکرێنەوە.
٣. چەند دەزگایەکی تازە دروست بکرێ:
٣. ١. ئەنجومەنی پلاندانان لە کەسانی شارەزا دروست بکرێ بۆ ئەوەی بە یارمەتی پسپۆری بێگانە پلانی گەشە پێ دانی هەمە لایەنەی کورت خایەن و درێژخایەن بۆ کوردستان دابنێن.
٣. ٢. ئەنجومەنی (مجلس الخدمە) دروست بکرێ لە کەسانی لێوەشاوە و بێلایەن. ئەم ئەنجومەنە بە هەمو دائیرەکان دا بچێتەوە جارێکی تر پێوانەی ئیداری و قانونی بگێڕێتەوە بۆ ناو دائیرەکان. دامەزراندنی تازە، تەقاعود کردن، فەسل کردن، دیاریکردنی پێویست و فائیز ئەمان بیکەن.
٣. ٣. بۆ ئەوەی حکومەت نەتوانی کار لە کارمەندانی دیوانی رەقابەی مالی بکا پێویستە ئەم دیوانە یەکسەر ببەستری بە سکرتێری گشتیەوە و راپۆرت و لێکۆلینەوەکانی بدرێ بەو نەک بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. ئەندامەکانیشی لە کەسانی موحتەریف دروست بکرێ، پشتیوانی مادی و مەعنەوی بکرێن. بکرێتە دو بەش یەکێکیان بۆ رەقابەی حکومەت و ئەوی تریان بۆ رەقابەی داوودەزگاکانی یەکێتی.
٤. موستەشار و خەبیرەکان کە ئێستا لە وەزارەتەکان دا دانراون، مادەم لە بەر معاش دانراون، بۆ ئەوەی لە دائیرەکان دا جێگە داگیر نەکەن و دەستی نەشارەزایانە وەرنەدەنە کاروباری وەزارەتەکانەوە لەم وەزارەتانە لاببرێن و، مانگانە لە شوێنێکی وەکو سکرتاریەت یان ئەنجومەنی وەزیرانەوە معاشەکەیان بدرێتێ.

٥. بۆ ئەوەی زەرەرمەندەکانی پرۆسەی چاککردنەوە، یەک نەگرن و نەکەونە پیلانگێڕان و، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەربگری و بەردەوام بێ، پێویستە زۆر بە شێنەیی و تەدریج و قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام بدرێ. لەم قۆناغەدا تەرکیز بکرێتە سەر حکومەت کە ڕوی ئاشکرا و دەرکەوتوی حوکمڕانی یەکێتی‌یە لە ناو خەلک دا. لە گەل ڕێزی بێ ئەندازەی برای دلسۆزتان
نەوشیروان سلێمانی ٤ ی تەمموزی ١٩٩٩
کێشەیەکی دەستوری و قانونی هەیە. هەمو جار کە کۆسرەت تەنگاو ئەکرێ بۆچی وازناهێنێ لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و یەکێکی کە لە جێگەی ئەو بێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە ئەکا بە بیانو کە لە سەرو ئەوەوە دەسەلاتێکی قانونیی بەرزتر نیە تا ئەم «استقالە» ی خۆی بداتێ یان ئەو بتوانێ ئەم «اقالە» بکات. ڕاستیەکەی بە هۆی دو ئیدارەیی و نەمانی دەسەلاتی پارلەمان لە سنوری دەسەلاتی یەکێتی دا بۆشاییەکی دەستوری دروست بوە. کێ ئەو لایەنەیە کەسێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن تەکلیف ئەکا یا لا ئەبا؟
١ی ٨ ی ١٩٩٩: نامەی د فوئاد مەعسوم: دەراوی قانونی
د فوئاد مەعسوم نامەیەکی بۆ مام جەلال ناردوە داوای لێ کردوە دەسەلاتەکانی بکاتە «حەقیقەتی مادی». مام جەلال نامەکەی بە تەعلیقێکی خۆیەوە ناردوە بۆ قادری حاجی عەلی تا دابەشی بکا بە سەر ئەندامانی م س دا. ئەمەش دەقی نامەکە و تەعلیقەکەیەتی:
جەنابی مام جەلالی بەڕێز
سەلاوێکی گەرم خۆشیتان هیوامە
لێم ببورە لەو نامەیەدا هێندێ بۆچونی خۆمتان عەرز دەکەم کە مەبەستم سەرکەوتن و بەهێزکردنی یەکێتی‌یە و پەیدابوونی مەرکەزیەت و، ڕۆلی جەنابتانە. گەر بێتەوە بیرتان لە هەشتاکاندا جارێک بە جەنابتم گوت لە دانیشتنێکی دوقولیدا کە جەنابت لە ناو یەکێتی‌دا دەسەلاتەکەت مەعنەویە، دەبێ ببێ بە حەقیقەتێکی مادی، بۆ ئەوەی زەبتی ململانێ بکەیت.
ئێستا من زۆرم پێ خۆشە، کە دەست و بازوت لێ هەلکردوە، لەمێژە دەمویست وەها بێ. ئیجرائاتەکانت زۆر باشن، ململانێ سنوری هەبێ، لە چەزێکی دیاریکراودا بێ، کە ناوی لێ بنێین مونافەسە. دەتوانم بلێم ئێستا گەیشتوەتە حدی خۆی. ئەوجا نۆرەی اصلاحات هاتوە، دەستی پێ بکەیت، تکام وایە چەند کەسانێکی شارەزاش دەست نیشان بکە ئیش و کاریان تخطیط بێ بۆ ئەو اصلاحاتانە نەک هەنگاوێک بهاوێین و دوایی تراجعی لێ بکەین لە بەر هێندێ اعتبارات، ئەم پسپۆڕانە هەموو لایەنی ئەو هەنگاوانە لێک بدەنەوە پێش ئەوەی اعلان بکرێ. لام باشە هەنگاوەکانی کە دەهاوێشترێن پێش ئەوەی اعلان بکرێ هێندێ لە برادەران بە تایبەتی ئەوانەی لە ناو یەکێتی دیارن و خەلک باسی ململانێیان دەکا پرس و ڕایان پێ بکرێ پێش ئەوەی اعلانی بکەیت ڕاستەوخۆ یا بیهاویە بەردەم کۆبونەوەی م. س یا سەرکردایەتی تا التزامیان مسۆگەرتر بێ و قسەی ئەولاوئەولا نەکەن.
دوا قسەم لێرەدا: ان جاءکم .... هەمیشە ئەو فلتەرە بێ کە تصفیەی هێندێ قسەگێڕانەوە دەکا.

هومێدی موەفەقی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە هەمو هەنگاوەکانت.
خودا بتانپارێزێ دلسۆزتان فوئاد٢٦\٧\٩٩

------

لە ژێر نامەکەدا مام جەلال ئەم تەعلیقەی نوسیوە:
کاک قادر
سلاو بیدەرە هەڤالانی م. س تکایە بە فوتوکۆپی کراوی هەریەکە دانەی خۆی.
هەڤالانی م. س/ ی بەرێز سلاوێکی گەرم
بۆ ئەوەی بتوانم ئەوەی کاک د. فوئاد پێشنیاری دەکات ئەنجامی بدەم پێویستیم بەم شتانەی خوارەوە هەیە جگە لە هاوکاری و پشتیوانی کومەلانی خەلک و ە پ ک و ئەندامان و کادرانی ی. ن. ک کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لە گەشەپێدان دەکەن:
یەکەم/ هاوکاری بە دلو بە گیانو بە حەماسی ئیوە. نەک هاوکاری سەرزارەکی و هەر سەر کاغەز و ناوکوبونەوەکان.
دوەم/ دوای ئەوەی ناوی (رێبەر) تان بە سەردا بریووم و سەبارەت بەوەی کە سکرتێری گشتی و فەرماندەی گشتیم و هەمو دەسەلاتێکتان پێ داوم، بۆ بە قانونی کردن و پەلەکردن لە جی بە جێ کردنی ئیسلاحەکان بە پێویستی دەزانم بیکەن بە بریاریش کە صلاحیاتی قانوونی رێبەر بە کار بهێنم وەک لە قانونی ژمارە (٢) دا هاتووە. بە تایبەتی کە من پتر لە سەداهەفتای دەنگی خەلکی ناوچەی رزگاری بن دەستی خۆشمانم هیناوە.
سێیەم/ حەملەیەکی فیکری بەربلاو بکەین بۆ نیشان دانی ئەهمیەتی چاک کردن و گەشە پێدان و دژی تەکەتولات.
چوارەم/ دەست بە جێ بریاری دانانی (مجلس الخدمە) و (مجلس التخطیط) بدەن بۆ گەشە پێدانی حکومەتەکەمان و حوکمی قانوون.
هەر بژین بۆ برای دلسۆزتان (ئیمزای مام جەلال)
٦ ی٨ ی ٩٩:
گەمەکەی هەیاسی خاس
نیوەرۆی ئەمرۆ مام جەلال هات بە کراوەیی قسەمان کرد.
من وتم: «ئیسلاحاتی نیوەوناچل زەرەری زۆرترە لە قازانج وەکو ئەوەیە لە نەشتەرگەری‌دا سکی نەخۆشەکە هەلدری بەلام نەیدروێتەوە و بە کراوەیی بە جێی بهێلی. ...»
پاش هەندێ قسەو باس داوای لی کردم لە کوبونەوەکانی م س دا بەشدار بم. وتم: «لە ناو م س دا ٩ کەسیان من بە دوژمنی خۆیان ئەزانن چونکە لایان وایە ئەمەی تو ئەیکەیت بە هاندانی منە. بونی من لە ناو هەیئەتێکی وەهادا چ سودێکی هەیە؟»
وتی: «وایە ئەمەی من ئەیکەم بە توی ئەزانن تەنانەت کوسرەت تەلەفونی بۆ د فوئاد و د بەرهەم کردوە وتویەتی مام جەلال بە فیتی نەوشیروان کەوتۆتە دوژمنایەتی من. بەلام بۆ ئەوەی تەنیا نەبم ئەگەر بۆ هەمو کوبونەوەکانی م س نایەیت ناو بە ناو ئامادە بونت بۆ ترساندنیان شتێکی باشە.»
مام جەلال بەردەوامە لە سەر گەمەکەی هەیاسی خاس.
بەر لە چەند رۆژێ کۆسرەت چۆتە لای مام جەلال پاکانەی بۆ کردوە. وتویەتی:

«من وەکو باقل دابنێ. وتوتە ئەبێ سەری لە بەرد بدا چ بەردێک ئەلێی سەری لێ ئەدەم. نەوشیروان تۆڵەی کۆنگرەم لێ ئەکاتەوە. لە کۆنگرەدا ویستی تۆ لا بدا داوای پشتیوانی لە من کرد بەڵام من پشتی تۆم گرت. ئێستاش ئەیەوێ من بە تۆ لا ببا و دوایی خۆیشی تۆ لا ببا.»
١١ ی ٨ ی ٩٩:
دەستەی کارگێڕ ئەم نامەیەی دابەش کردوە بە سەر ئەندامانی م س دا:
«بەرنامەی پێشنیازکراو بۆ کۆبونەوەی داهاتوی مەکتەبی سیاسی ڕۆژی پێنج شەمە ١٢ ی ٨ ی ١٩٩٩ کات ٧ ئێوارە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەلاچوالان:
١. لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە سەر پێشنیازەکانی بەڕێز مام جەلال لە سەر نامەکەی بەڕێز کاک د فوئاد لە ٢٦ ی ٧ کە تێیدا پێشنیاز کراوە دەسەڵاتی ڕابەر بدرێتە بەڕێز مام جەلال بە پێی مادە ٢ ی یاسا، بە تایبەتی بۆ پەلەکردن لە ریفۆرم و ئاڵوگۆڕ کردنی پێویست لە هەمو بوارەکاندا.
٢. کات دیاری کردن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەی پێشوی مەکتەبی سیاسی لە ٣١ ی ٧ ی ١٩٩٩ بە تایبەتی لە بارەی دامەزراندنی (ئەنجومەنی پلاندانان: مجلس التخطیط) و (ئەنجومەنی خزمەت: مجلس الخدمە) ەوە.
٣. لێکۆڵینەوە لە بارەی وتووێژەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لە هەندەران و لە وڵات.
٤. دۆزینەوەی چارەسەرێکی شیاو بۆ دادگای سلێمانی و بڕیاردان لە سەر دامەزراندنی (ئەنجومەنی دادوەری: المجلس القضائی) و (دادگای تەمیز: محکمە التمیز)
١٢ ی ٨ ی ٩٩:
سلێمانی، سەعات ٧ ی ئێوارە لە ماڵی مام جەلال کۆبونەوەی م س کرا بە ئامادە بونی: مام جەلال، کۆسرەت، جەبار فەرمان، کەمال فوئاد، قادری حاجی عەلی، حەمە تۆفیق، فەرەیدون، شێخ محەممەدی شاکەلی، ئەرسەلان، عیماد، ملازم عومەر، عومەر فەتاح، من.
بەرنامەی پێشنیازکراوی کارگێڕ باس کرا. بڕیار درا مام جەلال بە پێی قانونی ژمارە ٢ دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بدرێتی و ئەم بڕیارە لە لایەن چەند قانونیەکەوە دابڕێژرێ. بڕیار درا مجلسی خدمە دابنرێ. بڕیار درا ئەنجومەنی پلاندانان دابمەزرێ. بڕیار درا وەزعی دادگاکانی سلێمانی باش بکرێ و ئەگەر بتوانین دادگای تەمیز و ئەنجومەنی دادوەری و مەعهەدی دادوەری بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج دابمەزرێ. بڕیار درا ئەو وەزیرانەی ٣ ساڵیان تەواو کردوە بگۆڕین بە هی نوێ. ئیتر مام جەلال کەوتە بە کارهێنانی دەسەڵاتەکانی قانونی ژمارە (٢) بەڵام لە بەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئێمە هەندێکمان ناوی «ڕابەر» مان بە لاوە پەسەند نەبو ناوی «سەرۆکی هەرێم» ی لێ نرا بۆ ئەوەی «مەرجەع» ێکی قانونی هەبێ لە کاتی پێویست دا ڕۆڵی خۆی ببینێ.
تەعدیلی وەزاری
کوردستانی نوێ، لە ژ ١٩٣٠ ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٢٢. هەواڵەکەی بەم جۆرە گێڕاوەتەوە:
«لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا: سەرۆکی حکومەت گۆڕانکارییەکانی کابینەکەی ڕاگەیاند
«نیوەڕۆی دوێنێ ٢١ ی ٨ ی ١٩٩٩ بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی

هەرێمی کوردستان لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی تایبەتدا، چەند گۆرانکاریەکی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی راگەیاند.

«لەو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەدا کە هەر یەک لە بەرێزان عومەر عەبدوڵلا جێگری سەرۆکی حکومەت و عیماد ئەحمەد وەزیری پیشەسازی و مستەفا سەید قادر وەزیری ناوخۆ ئامادەی بون، سەرۆکی حکومەت دوای ئەوەی ئاماژەی بە ئامانجەکانی ئەم گۆرانکارییانە کرد کە گۆرانکاریە لە پێناو گەشەپێدانی ی ن ک و حکومەتی هەرێم دەکرێن کە هەر یەک لە وەزارەتەکانی تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و رۆشنبیری و مرۆڤایەتی و گواستنەوە و گەیاندن دەگرێتەوە، هەروەها رایگەیاند کە حکومەتی هەرێم بڕیاری دا بە یەکخستنی هەردو وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە لە یەک پۆستدا و بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی وەزیری هەرێم و دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێ بە ناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەت و ئەنجومەنی پلان دانان و ئەنجومەنی قەزا. هەر بەم بۆنەیەوە بەرێزی بە ناوی خۆی و وەزیرە بەرێزەکان سوپاس و ستایشی ئەو وەزیرە بەرێزانەی کرد کە لە ماوەی چەند ساڵی رابوردودا سەرکەوتوانە کارەکانیان راپەراندوە و خزمەتی بێ وچانیان پێشکەش بە میللەتەکەیان کردوە.

«پاشان لە کۆتایی لێدوانە رۆژنامەنوسیەکەیدا ناوی ئەو بەرێزانەی ئاشکرا کرد کە پۆستی وەزارەتەکانیان پێ سپێردراوە، لەم بارەیەوە رایگەیاند کە بڕیار دراوە بە دانانی بەرێزان عەدنان موفتی بە وەزیری شارەوانی و د جەمال فوئاد بە وەزیری مرۆڤایەتی و د یادگار بە وەزیری تەندروستی و برزو عەلی هەژار بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن و عادل ناسر بە وەزیری کشتوکاڵ و شێخ محەمەد شاکەلی بە وەزیری رۆشنبیری و د جەلال شەفیق بە وەزیری خوێندنی باڵا و د کەمال خۆشناو بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانی.»

٢٩ ی ٨ ی ٩٩ یەکشەم:

چوم بۆ بینینی مام جەلال بۆ باسی پرۆژەیەک کە دەربارە نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی کەرکوک نوسی بوم و پێشتر بۆم نارد بو. ئەو پرۆژەیەم بە هاوکاری چەندین کەسی کەرکوکی و شارەزای بواری جیاجیا ئامادە کرد بو.

لە میانەی قسەدا باسی ساردی نێوان من و کۆسرەتی کرد و گلەیی لێ کردم کە بۆچی باسم کردوە. من بە گراوەیی پێم وت کە من دژی کۆسرەت نیم بەڵام ئەو لای وایە هەمو هەنگاوی لە رێی ئیسلاحات دا موئامەرەیە لەو و، هەرچیەکی پێ کرا بێ دژی من درێغی نەکردوە.وتم:

– وەختێ حکومەتی هەرێممان تەسلیمی دەستی ئەم برادەرە کرد یەکێتی هەر لە زاخۆوە تا کفری بە دەستەوە بو، ئێستا ئەوەتا خۆی و حکومەتەکەی بە ئاوارەیی لە سلێمانیین.

– لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا یەکێتی توشی شەڕی بوە لە گەڵ پارتی بە هەمو زلهێزەکانی دنیا ناکوژێتەوە.

– لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا ٢ سەد هەزار کوردی عێراق کوردستانیان بە جێ هێشتوە لەوانە زیاتر لە ٢ هەزاریان کادری یەکێتی بون و زیاتر لە ٢ سەد

کەسیان مامۆستای زانکۆ بون.
- لە سەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا هەمو ماڵ و دارایی حکومەتەکە بە فیڕۆ ڕۆیشت. وەزارەتەکان تاڵان کران و زەوییەکان و خانوەکانیان بە بەلاش دران بەمونەو و بە زۆری بە کەسانی ناموستەحەق و، مەکینە و سیارەکانیان فرۆشران بە ئێران.
ئیتر ئەم کابرایە ئەبێ شانازی چیمان بە سەردا بکات؟

---

## ٦. بابەتی جۆراوجۆر

* ژوری بازرگانی
سلێمانی ٢٥ ی ئابی ٩٩
گەورەی بەڕێز مام جەلال
سلاوێکی گەرم
هەروەکو ئەزانن ژوری بازرگانی لە جولاندن و ڕێکخستنی بازاڕ و بازرگانیدا دەورێکی کاریگەری هەیە، بەلام ئەوە چەند ساڵێکە ئەم ژورەی سلێمانی لە کار کەوتوە. پێویستی بە زیندوکردنەوە و بە گەڕخستن هەیە:
١. کاتی خۆی سەرۆک و ئەندامانی ژوری بازرگانی سلێمانی بەم جۆرە بوە:

| | | |
|---|---|---|
| سەرۆک : | ڕەفیق قەزاز | مردوە |
| جێگری سەرۆک : | زاهیر حاجی ئەحمەد | کوژراوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی: | عەبدوللای حاجی فەرەجی سوسی | مردوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی : | ئیسماعیل حەداد | چوە بۆ خاریج |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی: | عومەر نوری حەمەسور | ئیستیقالەی کردوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی: | حەمەی زیوەر | ئیستیقالەی کردوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی: | مستەفای ڕازاوە | ئیستیقالەی کردوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی : | صەباح ئەحمەد کەریم | ئیستیقالەی کردوە |
| ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی: | ئەمین شەوکەت | ماوە |

٢. کاتی خۆی جگە لە سەرۆک و، جێگری سەرۆک، مدیری ادارەیشیان هەبوە. مدیری ادارە بە پێی نیزامی ژورەکە ئەبێ دەرچوی جامیعە بێ و ٤ ساڵ خزمەتی لە ناو ژورەکەدا هەبێ.
٣. ئیستا ئەمانە: سەرۆک، جێگری سەرۆک، ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن، مدیری ادارە هیچیان نەماون. تەنیا کەس کە ماوە و هەمو ئیشەکان ئەکا کاک ئەمین شەوکەتە. بە پێی نیزامی ژورەکە سەرۆک و جێگرەکەی و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر نابێ موچەخۆر بن، بەلام کاک ئەمین موچەخۆرە.
٤. لەو ماوەیەدا بە جۆرێکی نائاسایی چەند کەس کراون بە ئەندام و لە صنفی بەرزی بازرگانیدا دانراون بۆ ئەوەی بتوانن قونتەرات وەربگرن کاتی خۆی هیچ پێوەندییەکیان بە بازاڕ و بازرگانییەوە نەبوە.
٥. ماوەیەک پێش ئیستا هەندێ لە ئەندامانی ژوری بازرگانی کۆبونەوەیان لە گەڵ جەنابت کردوە و هەندێ لە کیشەکانیان باس کردوە. بە تەما بون ڕۆژی ٢٠ ی ٤ ی

٩٩ هەڵبژاردنی زۆری بازرگانی بکرێ بەڵام بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو دواخراوە بۆ کاتێکی نادیاریکراو.
٦. کاتی ئەوە هاتوە جەنابت فەرمان بدەی ئەم زۆرە بە گەڕ بخرێتەوە و هەڵبژاردنێکی پاک و ئازادی تێدا بکرێ بۆ ئەوەی لە ژیانی ئابوری‌دا دەوری خۆیان ببینن.
لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان
وێنەیەکی بۆ بەڕێز کارگێڕی م س بۆ ئاگاداری
* دادگا
سلێمانی ٣ ی ئابی ٩٩٩
برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال
سڵاوێکی گەرم
هیوادارم هەمیشە لە خۆشی دا بن
چەند جارێ چەند کەسێکی قانونی و نائیبی مدعی عام هاتونەتە لام بۆ دەربڕینی هەندێ سەرنج و تێبینی تا بە جەنابتی بگەیەنم. وا لە خوارەوە پوختەکەیتان ئەخەمە بەرچاو هیوادارم کەلکێکی هەبێ و خۆت کە پیاوێکی قانونیت گرنگیی دادگا بێگومان لە خەڵکی کە باشتر ئەزانی.
١. وەزعی ناو دادگای سلێمانی باش نیە چونکە حاکم شێخ لەتیف و حاکم عەبدولکەریم ناکۆکن. بەو هۆیەوە دەزگای مەحکەمە بوتە دو تکتلی دژ بە بەیەک و دژی یەکتری ئەدوێن و کار لە یەکتری ئەشێوێنن. ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر ئەکرێ کە ئەم دو حاکمە ئاشت بکرێنەوە و ڕێکبخرێنەوە چونکە هەردوکیان بە کەڵکن بۆ دادگاکانی سلێمانی.
٢. هەیبەتی دادگا کەم بوتەوە. تا ئێستا چەند جارێ لەبەردەمی دادگادا تەقە بوە و جارێکیش یەکێ کوژراوە. بیناکەیشیان پچوکە و پاک و خاوێن نیە. بۆ ئەوەی هەیبەتی دادگا بە هێز بکرێ پێویستە:
أ. ژمارەیەکی باش پۆلیس بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی دادگا تەرخان بکرێ.
ب. حیمایە بۆ حاکمەکان دابنرێ.
ج. خاوێنی بیناکە و دیوارەکانی رابگیرێ.
د. بیناکەی پشتی دادگا کە هی بلدیاتە بدرێ بە مان.
٣. وەزعی محکمەی تحقیق باش نیە چونکە:
أ. تەنیا یەک حاکم تحقیق هەیە و مەسەلەکانی لە سەر کەڵەکە ئەبێ.
ب. محکمە اجهزەی تحقیقی نیە وەکو: مختبر الادلە الجنائیە، جهاز طبع الاصابع، جهاز کشف السلاح...
٤. بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج ئەتوانرێ معهد القضاء لە سەر شێوەی مەعهەدەکەی بەغداد دابمەزرێنرێ. لە سلێمانی ئیمکانی ئەمە هەیە.
٥. بۆ ئەوەی سەربەخۆیی قانونی خۆمان هەبێ و مادەم بەرەو خۆ جیاکردنەوە ئەچین لە پارتی پێویستە محکمەی تمییزی خۆمان لە سلێمانی هەبێ.
٦. عفوی خاص بۆ هەندێ تاوانبار دەرچوە ئەمە شتێکی باش نیە بۆ سومعەی محکمە. ئەمە یا نەهێڵرێ یان زۆر کەمتر بکرێتەوە.

٧. ئێستا ٣٧ نائیبی مدعی عام هەیە لە گەڵ سەرۆک و جێگرەکەی ئەبن بە ٣٩ کەس. ئەم ژمارەیە زۆرە و هەندێکیان رەنگە هێشتا بە کەڵکی ئەم ئیشە نەیەن چونکە بە واسیتە دانراون. مەرجەکانی مدعی عام بە گوێرەی قانونی عیراقی ئەبێ: عیراقی بێ، متزوج بێ، لایەنی کەم ٣ ساڵ خزمەتی هەبێ و ٢ ساڵیش لە معهد القضاء خوێندبێتی.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی        نەوشیروان

* تەعدیلی قانونی عقوبات و قانونی ئەحواڵی شەخسی

برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سلاوێکی گەرم و هیوادارم هەمیشە لە خۆشی‌دا بن

کاک ڕوشدی تعدیلی قانون العقوبات ی تەواو کردوە. پێکەوە دانیشتین و سەر لە نوێ هەمو ئەو ماددانەی تعدیل یان تجمید کراون خوێندەوە و موناقەشە کرد و لە سەری ڕێک کەوتین. زۆر بە وردی و ڕێکوپێکی قانونەکەیان بژار کردوە. وا مسوەدەکەی ئەنێرمە خزمەتتان تکام وایە سەیری بکەن و هەر ئاڵوگۆڕی بە پێویست ئەزانن بیکەن.

ئەم قانونە دوای ئەم تعدیل و تجمیدانە هێشتا دو نوقسانی تیایە:

١. ئەو غەرامەیەی دانراوە زۆر کەمە چونکە بە پێی دەسکەوتی ڕۆژانەی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کراوە. نوسراوە ساڵێک حەپسی یان سەد دینار غەرامە. دەسکەوتی ڕۆژانەی کرێکاری (غیر ماهر) ئەوسا لە نیو دینار کەمتر بوە ئێستا لە پەنجا دینار زیاترە. ئەبێ بەو پێیە دەسکاری بکرێ.

بۆ ئەم مەبەستە کاک ڕوشدی بە تەمایە شتێک ئامادە بکا کە لە گەڵ هەلومەرجی ئێستا بگونجێ و دادگاکان کاری پێ بکەن.

٢. هیچ ماددەیەکی تیا نیە بۆ سزادانی ئەو قاچاغچییانەی لێرەوە خەڵک ئەبەن بۆ ئەوروپا و دەستیان ئەبرن یان دەستدرێژییان لێ ئەکەن. بۆ ئەمەش ئەبێ چەند ماددەیەک هەبێ کاک ڕوشدی ئامادەی ئەکات.

بە گشتی ئێستا قانونەکە بژار کراوە لەو ماددانەی کە لە گەڵ مافەکانی مرۆڤ دا ناگونجێن و ئامادەیە بۆ پەسند کردن و کار پێ کردن ئەگەر جەنابت بە پەسندی بزانی.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی        نەوشیروان مستەفا

سلێمانی ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

گەورەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

پاش سلاو

١. لە سەر داوای کاک ڕوشدی عەزیز لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی پاردا بۆ لێکۆلینەوەی قانونی ئەحواڵی شەخسی چەند جارێ دانیشتین. بەندە بە چاکم زانی کە ژنێکی شارەزایش بانگ بکەین بۆ ئەوەی لە بیروڕای ژنانیش ئاگادار بین و، یەکێ لە خۆیان بەشداری گفتوگۆکان بکا. بۆ ئەو مەبەستە خاتو هاوژین مەنمی‌مان بانگ کرد کە لە سکرتاریەتی یەکێتی ژنان و، لە سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان و، سەرنوسەری ڕۆژنامەی ژیانەوەیە. خاتو هاوژین پێشتر مادە بە مادەی قانونەکەی بە وردی دراسە

کرد بو و، شارەزاییەکی باشی هەبو لەو بوارەدا و، کەڵکی زۆرمان لێ وەرگرت.
٢. لە زنجیرەیەک گفتوگودا قانونەکەمان مادە بە مادە تاووتوی کرد. بیروڕای نوێنەری ژنان لە هەندێ مەسەلەی زۆر گرنگ و حساس دا جیاواز بو لە هی ئێمە. هەمو ئەو ماددانەی بە پێی نصی صریحی قورئان دانراون، ئێمە دەسکاریمان نەکردن و، وەکو خۆی هێشتمانەوە. ئەوەی دەسکاریش کرابێ هەوڵ دراوە لە گەڵ گیانی قورئان دا ساز و گونجاو بێ.
وا مسودەی تعدیلەکان ئەنێرمە خزمەتتان.
٣. ئەوەی نوێنەری ژنان لەم قوناغەدا داوای گۆڕینی ئەکەن هەموی بە ئێمە جێبەجێ ناکرێ، بە تایبەتی کە ئێستا ئیسلامی سیاسی لە گەشە کردن دایە و، سنوری دەسەلاتی ئێمەش تەسک بوتەوە، بەڵام ناکرێ هەمو داواکانیان لەم چەرخەیش دا پشت گوێ بخرێن. مستەفا کەمال سەرەتای بیستەکانی قەرنی رابوردو لە تورکیای ئەوسادا، کە لە کوردستانی ئێستا دواکەوتوتر بو، خەلافەتی لەغو کرد و جمهوریەتی لە جێ دامەزراند و، شەریعەتی لەغو کرد قانونی مەدەنی خستە جێگەی و، دنیایش وێران نەبو.
ئێمەیش پێویستە هەندێ هەنگاو بنێین لە سەر ڕێی کەمکردنەوەی تەئسیری لایەنە کۆن و نەگونجاوەکانی شەریعەت لە سەر قانونەکانی ئەم زەمانە، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانیی خەلکەوە هەیە.
٤. یەکێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە نوێنەری ژنان پێی لە سەر داگرت، مەسەلەی فرە هاوسەری پیاوە، کە لێرەدا ئێمە بە (معلق) ی هێشتومانەتەوە بۆ ئەوەی جەنابت دوابریاری لێ بدەی. ئەگەر ئەم بریارە بدرێ چەند مادده و فەقەرەیەکی قانونەکە ئەبێ لەغو بکرێن یان دەسکاری بکرێن. من خۆم لایەنگری ئەوەم فرەهاوسەریی پیاو بە تەواوی بە پێی قانون لەم قەلەمڕەوەی ئێمەدا قەدەغە بکرێ و، پیاو بۆی نەبێ لە یەک هاوسەر زیاتری هەبێ.
٥. مەسەلەی تەلاق کە نوێنەری ژنان پێی لە سەر دائەگرت بە دەس هەردولا بێ و، بەرامبەر بەوە ئامادە بون دەس لە مارەیی و نفقە هەڵبگرن، ئێمە موافەقەتمان لە سەر نەکرد.
٦. ئەگەرچی نوێنەری ژنان پێی لە سەر ئەوە دائەگرت کە کچ و کوڕ لە میرات گرتن دا یەکسان بن، بەڵام ئەمیش ئێمە موافەقەتمان لە سەر نەکرد و، وەکو خۆی هێڵرایەوە.
٧. لە هەندێ جێگە باسی ئەهلیەتی شەرعی و قانونی کراوە. بەندە لام وایە بە تەنیا ئەهلیەتی قانونی کافیە و پێویست بە شەرعیەکە ناکات، چونکە:
أ. ئەمە چەکێکی کوشندە ئەبێ بە دەس ئیسلامیەکانەوە بۆ سەندنەوەی ئەهلیەت لە هەمو ئەوانەی یەکێ لە فەریزەکانی ئیسلام، وەکو نوێژ، ڕۆژو، حەج، زەکات... بە جێ ناهێنن.
ب. هەمو قانونەکانی عیراق بە پێی شەرع داڕێژراون، لە بەر ئەوە کە قانونی بو شەرعیشە.
لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان مستەفا سلێمانی، ٣ ی ١ ی ٢٠٠٠
* دەزگای ئاسایش

گەورەی بەڕێز
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
پاش سڵاو
لەم کاتەدا کە بەڕێزتان بڕیارتان داوە هەموو قانونەکانی عیراق دەسکاری بکرێن و بگونجێنرێن لە گەل جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ دا بەندە بە چاکی ئەزانم هەندێ بیروبۆچونی خۆم سەبارەت بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دادگا، لە وڵاتەکەمان دا بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان:
١. بە داخەوە ئەوەی من لە سەر دەزگای ئاسایش بیستومە، دەزگای ئاسایش لە ناو خەلک دا خۆشەویست نیە، بەلکو بوتە دەزگایەکی ئیرهابی، هاوولاتی ئاسایی، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشتیوان و واسیتەیان نیە، لێی ئەترسن.
٢. دەزگای ئاسایش لە کاروباری تایبەتی هاوولاتییان و تەنانەت لە ژیانی تایبەتییان دا تەدەخول ئەکەن.
٣. فۆرمی جۆراوجۆریان ڕێکخستوە لە ناو دائیرەدا بە هاوولاتییانی پڕ ئەکەنەوە. هەندێ لەو فۆرمانە پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە و لە گەل جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ دا ناگونجێن و سوکایەتیە بە کەرامەتی مرۆڤ. وا نمونەیەکی ئەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.
٤. بێگومان بەندە ئەمانە نانوسم بۆ ئەوەی لە نرخی دەزگای ئاسایش و ئەو هەموو خزمەتەی کە بە ئاسایشی گەلەکەمان و یەکێتی کردوە کەم بکەمەوە، بەلکو بە ڕێز و ستایشێکی تایبەتیەوە ئەڕوانمە ئەو لایەنەی. زۆری ئەوانەیش کە لەوی کاربەدەستن لەو پێشمەرگانەن کە نزیکی من بون و ئیستاش نزیکی منن. بەلام ئەم دەزگایە کاتێک دروست بو (انفلاتی امنی) هەبو، پێویستی بەوان بو، ئیستا کونترولی ئەمنی وڵات کراوە بۆیە ئەبێ سروشت و ئەرکەکانی ئەم دەزگایەش بە پێی هەلومەرجی نوێ ڕێک بخرێتەوە.
بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواوییانە پێشنیار ئەکەم:
١. هەمو ئەو فۆرم و مولحەقی فۆرمانەی ئاسایش ڕێکیان خستوە لە کاتی موراجەعەت دا بە هاوولاتی ئاسایی پڕ ئەکەنەوە سەرلەنوێ چاویان پیدا بخشێنرێتەوە و ئەوەی لە گەل جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ دا ناگونجێن لەغو بکرێن و، ڕێگە نەدرێ بە کاربەدەستانی ئاسایش کاری لەو بابەتە دوبارە بکەنەوە و، ئەگەر کردیان هاوولاتییان بۆیان هەبێ لە دادگا شکاتیان لێ بکەن.
٢. چاو بە کاربەدەستانی دەزگای ئاسایش دا بخشێنرێتەوە و، کەسانێک کە پیشەکانیان و خوێندنیان پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە بگۆڕدرێن بە کەسانی قانونی و دەرچوانی کلیەکانی پۆلیس، قانون، علمی اجتماع، علمی نفس، علومی سیاسی، ادارە، مێژو، زمانی ئینگلیزی... پاش ڕاهێنان و مەشق پێ کردن.
٣. لە وڵاتانی دیمۆکراتیدا کومیتەیەکی پارلەمانی دائەنرێ بۆ چاودێری دەزگا ئەمنییەکان بۆ ئەوەی لە سنوری قانون دەرنەچن. ئیمە لە بەر ئەوەی حاڵی حازر پارلەمانمان نیە چاک وایە کۆمیتەیەکی سەر بە سولتەی قەزایی یان دەزگایەکی سەر بە مافی مرۆڤ چاودێری کارەکانی ئاسایش بکا.
٤. ئەو کەسانەی لە ئاسایش لا ئەبرێن ئەکرێ بگوێزرێنەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە

بە تایبەتی پێشمەرگە کۆنەکان کە ئازا و دڵسۆز بون بۆ یەکێتی.
٥. بایەخی تایبەتی بدری بە پۆلیس.
ا. هەندی بەشی تازە بکریتەوە وەکو بەشی مخدرات، تزویر، هەروەها هەیئەتیک بۆ تفتیش.
ب. بەشی (الادلە الجنائیە) بە هەمو کەلوپەلە پیویستەکانیەوە بکریتەوە.
ج. (مخافری حدودی) دابمەزرێنری.
د. چاویک بە هەمو دەزگاکانی‌دا بخشینریتەوە و ئەمیش بە هەمان شیوەی ئاسایش موتوربە بکری بە خوینی تازە و بە دەرچوانی جامیعەکان.
ە . بە پیی توانا پیویستیەکانیان لە سیارە، دەمانچە، خولی فیرکردنی لیکۆلینەوە، بۆ دابین بکری.
٦. کۆلیجی پۆلیس بۆ پیگەیاندنی ئەفسەر دابمەزرێنری.
٧. وەکو چۆن نەخۆشخانەی تایبەت بۆ پیشمەرگە تەرخان کراوە، ئەگەر لە تواناد‌ا بی نەخۆشخانەیەکیش کە تایبەت بی بە هیزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بکریتەوە.
٨. بایەخی تایبەتی بدری بە دادگا.
ا. محکمەی تمییز بەهیز بکری و ئەندامەکانی بە پیی قانون زیاد بکرین و، کەسانی لیوەشاوە بۆ الاشراف العدلی، الادعا العام، دیوان التدوین القانونی، رعایە القاصرین دابنری.
ب. سەرەتا ١٤ حاکمی تازە بۆ ئەم شوینانە تعیین بکری: بۆ دەوروبەری سلیمانی، کفری، کەلار، هەلەبجەی شەهید، هەلەبجەی تازە، پینجوین، چوارتا، دوکان، رانیە، قەلادزە، چەمچەماڵ، کۆیە، دەربەندیخان، سەید سادق.
ج. زەمینە خۆش بکری بۆ تعیین کردنی هەندی حاکمی تازە لە سلیمانی بۆ ئەوەی هەندی لەو حاکمانەی سومعەیان لە روی نەزاهەتەوە زڕاوە، تەقاعود بکرین یان بگویزرینەوە بۆ شوینی تر.
لە گەڵ ریزی بیئەندازەی نەوشیروان مستەفا سلیمانی، ١١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩

---

### ٧. دوەمین کۆنگرەی گشتی

یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان ٣٠/١/٢٠٠١ –٥/٢/٢٠٠١
٩ ی ٨ ی ٢٠٠٠:
زۆری ئەو هەوڵانەی من ئەیاندەم بە ئەنجام ناگەن. لە ناو م س و لە ناو حکومەت‌دا لە سەر کاغەز بڕیاری لی ئەدری بەڵام لە سەر ئەرز جێبەجی ناکری یان جێبەجی ئەکری بەڵام وا ئەشێوێنری ئەگەر دەستی لی نەدرایە باشتر بو. سەرانی دەستەبەندیەکانی ناو یەکێتی هەرچی بە قازانجی خۆیان نەبی تەگەرەی لی ئەدەن و پەکی ئەخەن، بەڵام زەمینەی ناو یەکێتی تا ئەندازەیەک لە بارە بۆ هەندی ئاڵوگۆڕ هیچ نەبی بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی و م س و کەمی چاکسازی لە ناو حکومەت‌دا. ئەم نامەیەم لە گەڵ ئەم پرۆژەیەدا دەربارەی گرتنی دوەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی بۆ مام جەلال نارد:

* برای گەورە و بەڕێزم مام جەلال
سڵاوێکی گەرم و هیوادارم هەمیشە شاد و سەرکەوتو بن
بە بۆنەی کۆبونەوەی ئەمجارەی سەرکردایەتی‌یەوە بە چاکم زانی بیروڕای خۆمت دەربارەی گرتنی کۆنگرەی دوەمی یەکێتی بۆ بنوسم:
١. ماوەیەکی درێژ بە سەر بەستنی کۆنگرەی یەکەم دا تێپەڕیوە، کە ئەگەر هەلومەرجی کوردستان ئاسایی بوایە ئەبو لە دوای کۆنگرەی یەکەمەوە تا ئێستا چەندین کۆنگرەی تری تێدا ببەسترایە.
٢. پێم وایە هەلومەرجی ناوخۆی یەکێتی و هەلومەرجی سیاسی ئێستای دەوروبەرمان لە بارە بۆ بەستنی کۆنگرە، بە تایبەتی کە ئێستا کێشە و گیروگرگرفت لە ناو یەکێتی‌دا کەمە و، ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا تا ئەندازەیەکی باش بەرقەرارە.
٣. وا پرۆژەیەک دەربارەی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی دوەم ئەنێرمە خزمەتتان، لەم پرۆژەیەدا ئەوەم لە بەر چاو گرتوە کە پێش کۆنگرەکە زۆری بابەت و کارەکانی کەلالە و ئامادە بکرێ و، کێشە و گیروگرفتەکان بەلادا بخرێن، بۆ ئەوەی کەمترین کێشە و گیروگرفت ببرێتە ناو کۆنگرە. هیوادارم کەڵکێکی هەبێ.
لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی     نەوشیروان     سلێمانی، ٩ ی ئابی ٢٠٠٠
*ئامادەکاری بۆ دوەمین کۆنگرەی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان
١. دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنگرە:
١. ١. شوێن: قەڵاچوالان، هۆلی شەهید شەهاب.
١. ٢. کات: دوا حەفتەی ساڵ.
٢. دیاریکردنی بەرنامەی کارەکانی کۆنگرە:
٢. ١. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی.
٢. ٢. لێدوانی پێڕەوی ناوخۆ.
٢. ٣. لێدوانی پرۆگرام.
٢. ٤. لێدوانی بەڵگەکانی تری کۆنگرە.
٢. ٥. هەڵبژارنەوەی سەرکردایەتی.
٣. پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە بۆ ئەنجامدانی:
٣. ١. ئامادەکردنی شوێنی گرتنی کۆنگرە و شوێنی مانەوەی ئەندام و میوانەکانی.
٣. ٢. ئامادەکردنی تەعدیلی پێڕەوی ناوخۆ و پرۆگرام و هەمو بەڵگەکانی تری کۆنگرە.
٣. ٣. سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتی نوێنەراتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بۆ کۆنگرە بە پێی ڕێنماییەکانی مەکتەبی سیاسی.
٤. هەڵبژاردن
٤. ١. کردنی هەڵبژاردنێکی تازە بۆ ئەندامێتی کۆنگرە.
هەڵبژاردنی پێشو بۆ ڕێکخستنی مەڵبەندەکان بوە نەک بۆ ئەندامێتی کۆنگرە، لە بەر ئەوە پێویستە هەڵبژاردنێکی تازە بکرێ بۆ ئەندامێتی کۆنگرە.
٤. ٢. دیاریکردنی ئەوانەی مافی بەشداری و دەنگدانیان هەیە لە ناو: مەڵبەندەکانی ڕێکخستن، مەکتەبەکان، دائیرەکانی حکومەت، هێزی پێشمەرگە، ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات دا.

لەمەدا پێویستە ئەم تێبینییانە ڕەچاو بکرێ:
٤. ٢. ١. هەڵبژاردن بۆ هەموان بکرێتە پێوانەی بەشدار بون و دەنگدان.
٤. ٢. ٢. جگە لە ئەندامانی سەرکردایەتی و ئیحتیاتەکانی، ڕێگە نەدرێ بە هیچ کەسێک بە بێ تێپەڕبون بە هەڵبژاردن دا بەشداری بکات، یان ئەگەر لە بەر هەر هۆیەکی مەعقول، بانگ کرا بۆ بەشداربون، نابێ مافی دەنگدانی هەبێ.
٤. ٢. ٣. هەندێ لە دەزگاکانی یەکێتی، بە تایبەتی مەکتەبەکان و دائیرەکان، پڕکراون لە کەسانی تەعینکراو، نەک لە بەر تێکۆشەری و زانایی، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی ژیانیان بۆ دابین بکرێ، بەشدارکردنی ئەمانە بە بێ تێپەڕین بە هەڵبژاردن دا، جۆرێک ئەبێ لە بێعەدالەتی.
٤. ٣. دیاریکردنی نیسبەتی نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی لە کۆنگرەدا. پێویستە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە لە ١,٥٠٠ کەس تێ نەپەڕێ و، نیسبەتی نوێنەرایەتی بەوجۆرە دیاری بکرێ کە تەنیا ئەم ژمارەیە بگاتە کۆنگرە.
٤. ٥. بۆ ئەوەی ماوەی دەستێوەردان نەدرێ و هیچ ئەندامێ نەتوانێ دوجار دەنگ بدا، پێویستە:
٤. ٥. ١. هەڵبژاردنی هەمو مەڵبەندەکان و دەزگاکانی تری یەکێتی لە یەک ڕۆژدا لە سەعات ٨ ی بەیانیەوە تا ٥ ی ئێوارە لە بارەگای مەڵبەند یان هەر شوێنێکی تر کە دیاری ئەکرێ، ئەنجام بدرێ.
٤. ٥. ٢. ئەوانەی ئەیانەوێ خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامەتی کۆنگرە بۆیان هەبێ حەفتەیەک پێش ڕۆژی هەڵبژاردن کورتەیەک لە ژیانی خۆیان و پلەی خوێندەواری و تێکۆشانیان بنوسن و، لە سەر لوحەی اعلاناتی مەڵبەند هەڵی بواسن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا دەنگدەران بیانناسن.
٤. ٥. ٣. لە لایەن هەیئەتێکی بێلایەنەوە کە یەکێتیان حاکم بێ سەرپەرشتی ڕەوتی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بکرێ.
* مام جەلال لە پەراوێزی چەپی سەروی نامەکەدا بە خەتی خۆی نوسیویتی:
هەڤاڵانی کارگێڕی بەڕێز
سڵاوێکی گەرم
هەمو ناوەرۆکەکەیم پێ باشە. گەر ئێوەش زیاد و کەمتان هەیە بفەرمون.
دو جاریش ئیمزای کردوە، جارێک لە سەری نوسینەکەی‌دا و جارێک لە خوارەوەی‌دا.
* ١٤ ی ١١ ی ٢٠٠٠:
مام جەلال کۆمیتەیەکی پێک هێناوە، بۆ ئامادە کردنی کۆنگرە، هەمویان لەوانەن کە ئەیانەوێ خۆیان دەربچنەوە و دەسەلاتداری ناو یەکێتی بن. لە کاروباری ناو یەکێتی‌دا نەک بێلایەن نین بەڵکو خۆیان لایەنن. بە چاکم زانی نامەیەک بنێرم بۆ مام جەلال سەرنجی بۆ ئەو کێشەیە ڕابکێشم. ئەمەش دەقەکەیەتی:
برای گەورەو بەڕێزم مام جەلال
سڵاوێکی گەرم
هیوادارم هەمیشە لە خۆشی‌دا بن
ئەو ڕۆژە کە باسی پێکهێنانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە کرا بڕیار درا: لە هەر

مەلبەندی یەکێ و لە هەر مەکتەبێ یەکێکی تێدا بێ. لە بەر ئەوەی هەندێ برادەر قسەکانی من بە جۆرێکی کە لێک ئەدەنەوە ئەو کاتە بە چاکم نەزانی هیچ تەعلیقێک بدەم. ئەمڕۆ بە هۆی کاک عومەری سەید عەلی‌یەوە زانیم کە جۆری پێکهاتنی کومیتەکە چۆنە. ڕاستیەکەی من هەندێ تێبینیم لە سەری هەیە، هەندێ لە برایانی کارگێری مەکتەبی سیاسی‌یش وەکو قسەم لە گەڵ کردن لەم ڕووەوە لە گەڵ من هاوبیرن، تێبینیەکانم ئەمانەیە بە چاکی ئەزانم عەرزی جەنابتانی بکەم:

١. ئەوانەی بونەتە ئەندامی کومیتەکە هەموویان لێپرسراوەکانی مەلبەند و مەکتەبەکانن، واتە ئەندامی م س یان کومیتەی سەرکردایەتین و، حالی حازر مەسئولی پلەی یەکەمن لە دەزگاکانی یەکێتی‌دا. بۆ ئامادەکردنی کونگرەیەک کە یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی کومیتەی سەرکردایەتی‌یە، ئەم هەموو ئەندامانەی کومیتەی سەرکردایەتی تێدا بێ، من بە باش و بە ڕاستی نازانم، چونکە ئەگونجێ بوتری ئەمانە لە ئێستاوە، لە ڕێگەی ئەم کومیتەیەوە، زەمینە بۆ هەڵبژاردنەوەی خۆیان خۆش ئەکەن.

٢. کارگێری مەلبەندەکان هەموویان بە هەڵبژاردن هاتون و لە ناو ئەواندا و لە ناو ئەندامانی مەکتەبەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و دەزگاکانی تردا کادری بە توانا و لێوەشاوە هەیە کە بۆ ئەم کارە ئەشێن، هەقە کومیتەکە لە نوێنەرانی مەلبەندەکان و مەکتەبەکان پێک بهێنری نەک لە مەسئولەکانیان، بەڵام ئەندامێکی کارگێری م س مەسئولیان بێ. بەمەیش هەم کومیتەیەکی بێلایەن دروست ئەبێ کە بنکە ڕێکخراوەییەکانی یەکێتی ئەوسا ناتوانن گلەیی لێ بکەن، هەم کومەڵێ کادری کەم ناسراویش لە ناو بنکەکانی یەکێتی‌دا زۆرتر ئەناسرێن و دێنە پێشەوە.

لە گەڵ ئەوپەڕی ڕێزی نەوشیروان سلێمانی، ٢٥ ی ئابی ٢٠٠٠

* ئەم نامەیە سودی نەبو چونکە کومیتەکە خۆی داینا بون و، کونگرەکەیان بەوجۆرە ساز ئەکرد کە ئەم ئەیویست، نەک بەوجۆرەی من پێشنیارم کرد بو، ئەترسا ئەمجارەش دەسەلاتەکانی کەم بکەنەوە.

* مام جەلال خۆی، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە، هەندێ خوی خراپی هەبوە وەکو:

............ (ئۆتۆسانسۆری سبەی کوژاندویەتیەوە)

بەلام لە هەمان کات‌دا هەندێ خوی چاکی هەبوە وەکو:

............ (ئۆتۆسانسۆری سبەی کوژاندویەتیەوە)

لە هەموی خراپتر ئەوەیە «نیفاقی سیاسی» بووە بە نەریتێکی پێڕەوی کراوی کارکردنی ڕۆژانە لە ناو ئۆرگانەکانی یەکێتی‌دا هەر لە سەرەوەی هەتا خوارەوەی.

* کۆبونەوە لە گەڵ مەکتەبەکان

لەو چەندانەدا، لە سەر داوای خودی مام جەلال، زنجیرەیەک کۆبونەوەم لە گەڵ ئەندامانی مەکتەبەکان دا ڕێک خست بۆ ئالوگۆری بیروڕا و یەکخستنی بیروبۆچونەکان لە سەر کێشەکانی ناو یەکێتی، لە سەر کونگرە، جۆری بەستنی، پێڕەوی ناوخۆ، پرۆگرامی سیاسی، نوێکردنەوەی یەکێتی و، جۆری پێکهێنانەوەی مەکتەبی سیاسی و دەزگا سەرکردەییەکانی.

بۆ هەمو کۆبونەوەکان د بەرهەممان بانگ ئەکرد. بەرهەم تازە گەڕابووەوە بۆ ئەوەی شارەزای دیوی ناوەوەی کارەکانی یەکێتی بێ. لەو کۆبونەوانەدا لە گەڵ دو لە

بەرپرسە باوەڕپێکراوە نزیکەکانی مام جەلال توشی دەمەقالێ بوم. من ئەمویست هەمو پرسیارەکانی خەلک و ئەندامانی بنکە ڕێکخراوەییەکان بە تونکل گراوی لە کۆبونەوەکان دا باس بکەم بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی چارەسەر کردنی دابنێین:
لە گەڵ مەلا بەختیار، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، چەندین مەسەلەمان باس کرد کە پێوەندی بە ڕێکخراوی پیشەییەوە هەبو. لە میانەی قسەکاندا پرسیم: ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بوین چەند جار کەوتوینەتە تەنگانەوە ژمارەمان کەم بوتەوە مەترسی لە ناوچونمان لە سەر بوە، بەلام هەرگیز نە کەسمان بە زۆر کردوە بە پێشمەرگە و نە کەسمان بە زۆر هێناوەتە ریزی ڕێکخستنەوە. ئیستا کە نە لە تەنگانەداین و نە مەترسی لەناوچونمام لە سەرە، گەنجی ٦ ساڵ سەرەتایی ئەخوێنێ، ٦ ساڵ ناوەندیو دواناوەندی ئەخوێنێ، ٤ ساڵ لە زانکۆ ئەخوێنێ، کە خوێندن تەواو ئەکا هەزار دالغە و خەیال و خولیا و ئارەزو لە سەریدایەتی. ئەیەوێ دابمەزرێ موچەیەک وەربگرێ بەشی ژیانی بکا. ئەیەوێ ژیانی خێزانی دامەزرێنێ، ئەیەوێ خانوی هەبێ تیا بژێ، ئەیەوێ هاوسەر بگرێ... ئیمە بەو وەزعەوە کە هەمانە ناتوانین هیچ کام لەو پێویستیانەیان بۆ دابین بکەین. کە ئەوە ناتوانین بکەین بۆچی بە زۆر «ئیستیمارەی ئینتیما» ی پێ پڕ بکەینەوە، بە بێ ئارەزوی خۆی بیکەن بە ئەندامی یەکێتی تەنیا بۆ ئەوەی دابمەزرێ.
مەلا بەختیار هەلچو، وتی: زانیاریەکەت ڕاست نیە. ئیمە بە زۆر کەس ناکەین بە یەکێتی.
وتم: زانیاریەکەی من ڕاستە و چەندین بەلگەم بە دەستەوەیە. ئەو هەر نکولی لێ کرد بۆ ئەوەی نەبێ بە شەڕ، بێ ئەوەی بگەینە هیچ کۆبەندیەک، کۆتاییمان بە کۆبونەوەکە هێنا.
* لە گەڵ ئەرسەلان بایز، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن و، بەرپرسی ئامادە کردنی کۆنگرە، چەندین مەسەلەی ڕێکخراوەییمان باس کرد. باسی مەلبەندەکان و مەکتەبەکان، هەلسەنگاندنی هەمە لایەنەی سیاسەتی یەکێتی، لە میانەی قسەکاندا پرسیم: ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی بە تەمان هەتا کەی لەو شوێنانەی خۆیاندا بمێننەوە ڕێگە نەدەن بە ئەندامی نوێ، بە تایبەتی گەنج، بێنە ناو دەزگا سەکردەییەکانەوە. جەوی کۆبونەوەکە گرژی تێکەوت. بۆ ئەوەی نەبێ بە شەڕ، بێ ئەوەی بگەینە هیچ کۆبەندیەک، کۆتاییمان بە کۆبونەوەکە هێنا.
ئەوانەی م س زۆربەیان بەستنی کۆنگرەیان پێ خۆش نەبو. نەیان ئەویست جارێکی تر بچنەوە بەردەم هەلبژاردن. ئەیانویست تا هەتایە لە پایەکانی خۆیاندا بمێننەوە. ئەرسەلان و مەلا بەختیار ئەوەیان کرد بە بیانو هانایان بۆ مام جەلال برد کە:
- من هەڤالان ئیهانە ئەکەم
- بەم جۆرە گفتوگۆیە ڕیزەکانی یەکێتی تێک ئەچێ، پشێوی تێ ئەکەوێ
- من ئەمەوێ یەکێتی تێک بدەم.
مام جەلال، لە سەر شکاتەکەی ئەوان، بێ هیچ لێکۆلینەوە و لێپرسینەوەیەک، کۆبونەوەکانی ڕاگرت. من ئەمەم بە لایەنگریی ئەوان و بە ئیهانەم دانا بۆ خۆم. جارێکی تریش بەلێن و کار و کردەوەکانیم هاتەوە بەرچاو. جارێکی تریش بە کردەوە دەسەلاتەکانی خۆی خراپ بە کار هێنایەوە و، سەلماندیەوە ئەوەی ئەیلێ جیاوازە

لەوەی ئەیکا.
بیرم کردەوە چی بکەم:
ئەمجارەش بڕۆمەوە بۆ دەرەوە؟ بێدەنگی هەڵبژێرم؟ فەرمانە ناڕاستەکەی جێبەجێ بکەم دەس لە دریژە پێدانی کۆبونەوەکان هەڵبگرم؟ بە گژیانا بچمەوە؟ وازیان لێ بهێنم، بە تایبەتی هێشتا هیچ زەمینەی ڕێکخستن یا ئاڕاستە کردنی هیچ جۆرە ناڕەزاییەکی کاریگەر دروست نە بوبو؟ بڕیارم دا واز بهێنم و، بیر لە ڕێگەیەکی تری کار بکەمەوە. من لە دڵی خۆم دا خەریکی تاووتوێ کردنی ئەو باسانە بوم نامەیەکی مام جەلالم بۆ هات.
ئەمڕۆ مام جەلال نامەیەکی درێژی بۆ ناردم. لە نامەکەدا بە لایەکی دا ستایشی زۆری کردوم و دەوری منی لە یەکێتی دا بەرز کردۆتەوە، بە لایەکی تری دا هێرشێکی دوژمنانەی توندی کردۆتە سەرم. هەمو ئەو قسە و قسەلۆکە ناڕاستانەی چەند وەختە ناحەزەکانم لە ناو باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی دا و لە ناو خەڵک دا بڵاوی ئەکەنەوە گوایا من دژی هەولێری و کەرکوکی و بادینی و یەزیدی و پێشمەرگەی کۆن و ژن و عەرەب و چی و چی... م ئەم لەم نامەیەدا هەموی بە کوردیەکی ڕون و ڕەوان لە دژی من «تەوسیق» و «تەقنین» کردوە. لە مێژ بو ئەم بیستەوە و، گومانم ئەکرد ئاشی بەرهەمهێنانی سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زۆری ئەو قسە و باسانە هاوڕێکانی خۆم بن، ئەم نامەیە گومانەکەی کردم بە یەقین.
ئەم نامەیە ئەشی بەشی بێ لەو جەنگە نهێنی و ژێر بەژێرە پروپاگەندەییەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە جۆرێکی سیستەماتیک لە ناو یەکێتی‌و دەرەوەی دا کاری لە سەر ئەکرد بۆ جێگیرکردنی خۆی‌و هەڵکەندنی من. لە پێش کۆنگرەی یەکەمەوە دەستی پێ کرد بو، لە ڕۆژانی کۆبونەوەکانی کۆنگرەی یەکەم‌دا بە فراوانی کاری بۆ کردو، دوای کۆنگرەش تا ئێستا درێژەی پێ ئەدا. ئەم نامەیەش نمونەیەکێتی. ئەگینا کەسێک پانزە ساڵی خۆشترین قۆناغی تەمەنی بە پێشمەرگایەتی لە شاخەکانی کوردستان‌دا بەسەر بردبێ‌و، لە جزیرەی سوریاوە بە پێ سنورەکانی سوریا، تورکیا، عێراق‌و سنورەکانی ئێران‌و تورکیاو عێراقی پێوا بێ‌و پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ سەدان تێکۆشەری سەرانسەری کوردستان دروست کردبێ، ئەچێتە عەقڵی کێوە ئەو کەسە ڕقی لە هەولێری‌و کەرکوکی‌و بادینی بێ.
لە خۆمم پرسی:
- تۆ بڵێی ئەم هەمو ساڵە من شێت بوبم بۆیە داومەتە شاخ؟
- تۆ بڵێی کەسی دیوانەی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانەکەی نەبێ کە کەرکوک‌و هەولێرو بادینان، بەشێکین بتوانێ بەرگەی پانزە ساڵی ژیانی پێشمەرگایەتی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بگرێ؟
- تۆ بڵێی ئەو هەموو جەولەو شەڕوشۆڕو ناخۆشییانەی لە ناوچەکانی هەولێر کردومەو زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەو کادیرو فەرماندەکانی هەولێرو خۆشناوەتی‌و باڵەکایەتی کە تا ئێستاش لە نزیکترین هاوڕێکانمن ڕاست نەبێ؟
لە خۆمم پرسی:
- ئایا ئەتوانم لەگەڵ کەسێک دا کاری جدی بکەم کە هەمو بۆچونەکانی منی لەسەر گۆڕینی شێوازی سیستەمی کاری حیزبایەتی کورت کردۆتەوە بۆ ئەم شتە شەخسیانە

کە هیچیان ڕاست نین؟
- ئایا ئەتوانم لەگەڵ سەرکردەو کادرانێکی وادا کار بکەم کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە چاککردنی ڕێکخستنی حیزب‌و داوودەزگاکانی، کەوتونەتە ململانێیەکی قێزەون بۆ پارێزگاری لە دەسەڵات و بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیان؟
- ئایا ئەتوانم درێژە بە کارکردن بدەم لەگەڵ سەرکردەیەکدا کە بە هاوکاری ئەوانەی لە خۆیەوە نزیکن بەردەوام پروپاگەندەی دوژمنانە بۆ هەر قسەیەکی من ئەکەن کە بێ مەبەست یان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وتومە؟
ئەوانە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستوتە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک چەواشە بکەن‌و بیروبۆچونەکانی من‌و هەوڵەکانی من بۆ ڕیفۆرمی ناوخۆی یەکێتی بە خراپ پیشان بدەن‌و بە ئاقارێکی تری دا ببەن.
- من باسی چاککردنی ئەدائی حکومەت ئەکەم ئەوان ئەڵێن ڕقی لە هەولێرە، لە بادینانە، لە کەرکوکە.
- من باسی چاککردنی ئەدای ئاسایش، ڕێکخستن‌و ڕێکخراوەکان ئەکەم، ئەوان ئەیخەنە قالبی تۆڵەو ڕق‌و قینەوە....
- من ئەمەوێ ئەم ئەزموونە ستالینییەی حیزب کۆتایی بێ‌و حیزبێکی داوودەزگای مۆدێرن دروست بکەین، ئەوان پروپاگەندەی موچەبڕین‌و دەرکردن‌و تۆڵەکردنەوەم دوا ئەخەن.
- من بیر لە تازەکردنەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئەکەمەوە، ئەوان ئەچن ئەمە وەک تۆڵەکردنەوە پیشانی ئەمو ئەو ئەدەن.
- من ئەمەوێ ئەخلاقی بەزۆرکردنی خەڵک بە حیزبی‌و تەزکیە نەهێڵین، ئەوان پروپاگەندەی خەڵک شکان‌و قسەی ڕەقم دوا ئەخەن.
لەم نامەیەوە ئیتر بە باشی‌و بێ هیچ گومان‌و دوودڵیەک تێگەیشتم کارکردن لەگەڵ ئەمانەدا ئاسنی سارد کوتانە. باسی هەر شتێک بکەیت‌و دەست بۆ هەر شتێک بەریت چەندان لێپرسراو بە فیتی ئەم دژی ئەوەستن‌و ناهێڵن هیچ کارێکی تیا بکەیت.
دوای ئەو هەموو پرسیارە ئەشێ جارێکی تر بتوانم لە گەڵ ئەم کابرایە کار بکەم؟
لەم وڵاتانەدا سەرکردە کە دروست ئەبێ، بە هەر بارێکدا بگۆڕێ، گۆڕینی ستەمە، مەگەر فریشتەی گیانکێشان، حەزرەتی ئیزرائیل، دەستاودەستی هێمنانەی دەسەڵات دەستەبەر بکات. جەمال عەبدوناسر لە میسر، ماوتسی تۆنگ لە چین، مەلا مستەفای بارزانی لە کوردستان، تا خۆیان نەمردن، لە دەسەڵات نەکەوتن، تەنانەت لە هەندێ وڵاتی ئەوروپیدا گەلان بە ڕێگەی دیموکراتی نەیانتوانی ئەو گۆڕینە بکەن: فرانکۆ لە ئیسپانیا، سالازار لە پورتوگال، تیتۆ لە یۆگوسلاڤیا، تا خۆیان نەمردن هیچ حیزب و هێزێ نەیتوانی بیان گۆڕێ.
بۆ ئەوەی ئازاد بم لە قسە و هەڵسوکەوتی خۆم دا بڕیارم دا وازهێنانی خۆم لە یەکێتی بە مام جەلال و م س بە نوسین ڕابگەیەنم:
* نامە بۆ م س
بەڕێز: مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سڵاوێکی گەرم و بە هیوای سەرکەوتنتانم لە خەبات و تێکۆشان دا
بەم نامەیە ئەمەوێ وازهێنانی خۆم لە ئەندامەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

پچڕاندنی هەمو جۆرە ئیلتیزامێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە گەڵی بە ئێوەی بەڕێز ڕابگەیەنم. لە گەل ڕێزی بێئەندازەی
نەوشیروان مستەفا ئەمین سلێمانی، ٦ ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٠
* وەڵامی یەکەمی مام جەلال
هەڤاڵ و برای خۆشەویستم کاکە نەوەی بەڕێز
سلاوێکی گەرم
شادی و خۆشیتانم داوایە.
هەر ئێستە نامەکەتانم وەرگرت. زۆرسوپاس. تکاو داوای برایانەم ئەمەیە: پەلە مەکەن لە بڕیاری توندوتیژ و «قاتیع». مادام مەسەلەکە لە نێوان خۆموخۆت دەستی پێ کراوە، با پێکەوە تیری بکەین بە نامە و قسەکردن ئەوسا بڕیاری وا بدەن. من نەختێ نەخۆشم ئەگینا ئەهاتم بۆ لاتان. هەرچۆنی بێت (صبری انقلابی) باشە.
هەر بژی بۆ برای دێرین و دلسۆزتان مام جەلال١١ \ ١١ \ ٢٠٠٠
* من وەلامی ئەم نامەیەم نەدایەوە و، فەرامۆشم کرد.
نامەیەکی درێژی تری بۆ ناردم کە زۆر زیاتر لە نامە درێژەکەی تر ستایش و پیاهەڵدانی تیدا بو. وەلامی ئەویشم نەدایەوە. من لە لای خۆمەوە بێدەنگیم لی کرد. ئیتر هیچ هیوایەکم بە ئیسلاحاتی مام جەلال نەما. بۆم دەرکەوت هەمو ئەو هەوڵانەی من لە گەل ئەوی ئەدەم بێ هودەیە و، هەمو ئەو شتانەی ئەویش دەربارەی بژار و چاکسازی و پاکسازی ئەیلێ هەموی قسەی روتە:
- بۆ گێرانەوەی دەسەلاتی، تەواوی بێ مشتومڕی، خۆیەتی بە سەر یەکێتی و پێشمەرگە و حکومەتدا.
- بۆ ترساندنی گەندەڵەکانە بۆ ئەوەی بینەوە ژێر باری گوێڕایەڵی ئەو.
- بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایی خەلک و ئەندامانی یەکێتی و پێشمەرگەیە.
لە بەر ئەوە بڕیارم دا فەرامۆشی بکەم و چیتر خۆمی پێوە ماندو نەکەم. وەلامی نامەکەیم نەدایەوە. ئەگەر جاران جاروبار لە هەندی کۆبونەوەی م س دا ئامادە ئەبوم ئیتر بە یەکجاری وازم لێ هێنا ئامادەی هیچ کۆبونەوەیەکی م س نەبوم. لەوەوپێش زۆر کەم سەردانی مام جەلالم ئەکرد وازم لەو کەمەیش هێنا. بە تەواوی خۆمم لێ دورخستەوە.
* لەو ماوەیەدا هەم سەلاح رەشید، کە وەزیری مافی مرۆڤ و، هەم شازاد سائیب کە وەزیری کشتوکال بو، لە گەل من لە هەمان مال ئەژیان.
شازاد بە نابەدلی لە ژێر گوشاری مام جەلالدا وەزارەتەکەی قبول کرد بو. پێش ئەوە نوێنەری یەکێتی بو لە تورکیا. زۆر کەم هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد.
سەلاح لە هەمومان زیاتر هاتوچۆی مام جەلالی ئەکرد. رۆژێکیان سەلاح پێی راگەیاندم مام جەلال پێی وتوە کە ئەگەر شەو لە مال بم، مام جەلال ئەیەوی بۆ قسە کردن بێتە سەردانم. پێم وت باشە لە مال چاوەڕێی ئەکەم، بەلام پێم خۆشە وەکو شایەت بۆ مێژو: تۆش و کاک شازادیش لە دانیشتنەکەدا بۆ گوێگرتن دابنیشن.
ئێوارە مام جەلال هات. سەلاح خۆی دزیەوە زوتر لە مال دەرچو بو بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبێ. شازاد مابوەوە، دوای ئەوەی ئیزنمان لە مام جەلال وەرگرت، ئەویش لە کۆبونەوەکەدا لە گەلمان دانیشت.

وتی: من ده‌س پێ بکه‌م یا تۆ؟
وتم: داواکه هی خۆته فه‌رمو جه‌نابت ده‌س پێ بکه!
وتی: من به نامه، به خه‌تی خۆم و به قه‌له‌مه‌که‌ی خۆم، ره‌ئی خۆمم له سه‌ر تۆ نوسیوه، ئه‌مه‌وێ بزانم ره‌ئی تۆ له سه‌ر من چیه و چی بکه‌ین. وتم: لێره بم یا له هه‌ر جێگایه‌کی دنیا بم دژی تۆ نابم. ئێستا جه‌نابت که‌سی یه‌که‌می ولاتی، سه‌رۆکی هه‌رێمیت، سکرتێری گشتی یه‌کێتیت، فه‌رمانده‌ی گشتی هێزی پێشمه‌رگه‌یت، ئه‌توانی فه‌رمانی کوشتنم ده‌ر بکه‌ی، فه‌رمانی گرتنم ده‌ر بکه‌ی، فه‌رمان بکه‌ی ولات به جێ بێلم. گه‌ردنت ئازاد بێ هه‌ر فه‌رمانێکیان ده‌ر ئه‌که‌ی من بێ به‌رگری جێبه‌جێی ئه‌که‌م، به‌لام به‌وپه‌ڕی سه‌راحه‌ته‌وه ئه‌ڵێم: باوه‌ڕم نه به خۆت و نه به قسه‌کانت و نه به حیزبه‌که‌ت و نه به سه‌رکردایه‌تیه‌که‌ی نه‌ماوه. نه دژتان ئه‌بم و نه ئیشتان له گه‌ل ئه‌که‌م. به‌مه کۆتاییمان به قسه‌کانمان و به دانیشتنه‌که‌مان هێنا.
له رۆژانی ٣٠ ی ١ تا ٥ ی ٢ ی ٢٠٠١ دوه‌مین کۆنگره‌ی گشتی یه‌کێتی به‌سترا: من له دانیشتنی یه‌که‌می رۆژی یه‌که‌می کۆنگره‌که‌دا، بۆ پیشاندانی یه‌کریزی یه‌کێتی، له ریزی «ده‌سته‌ی دامه‌زرێنه‌ر» ی یه‌کێتی دا، له سه‌ر خواستی زۆر له دۆست و هاوڕێکانم، به‌شدار بوم. ئه‌گه‌رچی له نزیکه‌وه چاودێری کۆنگره‌م ئه‌کرد، به‌لام له هیچ لیژنه و چالاکیه‌کی کۆنگره‌که‌دا به‌شدار نه‌بوم. دوای کۆنگره‌ش هیچ پۆستێکی حیزبی یا حکومه‌تیم وه‌رنه‌گرت.
ده‌سته‌به‌ندیه‌کانی ناو یه‌کێتی، به رێگای پیلانی ژێربه‌ژێر، هه‌ر یه‌که‌یان خه‌ریکی ده‌رچواندنی نوێنه‌ره‌کانی خۆیان بون. پێوه‌رێک نه‌بو بۆ ئه‌ندامه‌تی کۆنگره. مام جه‌لال، کۆسره‌ت، ئه‌رسه‌لان، «باج» یان بۆ حیمایه‌کانی خۆیان دابین کرد به‌شداری ده‌نگدان بن. سه‌دان که‌سیان هێنا به ناوی نوێنه‌رانی رێکخستنه نهێنیه‌کانی هه‌ولێر، که‌رکوک، بادینانه‌وه بۆ ده‌نگدان. مام جه‌لال، پیره‌وه کۆنه‌که‌ی به ئاره‌زوی خۆی دارشته‌وه، هه‌مو ده‌سه‌لاته‌کانی له ده‌ستی خۆیدا کۆ کرده‌وه. سه‌رکردایه‌تیه‌ک هه‌لبژێردرا مام جه‌لال به ته‌واوی فه‌رامۆشی کردن و، بێ پرس و ئاگاداری ئه‌وان ئه‌ندامانی م س دانا.
* کاتێ رۆژانه روداوه‌کان و باری سه‌رنجی خۆمم به زه‌قی و ره‌قی تۆمار ئه‌کرد، هه‌میشه ئه‌م به‌یته شیعره‌ی «نالی» م له دڵی خۆمدا ئه‌وته‌وه:
دڵم به‌رده، ئه‌گه‌ر شاخه، به چاوی سوکیی مه‌نوارێ
به خۆرایی نه‌سوتاوه، ئه‌میشه کێوی تورێکه!

٢٠٠٩/٢٥/١١

# پەنجەکانی نەوشیروان خەباتی هاوڕێکانی دەشێوێنێت

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی   ٠٩:٠٠   ٢٠٠٩/١٢/٠٤

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا، زنجیرە وتاریکی لەژێر ناوی لەنێوان مام جەلال و مندا لەسایتی سبەی بلاوکردۆتەوە، گەرچی نوسینەکەی بەقەولی خۆی باس لەپەیوەندی و کێشەکانی لەگەڵ مام جەلال دەکات، بەلام لەبەشێکی زۆری گێرانەوەکانیدا کۆمەڵێک تۆمەت و قسەی نارەوای لەسەر ئێمەو مێژوویی تێکۆشانمان لەناو یەکێتیی و سەردەمی بەرپرسیارێتیم لەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەڵبەستووە.
ئەگەر لەبەر هاوخەباتەکانم و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان نەبوایە، بەپێویستم نەدەزانی وەلامی ئەو تۆمەت و ناهەقیانە بدەمەوە، چونکە خەلکی کوردستان لەوە هوشیارترن کە بە پەلاماری نارەوا چەواشەبکرێن و خەلک دەزانن کێ خزمەتی ئەم میللەتەی کردووەو کێش لەقۆناغە هەستیارو چارەنووسسازەکاندا پشتی تێکردوون و جێی هێشتوون، بەلام هەندێ ناهەقی لەو نوسینەی کاک نەوشیرواندا کراوە کە وەلامنەدانەوەی دواجار بۆ مێژوو دەبێتە چەواشەکاری و رەنگە نەوەی نوێی میللەتەکەمان، بەحوکمی تەمەن لەمرۆدا، ئاگاداری وردەکاریی ئەو ڕووداوانە نەبن، بۆیە بەگرنگم زانی هەندێ لەو هەڵەو کەموکورتی و نارەوایەتیانەی باسیکردوون، ڕاستیانبکەمەوە.

## سەردەمی شەڕی ناوخۆ

پێموایە کاک نەوشیروان و هەموو ئەو هەڤالانەی ڕۆژێک لەڕۆژان پێکەوە خەباتمان کردبێ ئەو شایەتییەم بۆ دەدەن کە هیچ کات خۆم لەبەرپرسیارێتی نەدزیوەتەوە، ئەوەی لەمێژووی یەکێتیدا ڕوویداوە بەو قۆناغانەشەوە کە من ڕاستەوخۆ تیایدا بەشدارنەبووم، لەدامەزراندنی یەکێتیەوە تا ئەوکاتەی من چوومە شاخ، یەکێتی بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوەو تووشی شەڕی ناوخۆو لێکترازان و شکست و هەستانەوە هاتووە، هیچ کەس گوێی لێنەبووە ڕۆژێک لەڕۆژان باسی ئەوەم کردبێ ئەو بڕیارو هەڵانەی کە ئەگەر بڕیاری فەردی کاک نەوشیروانیش بووبێت وتبێتم ئەوە بڕیاری ئێمە نەبووە، (وەک ئەوەی ئێستا ئەو دەیکات)، مێژووی یەکێتیی شانازییەکانی بۆ هەموومانەو هەڵەو کەموکورتییەکانیشی دەبێ هەموو لێی بەرپرسیاربین، ئەمەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم خۆم نادزمەوە لەبەرپرسیارێتی شەڕی ناوخۆ کە نەوشیروان نوسیویەتی (لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا یەکێتیی تووشی شەڕێک بووە

لەگەڵ پارتی بەهەموو زلهێزەکانی دونیا ناکۆڕێتەوە)، بەڵام هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جەنابیشت شایەتن کە چەند دژی شەڕی ناوخۆ بووم، هەر بۆنموونە لەساڵی ١٩٩١ و تەنها دوای چەند مانگێک لە ڕاپەڕین. یەکێتیی و پارتی لەناوچەی دوکان بەهۆی کێشەوە هێزیان لەسەریەک کۆکردبووەوەو خەریکبوو ئاگری شەڕی ناوخۆ لەوێوە دەستپێبکات. هەمان ڕۆژ چوومە لای بەڕێز مەسعود بارزانی لەهاوینەهەواری سەلاحەدین و قسەم لەگەڵیان کردو ڕۆژی دواتر وەفدێکیان لەگەڵم نارد بۆ دوکان و لیژنەکەمان بردە لای جەنابی کاک مەسعودو کێشەکەمان چارەسەرکرد، ئەوکاتە من نە سەرۆکی حکومەت و نە جێگری سکرتێر بووم و تەنانەت کێشەکەش لەسنوری مندا رووی نەدابوو.

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ چەندینجار ئێوە گلەیی ئەوەتان لێدەکردم کە بەشداری شەڕی ناوخۆ ناکەم، دەتانووت هەولێر چ قودسیەتێکی تێدایە وا کۆسرەت ناهێڵی شەڕی ناوخۆ بچێتە هەولێرەوە، هەتانبوو کە ئێستا لەقیادەی گۆڕانە، وتبووی ئەگەر کۆسرەت بەشداری شەڕی ناوخۆ نەکات هەقە لەمەکتەبی سیاسی لایبەرین.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە دەیڵێم لەسەر داوای د.ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی (INC) کە ئەوکاتە یەکێک لەناوبژیوانەکانی شەڕی ناوخۆ بوو، کاتی مام جەلال و کاک نەوشیروان لەئەورووپاوە هاتنەوە شام و بڕیاربوو کاک مەسعود بچێتە ئیبراهیم خەلیل پێشوازییان لێبکات و پێکەوە بێنەوە، لەوکاتانەدا کاک نەوشیروان چەندینجار تەلەفۆنی بۆ من و بۆ برادەران دەکرد دەیوت شەڕو نیوە شەڕ هەریەکە هەمووی تەواوبکەن، منیش لەوەڵامدا پێم دەوت قەت شتی واناکەم! ئەوە ئێوەو بەڕێز چەلەبی و هەموو برادەران لەژیاندا ماون بۆ شاهیدی.

جا ئێستا خێرە وا ئۆباڵی شەڕی ناوخۆ لەخۆتان دووردەخەنەوەو دەتانەوێ بەوجۆرە مێژوو چەواشەبکەن؟ لەخەڵک بزرنابێ کە لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی شاخ و دوای ڕاپەڕینیش چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ ئێوە بڕیارتان لێداوەو سەرکردایەتیتان کردووە.

هەڵوێستی ئێمەش لەو ڕووەوە روون بووە، جەنابی کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دوای چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ، لەدیدارێکی تەلەفزیۆنی و دواتر چەندینجار لەکۆبوونەوەکان و لای دۆستە ناوبژیکارەکانمان ستایشی ڕۆڵی منی کردبوو کە دژی شەڕی ناوخۆ بووم و وەک سەرۆکی حکومەت ڕێگەم نەداوە شەڕ پەرەبسێنێ، وتارەکانی ئەوکاتەی د.ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی (INC) بەڵگەن لەسەر ڕۆڵی ئێمە لەڕێگەگرتن لەپەرەسەندنی شەڕی ناوخۆو لەمیدیاکانی ئەوکاتەو تەنانەت لەپەرلەمانی کوردستان چەندینجار باسی لەوەکردووە کە بەندە ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەم گێراوە لەوەی بەر بەشەڕی ناوخۆ بگرین.

پێشنیازدەکەم کاک نەوشیروان، کە خۆی وا نیشاندەدات پشت بەدیکۆمێنت دەبەستێت، بچێت پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە کە کاتی خۆی نەک یەکێتیی، بەڵکو برادەرانی پارتی چاپیان کردووە، یان ئەرشیفی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان ببینێ تا ڕاستییەکانی بۆ دەرکەوێت و لەنوسینەوەی مێژووەکەیدا تووشی هەڵەی وا گەورە نەبێت.

## بەئینقیلاب نەهاتینە حکومەت

لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا کاک نەوشیروان باسی سەرۆکایەتی ئیمە لەحکومەت دەکات و ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش توانجی ناڕەوا لەڕەوتی کارەکانمان دەدا، بۆئەمە پێم خۆشە چەند ڕاستییەک باسبکەم کە خۆی پێش هەرکەسێکی تر دەیانزانی.
پاش یەکەمین هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ و پێکهێنانی حکومەت، لەدابەشکردنی پۆستەکانی نێوان هەردوو براوەی هەڵبژاردندا پارتی سەرۆکی پەرلەمانی بەرکەوت و یەکێتیی سەرۆکی حکومەت، لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بەگشتی داواکرا کاک نەوشیروان ببێتە سەرۆکی حکومەت، وتی نایکەم، لێمان پرسی بۆ نایکەی؟ وتی، ئەگەر سەرۆکی حکومەتی باشە بۆچی مام جەلال خۆی نایکات؟ ئەوەبوو دواتر کاک د.فوئاد مەعسوم دیاریکرا، پاش ماوەیەکی کورت ئەوان کەوتنە دژایەتی کاک د.فوئادو دەیانویست لەناو حکومەت پایەی لاوازبکەن و لەناو خەڵکدا بیشکێنن.
هەرگیزیش تالبی سەرۆکایەتی حکومەت نەبووم و بەئینقیلابیش نەهاتووم، بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە بیرمە من و کاک شێخ دارۆی ڕەحمەتی و کاک سەعدی و کاک د.کەمال ئیجازە بووین و چووبووین بۆ ئەڵمانیا، مام جەلال داوای لێکردین بەپەلە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، گەڕاینەوەو لەماڵی مام جەلال کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا، لەکۆبوونەوەکەدا مام جەلال و کاک نەوشیروان و هەموو برادەرانی سەرکردایەتی داوایان لێکردم پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرم، خۆم ڕەئیم لێی نەبوو، وتم نایکەم، مام جەلال و مەکتەبی سیاسی بە کاک نەوشیروانیشەوە وتیان ئەمە بڕیاری پێشمەرگانەیەو دەبێ بیکەیت، منیش لەسەختترین کاتدا ئەو ئەرکەم قبوڵکرد کە هەڵوێستی سیاسی پارتی و یەکێتی یەک نەبوو، وەزیرو وەکیل وەزیر هەردووکیان خۆیان بە وەزیر دەزانی، سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت وەک یەک بوون، هەر لەسەر ئەوەش بوو مام جەلال و کاک نەوشیروان داوایان لێکردم ببمە سەرۆکی حکومەت، چونکە سەرۆکی پەرلەمان بەتەواوی لەدەستی پارتیدا بوو حکومەتیش وەک یەک بووین کە سەرەتا چوومە حکومەت، کوردستان لەبەردەم دوو ئابلوقەی ئابووریدا بوو، ئابلوقەی ئابووریی نێودەوڵەتی لەسەر عیراق و هی عیراق لەسەر کوردستان بوو، گیروگرفتی سنورو کێشەی هەرێمایەتیمان لەگەڵ دراوسێکان هەبوو.
ماوەیەکی کورت دوای ئەوە گەورەترین گرفت بۆ بازاڕی کوردستان دروستبوو کە ڕژێمی سەدام ٢٥ دیناری کشاندەوە کە بەشێکی زۆر لەم پارەیە لەکوردستان کاری پێدەکرا، ئێمە لەم کات و سەردەمە سەختەدا حکومەتمان وەرگرت.
لەوسەردەمەدا کاریگەری حزب لەسەر حکومەت ئاشکراو دیاربوو، ئەندازیاری ئەم پرۆسەی حکومەت و حزب تێکەلکردنە هەر خودی کاک نەوشیروان بوو کە وەک جێگری سکرتێری گشتی لەساڵی ١٩٩٣ بەرەسمی داوای لەمن دەکرد سەدان دۆنم زەوی لەسلێمانی تاپۆ بکەم بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کە یەکێ لەو زەوییانە شوێنی ئەم ئوتێلەی شاری جوانی کاک فاروقی مەلا مستەفا بوو.

ئەوە من بووم داوام دەکرد با حزب دەستوەرنەداتە ناو کاروباری حکومەتەوە، تەنانەت چەندینجار بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان هەردوو حزب و نێوان حزب و حکومەت، لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی پێشنیازم دەکرد با مام جەلال و کاک مەسعود خۆیان یەکێکیان حکومەت و یەکێکیان پەرلەمان وەرگرن، تا کەس دەست نەخاتە کاروباری حکومەتەوە، تەنانەت لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ دا وتاریکم پێشکەشکرد کە مام جەلال و کاک مەسعود ئامادەی پەرلەمان بوون، داوامکرد خۆیان بێنە ناو حکومەتەوەو با حزب و حکومەت لەیەک جیابکەینەوە، لەوێوە ئیشوکارەکان جێبەجێبکەن نەک لەدەرەوەی حکومەت و پەرلەمان، چونکە ئەگەر لەدەرەوە بڕیار بدەن ئەو دەورە ناگێڕن، (لەبەرگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٤ ی پرۆتوکۆڵەکانی پەرلەمان دەقی وتارەکەی تێدایە)، ئەمەی من دەیڵێم گێڕانەوەی بەمیزاج نییە، با کاک نەوشیروان بچێت بیانخوێنێتەوە.
برادەرانی مەکتەبی سیاسی، بەوانەی چوونەتە گۆڕانیشەوە، ئەو ڕاستییانە دەزانن کێ دژی جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت بوو؟ کێ دەیویست هەموو بڕیارەکانی حکومەت و تەنانەت بڕیار لەسەر دامەزراندنی کارمەندێکیش لەبارەگای حزب بدرێت، کاک نەوشیروان ئەوەندە زاڵبوونی هەیمەنەی حزبی بەسەر حکومەتەوە لا گرنگ بوو کە ڕەنگە پێویستم بەهێنانەوەی نموونە نەبێ، ئەم بیرەوەرییانەی خۆی کە بڵاویکردوونەتەوە پڕن لەنموونەی دەستوەردانی حزب لەحکومەت.
ئەوکات بژێوی خەڵک تا ڕادەیەکی ترسناک خراپ بوو، مووچەی فەرمانبەران بەئاسانی دابین نەدەکرا، حکومەت هیچ ئیمکانیاتێکی نەبوو، داهات نەبوو، میزانیە نەبوو، ڕۆژانە مەترسی پەلاماری هێزەکانی سەدام لەسەرمان بوو، ئاڵوگۆڕی بازاڕ نەبوو، کارو کەسابەت نەبوو، خەڵک لەمەینەتیدا دەژیان، دواتر ئاگری شەڕی ناوخۆش هەڵگیرسا، دەستوەردانی دەوروبەر لەناو هەرێم هەبوو، تیرۆر پەیدابوو، تەنانەت تیرۆر کاروانی هاتوچۆی خۆشمانی گرتەوە، باری ئاسایشی ژیانی خەڵک تێکچووبوو، گەنجان بۆ دەربازبوون لەو مەینەتیانە زۆریان ڕێگای هات و نەهاتی دەرەوەی وڵاتیان گرتەبەر، بریا کوردستان بەو هەلومەرجە سەختانەدا تێنەپەڕیایە بۆئەوەی هیچ گەنجێکی کوردستان ناچار نەبوایە ڕووبکاتە هەندەران، هەرچەندە بۆ ئەوکاتەش ئەمانە بوونە پشتیوانییەکی دارایی بۆ خێزان و کەسوکاری خۆیان و ڕۆڵیان هەبوو لەلایەک لەناساندنی کوردو کێشەکەی بەجیهان و زۆرێکیش لەوان توانیان خۆیان دروستبکەن لەئەوروپاو بوونە خاوەن بڕوانامەو شارەزایی جۆراوجۆریان پەیداکردو دواتر گەڕانەوە لەوڵاتەکەی خۆیاندا ڕۆڵی باشیان بینی لەگەشەپێدانی کوردستان، کەچی کاک نەوشیروان کۆچی گەنجیش وەک دیاردەیەکی مەوزوعی ئەو سەردەمە دەخاتە ئەستۆی ئێمەوە !!.

## پارەمان بەچی داوە؟!

کاک نەوشیروان لەشوێنێکی تری هەوڵدانی بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان تۆمەتێکی تری دروستکردووە کە دەڵێ: (لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەم برادەرەدا هەموو ماڵ و دارایی حکومەتەکە بەفیڕۆ ڕۆیشت...)، پێدەچی ئەم برادەرە بیەوێ لەمێژوودا

ئەوە بە هەڵگەڕاوەیی تۆماربکات کە خەڵک وابزانێ ئێمە لەساڵی ١٩٩٢ەوە بودجەو میزانیەمان لە ڕژێمی بەغداوە بۆ هاتووە، داهاتی حکومەتی هەرێم کۆکردنەوەی گومرگ بوو لەخاڵە گومرگییەکان و دەبوو مووچەی پێشمەرگە، فەرمانبەرانی حکومەت، کەسوکاری شەهیدان و ئیدارەدانی کاری ڕۆژانەی خەڵک و حکومەت لەگومرگ دابینبکەین، کاک نەوشیروان خۆی ئەوەندە بێ ئاگا نیشاندەدات لەواقعی کوردستان یەکێک نەزانێ بەندەری ئوم قەسرو قەناتی سوێس بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بووەو ڕۆژانە ملیۆنان دۆلار داهاتی گومرگەکانمان بووە!!.
خەمی گەورەی ئێمە ئەوەبوو داهاتی هەموو سنوری حکومەتی هەرێم بەشی ئەوەبکات مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگەی پێبدەین، ئەولەویەتمان دابینکردنی مووچە بووە، ئەگەر داهاتێکی زیاتریش هەبووبێت بەچی دراوە؟ دراوەتە پێشمەرگەی کەمئەندام و خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە، کاک نەوشیروان هەقیەتی ئاگای لەژیانی خەڵک نەبووبێت، چونکە لەهەموو ژیانیدا سەردانیماڵی چوار شەهیدو چەند پێشمەرگەیەکی نەکردووە، نەچووەتە گەرەکێک ماڵی هەژارێک بەسەربکاتەوە تا بزانێ خەڵک چۆن ژیاوە؟ وائێستا هاوکاری ماڵە شەهیدو پێشمەرگەیەک بەتاڵان و بەفیڕۆدان ناودەبات، ئەوەی کاتی خۆی ئێمە کردوومانە چەند گەرەکێک هەبوو دورلەمن و هەندێ خانووی حکومی کە دوای ڕاپەڕین ماڵە ئاوارەو پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان چووبوونە ناوی، ئێمە بڕیارماندا تاپۆی بکەینە ناوی کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکانەوە، هیچمان نەبوو پاداشتی ئەو خەڵکە تێکۆشەرەی خۆمانی پێبدەینەوە، خەڵکێک ئازیزترین کوڕی خۆی کردبوو بەقوربانی بۆ میللەتەکەی، ژن و منداڵەکانی بێ کەس مابوونەوە، خانوویەکی کۆنی بەعسمان پێداوە، ئایا بەمە کارێکی باشمانکردووە یان خراپ؟، بەقسەی کاک نەوشیروان بێت خراپمان کردووە!، ئەوکات ئابلوقەی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستان بوو شەڕی ناوخۆ هەبوو، چەند ساڵێک (سن و کیسەڵە) دای لەبەروبوومی کشتوکاڵی، گرانی لەناو خەڵک بڵاوببووبووەوە، ئایا کارێکی خراپمان کرد کە هیچ هۆکارێکی تر نەبوو بۆ ژیان؟!، ئێمە بڕیارماندا بەشێک لەگەنجانی وڵاتەکە دابمەزرێنین، پێم سەیرە کاک نەشیروان لەشوێنێ ڕەخنە لەحکومەت دەگرێت گەنجان سەری خۆیان هەڵگرتووەو لەشوێنێکی تر ڕەخنە لەئێمە دەگرێت کە گەنجانمان دامەزراندووە.
کاک نەوشیروان خۆی لەگێرانەوەکەیدا نوسیوویەتی داهاتی تەنها ٣٥٪ گومرگەکانی سنووری سلێمانی بۆ حکومەت بووە، من دەپرسم ئایا گومرگەکانی ناوچەی سلێمانی چەند بووە تا ڕێژەی ٣٥٪ ی بەشی هەموو کاروباری حکومەت و مووچەی فەرمانبەران بکات و با ئەوەشی زیادبووبێت ئێمە تەخشان و پەخشانی پێوەبکەین؟ ئەگەر حکومەتەکەمان بەوجۆرە بوایە کە ئەو دەڵێت ئەوە بۆچی خەڵک بەو پەرۆشی و دڵسۆزییەوە بەرەوپیری دەهات، کاک نەوشیروان و ئەوانەی وەکی ئەو بیردەکەنەوە باوەڕم وانییە بیریان چووبێتەوە کاتێ ئێمە دەچووینە هەر شارو شارۆچکەیەک دەیان هەزار کەس دەهاتنە سەر شەقامەکان و جگە لەخۆشەویستی چاوەڕوانی هیچی تر نەبوون لەئێمە، چونکە هیچمان نەبوو بیاندەینێ، بەڵام ئەوان متمانەیان بەحکومەتەکەی خۆیان هەبوو دەیانزانی بەچی بەدەستهاتووەو چۆن گەیشتۆتە ئەو ڕۆژەو مانەوەو پاراستنیشی بۆ میللەتەکەمان چەند گرنگ بوو؟ هەقوابوو کاک

نەوشیروان بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆماری ئەو رۆژە سەختانەی بلاوبکردایەتەوە کە بەچی مەینەتییەک دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکانمان کردەوە، چۆن توانیمان زانکۆو پەیمانگەکان دابمەزرێنینەوە، چۆن لەکۆلێژێکەوە دەستمانپێکردو کردمان بەزانکۆیەک کە کاک نەوشیروان بەشانازی بزانی موحازەرەی تیابلێتەوە، تا وایلێهات کە ئەو رۆڵە جوامێرانەی کورد کە بەهۆی زیندانیکردن و هەڵهاتنیان لەدەستی بەعس و بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە لەخوێندن مەحروم بووبوون ئەم پەیمانگەو زانکۆیانە بوونە دەرفەتی ئەوەی دوای چەندین ساڵ لەخەباتی پێشمەرگایەتی بگەرێنەوە سەر خوێندنەکانیان و زۆربەیان زانکۆو پەیمانگە تەواوبکەن، ئەمە هەقبوو کاک نەوشیروان وەک شانازییەک بۆ حوکمرانی کوردی باسی بکردایە، نەک وەک مەحسوبیەت و مەنسوبیەت.

## بۆ هاتمە سلێمانی؟!

لەجێگەیەکی تری نووسینەکەیدا دەڵێت: (وەختی حکومەتی هەرێممان تەسلیمی دەستی ئەم برادەرە کرد یەکێتیی لەزاخۆوە تا کفری بەدەستیەوە بوو، بەلام ئیستا ئەوەتا خۆی و حکومەتەکەی بەئاوارەیی لەسلێمانین)، کاک نەوشیروان ئەمە چەندجارێکە ئەو قەوانە لێدەداتەوەو مەسەلەی سلێمانیچێتی و ئاوارەیی دەوروژێنێ و کاتی خۆشی ویستی بیکاتە مەسەلەیەکی سیاسی و بەوهۆیەوە ناکۆکی بخاتە نێوان خەڵکی سلێمانی و هەولێرەوە، هەرچەندە زۆر برادەری خەڵکی سلێمانیش لەم هەڵوێستەی بێتاقەت بوون و نارەحەتن بەوەی هەرجارەی شعوری خەڵکی شارێک بریندارەدەکات بەناوی سلێمانییەوە، لەکاتێکدا سلێمانی پێش ئەوەی بۆ نەوشیروان مستەفا جێی شانازی بێت کە خوا وایکردووە لەوی گیرسابێتەوە، جێگەی فەخرە بۆ ئێمەو مانانی تێکۆشەرو پێشمەرگە، چونکە تیایدا ژیاوین و میوانداری کردووین، دۆست و خۆشەویستمان لەم شارە هەیەو ئێمەش خزمەتمان کردووە، تەنانەت تەرمی خۆشەویستەکانی خۆشمان لەم شارە ناشتووە کە ئەوەندە بەلامانەوە شارێکی خۆشەویستە.

گەرچی من وەکو کوردستانییەک بەیەک چاو دەروانمە هەموو شارەکانی کوردستان و هەمووی بە بەشێک لەجەرگی خۆم دەزانم و شانازیش دەکەم کە چواردە ساڵی تەمەنم لەم شارە بردۆتە سەر، بەلام هۆکار زۆربوون کە وەک نەوشیروان دەڵێ خۆم و حکومەتەکەم بێنە سلێمانی، خەڵک دەزانن ئێمە لەسەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی لێمان نەقەوماوەو نەهاتووینەتە سلێمانی، رووداوەکانی شەری ناوخۆ کە درێژکراوەی ململانێکانی رابردووە ئێمەی گەیاندە سلێمانی و بریا ئەو رووداوە تاڵ و تفتانەی رابردوو نەبوایەو بۆ خۆشی و سەیران روومان بکردایەتە ئەم شارە، پێموانییە لەبەرئەوەی کاک نەوشیروان کەوتۆتە بلاوکردنەوەی هەندێ لەوشتانەی خۆی مەبەستیەتی و بلاویاندەکاتەوە ئیتر مێژوو چەواشەبێت، چونکە مێژوو ون نابێ و ئەگەر رێککەوتنی درۆگیدا بە بنبەست نەگەیشتایە کارەساتەکان بەو ئاقارە نەدەچوون و هێشتا خۆشبەختانە زۆرینەی برادەران لەژیاندا ماون، ئەگەر مەسەلەکە پێسپاردن و بەرپرسیارێتی بێت ئەوە لەساڵی ١٩٨٧ و لەشۆرشدا مام جەلال کە سەفەری کرد هەموو ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی تەسلیم بە کاک نەوشیروان کرد، کەچی

کاتێ گه‌ڕایه‌وه کاک نه‌وشیروان له‌و هه‌موو ئه‌مانه‌ته ته‌نها قاسمه ره‌شی ته‌سلیم به مام جه‌لال کرده‌وه‌و هه‌موو ناوچه رزگارکراوه‌کانی له‌ده‌ستدا.
سه‌باره‌ت به‌وه‌ی نوسیویه‌تی (مام جه‌لال ده‌ڵێ کۆسره‌ت کرمانجه. خه‌ڵکی شار نییه، که به له‌هجه‌ی کۆیه ئه‌م وشه‌یه بۆ سوکایه‌تی پێکردنی پایه‌ی کۆمه‌لایه‌تییه)، ئه‌گه‌ر نه‌وشیروان ئه‌مه‌ی بۆ ئه‌وه‌بێ به‌وشێوه‌یه نێوانی من و مام جه‌لال تێکبدات، ئه‌وه به‌هه‌له‌دا چووه، ئێوه ئه‌وکاته‌ی له‌ناو یه‌کێتی بوون و به‌پێچ و ده‌ورا هه‌وڵتانده‌دا نێوانی من و مام جه‌لال تێکبده‌ن تا بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی خۆتان و به‌هێزبوونی نفوزو ده‌سه‌لاتتان به‌کاریبه‌رن، نه‌تانتوانی، چونکه تێگه‌یشتن و لێکدانه‌وه‌ی ئێمه له‌وه گه‌وره‌تربوو که هه‌ر جیاوازیی و ناکۆکییه‌کیش به‌و ته‌ریقه‌یه‌ی تۆ چاره‌سه‌ربکه‌ین.
ئه‌وه ئێمه نه‌بووین که له‌هه‌ر سه‌رده‌م و قۆناغێکی تێکۆشاندا کۆمه‌ڵێ تێکۆشه‌ر ببوغزێنین و ململانێمان له‌گه‌ڵ هه‌موویان هه‌بووبێ، ئه‌وه‌ی له‌بیره‌وه‌رییه‌کانی خۆیدا نوسیویه‌تییه‌وه که‌سی نه‌هێشتوته‌وه که به‌خراپ باسینه‌کات، خێره هه‌موو مه‌کته‌بی سیاسی خراپ بووبن، ته‌نها خۆی نه‌بێ! هیچ نه‌بێ ڕێزی ئه‌و ئه‌ندامانه‌ی مه‌کته‌بی سیاسی بگرێ که ئێستا له‌سه‌ر گرده‌که‌ن، ئه‌گه‌ر ململانێکان مه‌سه‌له‌ی گه‌نده‌ڵی ئیداریی و ته‌خشان و په‌خشانه، خۆ سه‌رده‌مانی کۆنفرانسه‌کانی کۆمه‌ڵه‌و خه‌باتی شاخ حکومه‌ت و ئیمکانیاتمان نه‌بوو تا گه‌نده‌ڵی تیابکرێت و سه‌روه‌ت و سامان ته‌خشان و په‌خشانی پێوه‌بکرێت، ده‌پرسم: ئه‌ی کێشه‌کان و ناکۆکییه‌کان و تۆمه‌ته‌کانی، ئه‌وکاته له‌سه‌رچی بوون؟!

## بێ ئاگایی له‌کۆنگره

کاک نه‌وشیروان هه‌ر له‌شوێنێکی تری نوسینه‌که‌یدا له‌باره‌ی کۆنگره‌ی دووه‌مه‌وه ده‌ڵێ: (پێوه‌رێک نه‌بوو بۆ ئه‌ندامێتی کۆنگره، مام جه‌لال، کۆسره‌ت، جه‌بار فه‌رمان، ئه‌رسه‌لان، باجیان بۆ حیمایه‌کانی خۆیان دابینکرد به‌شداری ده‌نگدان بن!) ره‌نگه ته‌نها ئه‌م قسه‌یه‌ی کاک نه‌وشیروان خۆی به‌س بێت بۆ وه‌لامدانه‌وه‌ی و به‌خه‌ڵک بڵێیت قسه‌کانی کاک نه‌وشیروان هیچ پێوه‌رێکی نییه، چونکه جگه له کاک نه‌وشیروان هه‌موو یه‌کێتیی ده‌زانن که هه‌ڤاڵی کۆچکردوومان کاک جه‌بار فه‌رمان نه‌خۆش بوو، به‌شداری کۆنگره‌ی دووه‌می یه‌کێتیی نه‌کردووه‌و ئه‌وکاته له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات بوو، که‌چی کاک نه‌وشیروان به‌وه تاوانباری ده‌کات باجی بۆ هه‌موو حیمایه‌کانی کردووه‌و به‌شداری ده‌نگدانیان کردووه، ئه‌مه ده‌لیله له‌سه‌رئه‌وه‌ی گێڕانه‌وه‌کانی تریش وه‌ک ئه‌وه‌ی کاک جه‌بار وایه‌و ئه‌وه‌یان چه‌ند جێی باوه‌ڕ و ڕاستین، قسه‌کانی تریش هه‌رئه‌وه‌نده ڕاستن.
ئێمه پێمان باش نه‌بووه بێین لاپه‌ڕه‌کانی یه‌کتر هه‌ڵده‌ینه‌وه و خیلافه‌کانی ئێستامان ببه‌ستینه‌وه به ڕابردووه‌وه، ئه‌گینا ئه‌وه‌ی کاک نه‌وشیروان له‌کۆنگره‌ی دووه‌م کردی چ پێوه‌رێکی تیابوو به‌عورفی کام وڵات و کۆنگره‌ی کام حزب ئه‌و مۆدێله‌ی داهێنا که پێش ئه‌وه‌ی په‌یڕه‌و و پرۆگرام قسه‌ی له‌سه‌ربکرێت پێش هه‌موو شت و له‌یه‌که‌م ڕۆژی کۆنگره‌دا دوای ڕاپۆرتی سیاسی سکرتێری گشتی بڕیاری هه‌ڵبژاردن درا،

سەرکردایەتیمان هەڵبژارد بۆ حزبێک کە هێشتا پەیڕەوو پرۆگرامی بۆ دانەنرابوو! ئەمە لەهیچ وڵاتێکی دونیادا نەبووەو کاک نەوشیروان ئەمەی فەرزکرد، بۆیە هەق نییە باسی پێوەرو یاساو ڕێسا بکات!

# من النضال المشترك الى التخوين

نوشيروان مصطفى

في يوم ٢٩ من شهر تشرين الاول ٢٠٠٩ ولغاية ٣١ منه عقد الاتحاد الوطني الكوردستاني في قاعة (تەلاري هونەر) (قصر الفن) في محافظة السليمانية وبحضور ١٦٠٠ شخص، البليونيوم الحزبي الرابع. وكان في توقع العديد من كوادر الحزب أن تسفر نتائج البليونيوم عن اصلاح ذات البين بين الاتحاد الوطني وقواعده الجماهيرية. وخلافا للتوقعات تأكد ان انعقاد البلينيوم كان لغايات أخرى .

وقبل انعقاد البليونيوم، فقد وصلني بعض الاقاويل العدائية الصادرة من فخامة رئيس جمهورية العراق السكرتير العام للاتحاد الوطني الكوردستاني السيد طالباني ممايخصني ويخص بعض رفاقي في حركة التغيير ووصلت بعض مقتطفات كلام الطالباني الى وسائل الاعلام وسمعها الكثيرون، لكنني لم أعير اهتماما لأي كلام الى ان دخل حيز الموقف الرسمي واعتبرت ماصدر عن طالباني مجرد انفعالا شخصيا و وقتيا لايستحق الرد. أما الان وبعدما تم نشر مجموعة كلام طالباني في وسائل الاعلام التابعة للاتحاد الوطني، فأرى من الضروري وأنا مضطر للاجابة عن كل التهم الصادرة والمفتعلة بحقي وحق رفاقي في حركة التغيير من قبل الطالباني .

ومن هنا أود التحدث بكل صراحة وأقول : يؤلمني أن تصل العلاقة بيني وبين طالباني الى هذا المستوى المتأزم المليئ بالاتهامات والتخوين. يحزنني وبعد مرور ٤٠ عاما من عمر النضال الرفقة الشخصية أن نتحدث مع بعضنا البعض بلهجة التخوين والاتهامات المتبادلة ولسبب واحد فقط وهو أني رفضت البقاء معه للعمل تحت مظلة حزبه .

أنا لم أتهم لاطالباني ولا أي واحد من قادة الكورد وساستها بالخيانة والعداء لكوردستان والعمالة للبعثيين والتذيل والارتباط بالجحوش مثلما فعل طالباني واتهمني واتهم رفاقي بذلك . كل ما في الامر أننا لم نجد سياسة طالباني في ادارة الحزب والوطن سياسة صحيحة ومناسبة ونعتقد ان السياسة المتبعة من قبله لاتنسجم ولاتحقق الشعارات الرئيسية التي من أجلها ضحى العديد من أبناء الكورد بدمائهم وهي « بناء وطن ديمقراطي قائم على

العدالة والحرية التي تحفظ كرامة كل المواطنين»
اننا نرى ان سياسة طالباني غير صحيحة وخاطئة، لكننا لانرى هذا الشخص خائنا أو عدوا لنا أو عميلا لعناصر خارجية بعكس طالباني الذي يضرب عرض الحائط ٤٠ سنة مشتركة من النضال المشترك والكفاح السياسي الدؤوب وينظر الينا ويصفنا كأننا عدو وضد مصالح كوردستان وكل هذا لسبب بسيط انه خسر امامنا بعض مقاعد البرلمان . ان الكلام الصادر ضدي وضد حركة التغيير من قبل طالباني في بلينيوم الحزب تجاوز كل حدود النقد السياسي بحيث وصل الى مستوى الاتهام الجماعي لكوادر حركة التغيير. اذا كان ماصدر عنه من اتهامات صحيحا فان ذلك تقتضي استدعاء أعضاء ومؤيدي حركة التغيير الى المحاكم أو تطبيق بحقهم احكام الاعدام. وبما ان طالباني ليس شخصا اعتياديا فلا يجب ان يمر كلامه دون جواب وأنا مضطر للاجابة عن كل اتهاماته تجاهي وتجاه رفاقي والتي وردت ورد في تقرير بليونيوم الحزب .
وعلى الرغم من أن طالباني قد ذكر في تقريره وبشكل اعتباطي أحداث أكثر من ٣٠ سنة مما يستلتزم كلامه أكثر من جواب وأكثر من تصريح لكني أرتأيت تأجيل ذلك للوقت المناسب والابتعاد عن الاسهاب والاطالة .

---

**يقتله ويمشي في جنازته!**

يقول طالباني في تقريره :

كان نوشيروان مصطفى وبدون علم السكرتير العام ونصف اعضاء المكتب السياسي وجناح (كومةلة) يصدر قرارات خاصة بتنفيذ بالقتل بحق أبناء المدن والقرى مما تسبب في خلق نوع من الخلافات بيننا وبين خط او جناح نوشيروان عام ١٩٨١ حتى وصلت الامور الى تهديدهم بترك الوطن اذا لم يكف جناح نوشيروان عن وقف آلة القتل في القرى والمدن

.. وعلى الرغم من ان تنفيذ هذه الجرائم واصدار بعض القرارات في بداية الامر كان يتم بشكل خفي دون علمنا لكننا وبعد مرور فترة وجيزة وعن طريق مسؤولينا في المدن عرفنا الحقائق و وقفنا على تحايلهم مما جعلنا ومكننا أن نضع حدا لهذه التصفيات الجسدية ... وكان ذلك بوادر الخلافات الاولية غير المباشرة بين الجناحين.. كان صراعا بيننا وبين مؤيدي استخدام العنف .

**بداية اقول : أنا لست من الناس الذين يتذرعون بالكذب !**

في عام ١٩٧٥ عملنا مع طالباني وبعض أعضاء مؤسسي الاتحاد الوطني الكوردستاني على وضع اللمسات الاولية على النضال السياسي والكفاح المسلح وذلك استعدادا لاندلاع الثورة الكوردية وكنت وباعتباري أحد أبرز المسؤولين في هذه الحركة من عام ١٩٧٥ وحتى عام ١٩٩١ والتي انتهت باندلاع الانتفاضة فانني وبحجم مسؤولياتي في هذه الحركة على استعداد لتحمل كافة التبعات والمسؤوليات الاخلاقية والسياسية عن كل الاحداث التي وقعت وكل من قتلوا نتيجة الثورة أو تضرروا سواء كانوا داخل صفوف الاتحاد الوطني او الاحزاب الاخرى او كانوا من المواطنين العاديين او في صفوف الحكومة العراقية وانا على استعداد للوقوف امام المحكمة التاريخية لشعبي وامام الله للاجابة عن كل شيء .

كان الاحرى بأي شخص ان يتحدث بهذا الشكل والمنوال باستثناء طالباني !

